# ڕاگەیاندن و ژیانی مۆدێرن

سەرۆ قادر

## یەکەم: دەبـێ وەك سیستەم تەماشای راگەیاندن بکەین

ڕاگـەیـانـدن سیسـتـەمـێکە لـە سیسـتـەمـە پـێکهێنەرەکـانی کـۆمـەڵگا. هـەر وڵاتـێك لـە ژیـانێکی نـیوە مستەقڕدا بژیـەت ناتوانێت بـەردەوامبێت ئـەگەر بەشێك لە ئعتمادی سـەرەکی لـەسـەر سیسـتەمی ڕاگـەیـانـدن نـەبێت. مـەبـەستم لـە سیستـەمی ڕاگـەیـانـدن تـەنـیا ئـەوە نـییە کـە ژمـارەیـەك دەزگـای ڕاگەیاندن لە وڵاتەکەدا هەبن تا بتوانن کار بکەن، ئەمە لایەنە حزوریەکەی ڕاگەیاندنە. بەشەکەی تری بەشداریکردنیەتی لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵك. لە ژیانی تاکێکەوە بگرە کە دەچێتە سەر کار، ئەو دەورەی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەیگێڕێ، جا ئەو تاکە چ سیاسی یان ئیداری یان هـەربوارێکی دیکەی کارکردن بێت. لەم سەردەمەدا سەختە مرۆڤ بتوانێ بە باشی و بە شێوەیەکی دڵخواز دەور بگێڕێ، ئەگەر لە پەیوەندی ڕاستەوخۆ و بەردەوامدا نەبێت لەگەڵ کۆمەڵگاکەی و بە شێوەی تایبەتی لەگەڵ مەجالی ئیشەکەی خۆی.

ئەگەر جارا ڕاگەیاندن بریتی بوبێت لە نوسینی وتار یان چەند گوتارێك لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن بۆ کاری سیاسی، لەم زەمانەدا ڕاگەیاندن فراوانتر بووە و شۆڕبۆتەوە ناو پەروەردەی ڕاستەوخۆ لە مـاڵ و پـەروەردەی گشـتی وڵات و ڕاپـەڕانـدنی کـار و تـەنـدروسـتی..ڕاگـەیـانـدن پـێویسـتییەکی چاولێنەپۆشراوە لە گەشەسەندن و پێشکەوتنی وڵاتدا. گەشـەسـەندن و پێشکەوتنی کۆمـەڵگادا، ناکرێ لە هەر بوارێکی دیاریکراودا بێ، ئەگەر لینکێکی لەگەڵ ڕاگەیاندن بۆ دروست نەکرێت، چونکە ڕاگەیاندن دەوری بەیەکەوە بەستنی هەموو بەشەکانی کۆمەڵگا دەبینێت. ئێمە فێربوین تەنیا بۆ کاری سیاسی گرینگی بە راگەیاندن بدەین ، ئەوە ناقیسە.

ڕاگەیاندن بەشدارییەکی ڕاستەوخۆی لە سیستەمی پەروەردەدا هەیە. لە هەر وڵاتێکدا پەروەردەی لـەگـەڵ ڕاگـەیـانـدن تـێکەڵ نـەکـرابـێت کـەمـوکـوڕیـیەکی زۆر لـە سیسـتـەمی پـەروەردەدا دەبـێت، پەیوەندییەکی باش لەبەینی ئەوانەی پەروەردە دەکرێن و ئەو ستافەی کە ئەرکی پەروەردەکردنی لە ئەستۆیە، لەگەڵ ئەو چاوەڕوانییەی کە کۆمەڵگا لە سیستەمی پەروەردەدا هەیەتی، ئەو پەیوەندییە

یەکتر تەواوکەرە، دروست نابێت ئەگەر ڕاگەیاندن لە ناو سیستەمی پەروەردەدا ڕێکنەخرێ و پەیوەندییەکی دیالێکتیکی نەبێت.

گرینگییەکی دیکەی ڕاگەیاندن لە سیستەمی دەسەڵاتدایە، مەبەستم لە دەسەڵات تەنیا بەدەستەوەگرتنی زۆرینەی پەرلەمانی و ئەنجومەنی وەزیران نیە. ئەگەر قسە دەوری دەربڕین دەبینێ لە ژیانی مرۆڤێکدا، ڕاگەیاندن دەوری قسەکردن و تەواسوڵ دەبینێت لە ژیانی کۆمەڵگایەك و لەگەڵ تێکرای دنیادا. ئەگەر قسەکردن و وشە لەگەڵ خۆیان پەیام و وزە دەگوازنەوە، هێز دەگوازنەوە، هەر ئەوەشە کە وا دەکات مرۆڤ لە مەبەستی یەکتر بگات و کاردانەوە و هەڵوێستی هەبێت، ئەوە وا لە مرۆڤەکان دەکات کە بە گەیاندنی قسە هەر یەك لە شوێنی خۆی بزانێت چ دەکات و چ ناکات یان هەڵوێستی چ دەبێت یان چ زانیارییەك وەردەگرێت. لەسەر ئاستی کۆمەڵگا و وڵاتدا ڕاگەیاندن ئەم دەورە دەبینێت، بۆیە پەیامی ڕاگەیاندن لەهەر بوارێکی دیاریکراودا، لەگەڵ خۆی دەوری گواستنەوە و مومارەسە کردنی هێزیش دەگێڕێت. سەرەنجام لە وڵاتدا سیستەمی ئیدارەکردنی وڵات، سیستەمی سیاسی یان وەك دەڵێن دەسەڵاتی سیاسی بەڕێوەناچێ و باش هەڵناسوڕێ و پەیوەندی باشی لەگەڵ دانیشتوانی وڵات نابێت، ئەگەر ڕاگەیاندن تێکەڵ بە سیستەمی سیاسی نەبێت. ڕاگەیاندن بە دەسەڵاتی چوارەم ناو دەبرێت، جیا لە دەسەڵاتی چوارەم، جاری وا هەیە حزوری پێش دەسەڵاتی یەکەم دەکەوێت. لە ڕووداو و لە کێشەکانی وڵاتدا دەیبینین. هەربۆیە بەشداری کردنی سیستەمی ڕاگەیاندن لە دەسەڵاتی وڵاتدا بە یاسا ڕێکدەخرێت، بەڵام یەکێك لە سیستەمە عەجول و زوو لەدەست دەرچووەکانی ناو وڵاتە، ئەگەر باش تەنزیم نەکرێت، باش پەروەردە نەکرێت، باش بەڕێوە نەبرێت، بە قەدەر سوپا و ئاسایش کۆمەڵگا ئازار دەدات(کاتێک دێنە ناو سیاسەت). ئەگەر باش بەڕێوە بچێت بە هەمان ئەندازە خزمەتی پێشکەوتنی ژیانی سیاسی و بەڕێوەبردنی دەوڵەت دەکات .

بوارێکی دیکەی کاری ڕاگەیاندن دەبێ بەشداربێت لە تەنزیم کردن و پڕۆسەی گەشەسەندنی ئابوری. ڕاگەیاندن تەنیا بریتی نیە لە گواستنەوەی قسەی سەرکردەکان، بەقەد ئەوەی لە بواری پەرەسەندنی ئابوریشدا دەوری گەیاندنی مەعلومات و گەیاندنی پەیام و گەیاندنی هەموو ئەو زانیاریانە دەبینێت کە ڕۆژانە لە ژیانی ئابوریدا پێویستن. ڕاگەیاندن تەنیا بریتی نییە لە قسەی ڕۆژنامەنووسان، بەڵکو بریتیە لە سیستەمێك کە بەشێکی ڕۆژنامەنووسانن و بەشەکەی دیکەی ئەو تەکنۆلۆژیا و ئامرازی گەورەی گەیاندنی زانیارییە کە لە دەرەوەی ڕۆژنامەنوسیش کاری خۆیان

دەکەن. ئابوری وڵات پێشناکەوێت کە ئەم سیستەمەی لەگەڵ خۆی تەنزیم نەکردبێت.

ڕاگەیاندن بەشدارە لەپاراستنی فەرهەنگی وڵات. فەرهەنگی وڵات کە پێکهاتووە لە باوەڕ و بەهای ئەخلاقی و داب و نەرێت و باری سایکۆلۆژی و ئەم تەسەورەی کە ئێمە بۆ ژیان لە وڵاتی خۆماندا هەمانە. ئەم فەرهەنگە (کولتوور) سیستەمێکی حەساسە، بەشێکی لەکار کەوتووە و ئازارمان دەدات، بەشێکیشی تازە دروست دەبێت و دەبێ بچەسپێت، بەشێکی دیکەی لە ناوەڕاستی کورلتووری وڵاتەکەیە و دەبێ بپارێزرێت. دەوری لە هەرسێکیاندادە بێت. لەو بەشەی کە بەکەڵك نەماوە دەبێ بڕوخێت، ئەگەر ڕاگەیاندن باش بەکار نەیەت لەوانەیە یارمەتی زیندو ڕاگرتنی ئەمانە بدات.ئەوکاتەیە کۆمەڵگا ئازار دەدات. بەڵام ئەگەر ڕاگەیاندن باش بەکار بێت ئەوا لەگەڵ کۆمەڵگا یارمەتی زووتر بەلاوەنانیان دەدات. لە بەشی دووەمدا بەشدارە لەوەی کە دەبێت بمێنێت، بەشدار دەبێت لە چەسپاندن و گەیاندن و بڵاوکردنەوەی ئەو بەشە لە کولتووری وڵاتەکەمان کە تازەیە و دەبێ ماندوو بین تاکو وەریدەریدەگرین. ئەگەر ڕاگەیاندن لەباری سێیەمیشدا باش بەکار نەیەت لەوانەیە لە دژی بوارە تازە پێگرتووەکە بوەستێ و کۆمەڵگا لە پاشکەوتن و ئاژاوەدا بهێڵێتەوە. ئەمانە هەمویان بە تەجرەبە لە وڵاتی ئێمەدا هەن و تەجرەبەی زۆری تریش لە دنیادا هەیە.

بەشێکی تری کاری ڕاگەیاندن، بەیەکەوە بەستنی ناوچە جیاجیاکانی وڵاتە. دوایی بەیەکەوە بەستنی وڵاتە لەگەڵ هەموو دنیا. لە قۆناغی مۆدێرندا تەنیا هۆکاری ئابووری و ئیداری نیە کە ژیانی کۆمەڵایەتی تێکەڵ دەکات و بوونێکی یەکپارچە لەناو وڵاتێك یان میللەتێك دروست دەکات. ئێستا ڕاگەیاندن تاکە لایەن نییە بەڵام لایەنێکی هەرە کاریگەری پێکەوە بەستنەوەی داب و نەرێت و شێوەزار و سیستەمی ژیان و ڕوانگای سیاسی و هەموو ئەو تەوەجوهانەیە کە لە ناوچە دوورەکانی وڵاتێکدا هەن و بەئاسانی تێکەڵی یەکدی نابن. وڵاتی ئێمە لەو ڕووەوە لە ئازاردا دەژیت. بۆ نموونە لە وڵاتدا ئێستا کێشەیەکی گەورە لەسەر زمان هەیە. وڵاتەکەمان دابەش بووە بەسەر دوو شێوەزار هەرچەند دەکەین تێکەڵ نابن. ئەمە دیاردەیە ڕەگ و ڕیشەی هەیە. ڕاگەیاندن دەورێکی گەورە دەبینێ لە لێکدی نزیك خستنەوەیان یان دوور ڕاگرتن، لە پێشنیاری چارەسەر یان لە ونکردنی چارەسەرییەکان. لە ڕووی ئیدارییەوە وڵاتەکەمان بووە بە سێ ئیدارەی لێکتر جیاواز. ڕاستە ئەوە ژیانی سیاسی وای لێکردووە، بەڵام ڕاگەیاندن دەتوانێ لە سەرەوەی ژیانی سیاسیش هەوڵبدات بیانبەستێتەوە بەیەکەوە_ ئەگەر ڕاگەیاندنێکی باش بێت. ئیدارەیەك لە هەولێر و یەك لە سلێمانی و یەکیش لە کەرکوك هەیە. ڕاگەیاندن دەتوانێ دەورێکی خەراپ ببینێ ئەگەر بیەوێ دەور

خەراپی بکات بە پەیامی خۆی.

ئەرکێکی دیکەی ڕاگەیاندن بەستنەوەی ئێمەیە بە دنیای دەرەوە. هیچ کۆمەڵگایەك ناتوانێ بەرەو پێشەوە بچێ ئەگەر نەزانێت دەبێ لەگەڵ جیهان تێکەڵ بێت. پرۆسەی بەجیهانیبوون مانای ئەوە نیە خۆت لە دنیا بەجێبهێڵی یان لە ون بوون لە کولتوورێکی گشتی کە لەملا و ئەولا بۆت دێت. ئێمە لە کوردستان بۆماوەی مانگێك ناتوانین بژین ئەگەر تەواسوڵمان لەگەڵ دنیادا نەبێت. بەتایبەتی کە کۆمەڵگایەکی مەسرەفی مەسرەفین، جاران ماست و سەوزەمان هەبوو ئێستا ئەویشمان نیە. کەواتە ڕاگەیاندن ئەو دەورە دەبینێ کە ئێمە چۆن دەکرێ شوێنی خۆمان لە سیستەمی جیهاندا ببینینەوە ،بەکام لادا پێشکەوین و لە کوێ خۆمان بپارێزین. ئەمەی تا ئێستا باسم کرد دەروازەیەك بوو بۆ چوونە ناو باسی ڕاگەیاندن.

ئێستا هەرێمی کوردستان یەکێك لە چوار پارچەکەی کوردستانی گەورەیە کە بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی لە پێناو ڕزگاری نین، بەڵکو ئێمە ڕزگار بووین، ئێستا کەموکوڕی تەواوکردنی قۆناغی ڕزگاریمان هەیە: لە گەڕاندنەوەی ئەو ناوچانەی دابڕاون، کێشەی یاساییمان لەگەڵ عێراق هەیە. دوای ئەوە هیوادارم بگەینە ئەو قۆناغەی کێشەی یاساییمان لەگەڵ دنیاش چارەسەر بکەین و شەرعییەتی نێودەوڵەتی وەربگرین و سەرەنجام دەوڵەتێکی سەربەخۆمان هەبێت. هەڵبەت بە کردەوە ئێمە ئێستا دەوڵەتێکین بەڕێوەدەچین، کۆمەڵگایەکین خسوسیاتی خۆمان هەیە بۆیە دەبێ مامەڵە لەگەڵ ڕاگەیاندن بکەین لەسەر ئاستی کۆمەڵگای کوردستان یان هەرێمی کوردستان. بەشێکی سیستەمی سیاسیمان پەیوەندی بە عێراقیشەوە هەیە. بەڵام لە ڕاستیدا ژیانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێمە لە عێراق تەواو دابڕاوە، بۆیە بەشێوەیەکی ناخوداگا کاتێك بیر دەکەینەوە و قسە دەکەین باسی عێراق ناکەین. ئەوە حاڵەتێکی دەروونی سەربەخۆییانەی زۆر باشە. ئەوە واقیعی بیست ساڵەی ئێمەیە.

بۆیە دەبێ بە دیقەت بزانین شوێنی سیستەمی ڕاگەیاندن لە پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردستان دەکەوێتە کوێوە؟

بانکی زانیاری لە کوردستان بانکێکی هەژارە، نەك تەنیا هەژار هەر هیچی تێدا نیە، ئەوە کەموکوڕییەکە و بۆ حکوومەت دەگەڕێتەوە بە فەرد و دەزگایەکی دیاریکراویش ناکرێت. بەداخەوە

حکوومەت بیست ساڵە نەگەیشتە ئەو قۆناغەی کە بە جدی بیر لە دامەزراندن و لە دەوڵەمەند کردن و تەنزیم کردنی حەیاتی کۆمەڵگاکە بکاتەوە. سەربارى ئەوەش دەبێ لەبەرچاومان بێ کە پانتایی سیستەمی ڕاگەیاندن لە ژیانی کۆمەڵگادا۔ ئەوەی کە زۆر سەرنج ڕاکێشە۔ لەسەر ژیانی سیاسییە. چونکە وڵاتێکی بە تەنگوچەڵەمەین، لە هەر وڵاتێکیش تەنگوچەڵەمە هەبێ ژیانی سیاسی دێتە پێشی پێشەوە و بوارەکانی دیکە پاشەکشێ دەکەن.

هەر وڵاتێك ژیانی سیاسی و دەنگوباسی سیاسی لە دواوەی بایەخەکانی دیکەی بێت، نیشانەی پێشکەوتن و بەرهەمهێنان و ژیانی ئاساییەکی قوڵ و عەمودییە. سەربارى ئەوەی بەشێکی زۆری وزەی ڕاگەیاندنی ئێمە لەو بوارەدا سەرف دەکرێ. ڕاگەیاندنی کوردستان وا تەنزیم نەکراوە بە شیوەیەکی بەرنامە بۆداڕێژراو لە هەموو بوارەکانی دیکەی کۆمەڵگا بەشداربێت.تایبەتمەندی ڕاگەیاندن ئەوەیە ئەگەر تەنزیمیش نەکرێت کاریگەری خۆی دەکات. بەڵام کاریگەریەکە بە ڕێکوپێکی نەبێت ئەوا باش نابێت. بۆ نموونە بۆیە سیستەمی ڕاگەیاندن لە کوردستاندا کاریگەرییەکی باشی لەسەر بواری پەروەردە نیە. سیستەمی ڕاگەیاندن لە کوردستاندا کاریگەرییەکی باشی لە بواری کێشە کۆمەڵایەتییەکان - ئەوەی پەیوەندی بە مافەوە هەیە- نیە، سیستەمی ڕاگەیاندن لە کوردستاندا بە دیقەتەوە کار لەسەر بەهاکانی ئەخلاقی ناکات، لەوانەیە هەر نەشیزانێت. بەڵام ئایە کاریگەری دەکات یان نا؟ بە دڵنیاییەوە کاریگەری هەیە.

٢

سیستەمی ڕاگەیاندن لە کوردستاندا دەورێکی خراپی لەسەر دروستکردنی شەخسیەتدا هەیە. مەبەستم لە دروستکردنی تیپی شەخسیەت لە وڵاتە. ڕاگەیاندن وێڕای سیستەمەکانی دیکە هەمیشە دەورێکی خێرا دەگرێ ، نموونەی ئیجابی زوو دەناسێنی، کاریگەر دەبێت لە ڕەخنەگرتن لە تیپی کەسایەتییەکان جا کەسایەتی سیاسی، زانستی، ڕۆشنبیریی و تا دوایی.

سیستەمی ڕاگەیاندن لە کوردستاندا لە پێکەوە بەستنی ناوچەکانیشدا دەورێکی سەلبی دەبینێ، چونکە تەنزیم نەکراوە. ئەو ڕاگەیاندنە جیهانییە کە دنیا بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بەکارهێنانی لە هەرێمی کوردستاندا تاکو ئێستاش لەسەر ئاستی پارێزگا و ناوچە و شێوەزاری ماوەتەوە.//

لە بواری گەشەسەندنی مرۆڤایەتیدا ، کە مەبەست لەوە ئاشکرا کردنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و چالاك کردنی ژیانی کۆمەڵایەتی و مەسەلەی ژنان و پیکهاتە دینییەکان و بەشداریکردنە لە

کارکردن، لەم پێکهاتانە هەمووی، سەرەنجام دروستکردنی کۆمەڵگایەکی چالاکە، تا هەموو وزە و توانایی عەقڵی کۆمەڵگا بکەوێتە یەك پرۆسە. ڕاگەیاندن لەو بوارەدا دەورێك دەبینێت بەڵام ئەو دەورە نییە کە بەرنامەی بۆداڕێژرا بێت.

تا ئێستا لە پەروەردەی وڵاتدا ،دەزگاکانی ڕاگەیاندن  لە بەرنامەیاندا نییە لە کاری پەروەردەدا بەشدار ببن ، بەڵام لە بەرنامەدا نەبوون بەو مانایە نییە کە حزوریان لە کاری پەروەردەدا نییە. حزور هەیە بەڵام حزورێکی هەڕەمەکییە. خودی وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا هیچ گرینگییەك بەو بوارە نادات.

ڕاگەیاندن دەکرێ پێ بە پێی وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا بەشدار بێت لە گەیاندنی زانیاری و زانست بە قوتابیان، لە باخچەی ساوایانەوە بگرە تا دەگاتە زانکۆ. ئەوەش سەلبیاتەکانی دیارن.  چەندە سیستەمی پەروەردە لە وڵاتی ئێمەدا کەموکوڕی هەبێت زانیاری ناگاتە خەڵك یان ڕاگەیاندن بە دەوری خۆی هەڵناستێت کە ئەو پەیوەندییە ڕێکوپێکە لە بەینی پەروەردە و دایك و باوك و کۆمەڵگادا دروست بکات. هەر بۆیە ئەگەر لە پەروەردە و زانکۆدا کەموکوڕی هەبێت ئێمە لە ماڵ یان لەسەر کار نایزانین. ئەوەش دەبێ یەکێك لەو ئامانجانە بێت کە کاری لەسەر بکرێت .

لە ژیانی ئابووریدا ڕاگەیاندن تەنیا ڕیکلام دەکات، بەڵام هیچ دەورێکی ئیجابی نابینێ تا کۆمەڵگا یان ناوەندەکانی ئابووری بەیەکە ببستنەوە، بەیەکەوە بەستنەوەیەکی زانیاریی. ئێمە نازانین ئابووری وڵات چۆن بەڕێوە دەچێت، کەموکوڕییەکانی چین. لە قەیرانێکی گەورەی ئابوریداین باوەڕناکەم هیچ مەرکەزێکی ڕاگەیاندن دوو سەعاتی بۆ تەرخان بکات  تا هاووڵاتی تێبگەیەنێ  لە تەنگوچەڵەمەی ئابوریداین. بەشێکی زۆری دەنگوباسی سیاسی و گۆڕینەوەی زانیاری وڵاتانی مستەقڕ بە گۆڕینەوەی زانیاری ئابووریی بەڕێوە دەچێت، زۆر جار دەنگوباسی ئابووری دەبێتە دەنگوباسی سیاسی و هی سیاسیش دەبێتە کێشەی پەرلەمانی و دەبێتە موشکیلەی گەورە تا حکوومەت باش خۆی بەڕێوەببات. سیستەمی ڕاگەیاندنی ئێمە لەو بوارەشدا غیابێکی زەقی هەیە.

ڕاگەیاندنی ئێمە لە کێشە کۆمەڵایەتییەکانیدا مونەزەم و زانا نییە. سیستەمەکە وا تەنزیم نەکراوە کە هەموو ناوەندەکانی کۆمەڵایەتی کە  پێویستیان بە ڕاگەیاندنە، زانیاری خۆیانی لێ وەرگرن . بۆ نموونە هەموو ئەو کەموکوڕی و سەرکەوتنانەی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا هەیە، لە کاری ڕاگەیاندندا بە زەحمەت دەیبینین، یان دەکرێتە پاشکۆی پاڵەپەستۆی سیاسی و بۆ هەندێ بەکار دێت، کە

ئەویش ئەو پەیامە کۆمەڵایەتییە باشە ناگەیەنێ کە دەبێ ڕاگەیاندن بۆ کۆمەڵگاکەی بیکات، یان ئەوەتا زیادەڕۆییەکی زۆری تێدا دەکات و دەبێتە مایەی گرفت.

هەڵبەت ڕاگەیاندن تەنیا بریتیی نییە لە دەزگاکانی ڕۆژنامە و تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و سایتە ئەلیکترۆنیەکان، هەموومان لینکێکی گەورەمان لە ڕێگەی مۆبایل و تەلەفزیۆن و ئینتەرنێت لەگەڵ هەموو ناوەندەکانی راگەیاندنی خۆمان و جیهان هەیە هەڵبەت بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ. پرد هەیە، ئەو پردە وڵاتی ئێمە دروستی نەکردووە، بەرهەمی تەکنۆلۆژیای جیهانە، بەرهەمی بەجیهانیبوونە و دێتە ناو ژیانمان و لێشمان ناپرسێت. دەبوو سیستەمی ڕاگەیاندنی ئێمە لەناو سیستەمی کۆمەڵگادا بە شێوەیەکی ئەوتۆ تەنزیم ببوایە کە ئەو زانیاریانە بگوازێتەوە کە کۆمەڵگاکەی پێی دادەسەکنێ، توانای کۆمەڵگا کۆدەکاتەوە بۆ ئەوەی بەرەو پێشەوە بچێت، توانای ژیانی سیاسی کۆدەکاتەوە بۆ ئەوەی باش بەڕێوەبچێت. ڕاگەیاندن دەبێ لەو بوارەدا نەك هەر حزور بەڵکو لایەنێك بێت. سیستەمێکی کاریگەر بێت لە ژیانی کۆمەڵایەتیمان.

یەکێك لە کەموکوڕییەکانی حکوومەت و سیستەمی بەڕێوەبردنی کوردستان لەماوەی بیست ساڵدا ئەوەیە کە لەو بوارەدا هیچ بیری نەکردۆتەوە.گرفتەکە تەنیا ئەوە نییە کە ڕاگەیاندن لەدەستی حیزبەکاندایە، دەزگاکانی ڕاگەیاندنی سەرەکی کە پێیدەگوترێ تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە لە دەستی حیزبەکاندانە بەڵام خۆ سیستەمەکە هی حیزب نییە. بە پێچەوانەوە دەبێت حکوومەت ئەو بواری فراوانی جیا لە ڕۆژنامە و تەلەفزیۆن، ئەو هەموو پردە ئەلیکترۆنییانە ڕۆژانە ژیانی شەخسی و ئیداری و سیاسی و کارکردن رێکبخەن. ژیان بەبێ ڕاگەیاندن بەڕیوە ناچێت.

ئەگەر بمانەوێ بزانین لە هەولێر باران دەبارێ یان نا، دەتوانین لەسەر مۆبایلەکەمان هیچ منەتمان بە حکوومەتی نیشتمانی خۆمان نەبێت و لە پێگە جیهانییەکان وەریبگرین، بەڵام چونکە مەرکەزەکە لێرە نییە، درۆیەکی گچکەمان لەگەڵ دەکات و دەڵێ سبەی دەبارێ بەڵام سبەی نابارێ دوو سبەی دەبارێ!

ئەگەر لە کوردستاندا تەنزیمێکی ڕاگەیاندنی باش لەگەڵ ژیانی کۆمەڵایەتیدا هەبێت، ئەمانە هەمووی بە هاووڵاتی دەکات.

لە مەسەلەی تێکەڵبوونی ئێمە لەگەڵ جیهان، سیستەمی ڕاگەیاندنی ئێمە هیچ بەرنامەیەکی داڕێژراوی نییە. بمانەوێ یان نا، ئێمە لەگەڵ دنیا تێکەڵ بووین بەڵام بە شێوەیەکی هەڕەمەکی. ئەو

تێکەڵبییە کار لە زمانمان دەکات، لە ئابووریمان کە هەر پاشکۆین و هیچ، کاریگەری لە قەناعەت و قییەم و ئەو تەسەورە دەکات کە دەبێ بۆ ژیان هەمانبێت. ئەمەشیان ئەگەر تەنزیم نەکرێت ئەوا ئێمە هەر تێکەڵ دەبین، بەڵام بە جۆرێك تێکەڵ دەبین کە تێیدا بزربین. ئەگەر تەنزیم بکرێ ئەوا دەبێ حکوومەت لە هەموو بوارەکانی ژیانی وڵات کاری کردبێت ، بە سیستەمی ڕاگەیاندنیشەوە تا ببێتە خزمەتگوزار بۆ گواستنەوەو گەیاندنی پەیام لە بوارە جیا جیاکانی ژیانی کۆمەڵگادا، ئینجا پەیوەندییەکە لەگەڵ دنیا تەنزیم بکات، تا بزانین لەڕووی زمانەوە تێکەڵ دەبین؟ چۆن تێکەڵ دەبین؟ چەند زمانەکەمانی پێ دەوڵەمەند دەکەین؟ لە ڕووی قیەم و بیر و باوەڕی کۆمەڵایەتییەوە دەگۆڕێین؟ چەند دەگۆڕێین؟ چ ڕەفز دەکەین چ وەردەگرین؟ ئەمە ئەرکی ڕاگەیاندنە کە من پێموایە بە هیچ شێوەیەك هیچ کام لە ئێمە لە کوردستان هەست بەو ئەرکە لە ڕاگەیاندنی کوردستاندا ناکەین.

دەمەوێ سەرنجتان ڕابکێشم و دەڵێم ڕاگەیاندن ئەمەیە کە باسم کرد. کە دەڵێن ڕاگەیاندنی کوردستان لاوازە بەڵێ لاوازە، کە دەڵێن دەور نابینێ، لەوەدایە دەور نابینێ. کە ڕاگەیاندن نەبێتە سیستەمێك لە ژیانی وڵاتدا، لە بریدا تەنیا بریتی بێت لە قسەی ئەم و ئەو بەرپرس، ئەمڕۆ دەڵێن بەقووەتە سبەینێ کە ئەو دوو سێ کەسەی کە بە قووەتەوە قسە دەکەن پیر بوون ، هەست بە بۆشایی دەکرێ و دەڵێن وەڵا ڕاگەیاندنەکەمان لاواز بووە. کەچی ئەگەر ڕاگەیاندن سیستەم بێت وەك هەر سیستەمێکی دیکە لاواز نابێت، چونکە خەڵکی خۆی پێدەگەیەنێ .

سیستەمی ڕاگەیاندن تەنیا بریتیی نییە لە ڕۆژنامە نووس و پێشکەشکەری دەنگوباس و بەرنامە. بەڵێ ئەوانە کاریگەرن لە دروستکردنی ڕەئیدا، بەڵام ڕاگەیاندن لەم زەمانەدا هەموو دانیشتوانی وڵات لەگەڵ خۆی تێکەڵ دەکات، ئەرکی گەیاندنی کاری ڕۆژنامەنووسی بەشێکی دەگوازرێتەوە بۆ هاووڵاتیان و وای لێدێت چۆن بە ڕێگادا ڕۆیشتن و مۆدیلی نوێ دەبێتە ئەرکی هاووڵاتی بۆ ژیانی ڕۆژانە، مامەڵەکردن لەگەڵ ڕاگەیاندن و گێڕانی ئەرکی وەرگرتنی پەیام و کاریگەری کردن دەکاتە ئەرکی هاووڵاتی. بەو مانایە بەشێك لە کاری ڕۆژنامەنووسی دەبێتە سیفاتی فەردی باشی کەسایەتی مەقبول لە وڵاتی ئێمەدا، کە ئەوەمان نییە. دیوتانە هەرکەس هەوڵ بدات پەیجێکی هەبێت، لەو پەیجەوە بۆخۆی تەلەفزیۆنی هەیە ئەگەر بیەوێ ڕادیۆ و ڕۆژنامەشی هەیە و دەتوانێت هەموو قسەکانی خۆی بکات. کەواتە دەرفەتەکە یەکجار زۆر فراوانە لە دەستی هەمووان دایە، بەڵام تەنزیمەکە دەبێت تەنزیمێکی نیشتمانی و بەرنامە بۆداڕێژراوبێت.

ڕاگەیاندن دەبێ وەك سیستەم تەماشا بکرێ، تەعریفی باشیش بۆ ڕاگەیاندن ئەوەیە کە یەکێکە لەو سیستەمانەی کە لەم زەمانەدا کۆمەڵگا پێکدێن و سیستەمێکی موتەداخیلە ، هیچ کام لە بوارەکانی دیکەی ژیان باش بەڕێوەناچێت ئەگەر لینکێکی لەگەڵ ڕاگەیاندن نەبێت. ڕاگەیاندن زمانحاڵی کۆمەڵگا و وەسیلەی تەفاعل و تێکەڵ بوونی کۆمەڵگایە بەیەکەوەیە. زمانحاڵی کۆمەڵگا و وەسیلەی تەفاعل و تێکەڵبوونی کۆمەڵگایە لەگەڵ دەرەوە و دەروجیرانیش. باشترین تەعریف لەم زەمانەدا بۆ ڕاگەیاندن ئەوەیە.

بەشی دووەم

مێژوو و پێکهاتە سەرەکییەکانی راگەیاندن

سەرۆ قادر

ڕۆژنامەنووسی لەوکات داهات کە قۆناغێکی نوێ لە مێژووی مرۆڤ دەستپێکرد، ئەویش قۆناغی مۆدێرنی پێدەڵێن. بەشێوەیەکی تر پێیدەڵێن قۆناغی دەستپێکردنی سەرمایەداری. ئەوکاتەی کە جمودی ئەوروپا لە حوکمی دینی شکا ڕێگە بۆ بیرکردنەوەی نوێ بۆوە و ئەو قۆناغەی کە پێیدەگوترێ ڕێنیسانس(ژیانەوە و نوێبوونەوە) لە ئەوروپا دەستپێکرد. لە هەمانکاتدا سەردەمی دۆزینەوە و پێشکەوتنی زانستی دەستپێکرد و بە جددی پشتیوانی دەکرا ، وردە وردە سەنعەتی چاپیش پێشکەوت. لە ساڵی 1450 گۆتنبێرگ -ئەو پیاوە گەورەی بەشەرییەت بە درێژایی مێژوو قەرزداریەتی- یەکەمین نموونەی چاپخانەی لە ماوەیەکی کەم داهێنا. جاری یەکەم چاپخانە بۆ کاری دینی بەکاردەهات، چونکە ئەوکات فەرمانڕەوایی دینی بوو ، دوایی پەرەیسەند بۆ بڵاوبوونەوەی کتێب، قۆناغی سێیەم نەشرەو بڵاوکراوەی دەوری کە ساڵانە بوون، دوایی بوون بە وەرزی. سەرەنجام لە سەرەتای ساڵی 1600 بوو بە منافەسە لە وڵاتانی ئەورووپا کێ ڕۆژنامە دەردەکات.

پیشەسازی چاپ نەبێت بیر لە ڕۆژنامە و کتێب ناکرێتەوە، لە سەنعەتی چاپەوە بوو کە قۆناغی نوێی نوخبەی ڕۆشنبیریش دروست بوو. نوخبەی ڕۆشنبیر پێش سەنعەتی چاپیش هەبوون. بۆ نوخبەی ڕۆشنبیر مێژوویەکی دووروردرێژ هەیە کە دەگەڕێتەوە پێش سنعەتی چاپ، بەڵام ئەوکاتی

ئەگەر یەکێك توانای داهێنانیشی هەبوایە تا دەیتوانی بگاتە ئەو قۆناغەی کە رەئییەك دەربڕێ دەبوایە ببێ بە جیهانگەرد: لەم وڵات بۆ ئەو وڵات، لەو ئیمپراتۆریی بۆ ئەوی تر، لەو قارە بۆ ئەویتر بڕوات و بگەڕێ بە دوای ئەو شوێنانەی کتێبخانە و حەلقەی مناقەشە کردنی لێیە. جا ئەو مناقەشانە چ زۆربەیان دینی بان کە وابوون، چ بە شێوەی یۆنانی کۆن وەك رەسم بوو ڕۆشنبیرانی گەورە کۆڕیان هەبوو. لە ناوچەی ئێمەش ئەگەر ئاورێك بدەینەوە، کە زۆر پێویستە، ئەم تەقلیدە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا لە کۆنەوە هەبووە، بە تایبەتی لە سەدەمی حەوتەمی دوای میلادەوە زۆر پەرەیسەند و مزگەوت و تەکییە و خانەقا و ناوەندی دینی کە پێیاندەگووتن حەلەقاتی علمی، لە هەمانکاتدا مەرکەزی ڕۆشنبیریش بوون، هاتنەکاوە. نوخبەی گەورەی ڕۆشنبیری ڕۆژهەڵات لەوێ دروست بوون. کەسانی یەکجار زۆر گەورە کە تا ئێستا و پێدەچێ تا ماوەیەکی دوور و درێژیش دەوریان لە ژیانی ئێمەدا مابێ، بمانەوێ یان نەمانەوێ لەوکات پێگەیشتن. کەسانی وەك (ئەبوحەنیفە، شافعی،ئەحمەدی بنی حەمبەل، مالیکی بنی ئەنەس و جەعفەری کازم) لەوێ پێگەیشتن. ئەوانە بە گەورە وەردەگرین، ڕۆشنبیرن . ئەوانە بوون کە ژیانی کۆمەڵایەتی و قانونی و دینی ڕۆژهەڵاتیان رێکخست. بێجگە لەوان هەموو خاوەنبیرە گەورەکانی جیهانی موسولمان ، هەموو ئەو سۆفی و عارفە گەورانەی کە تاوەکو 100 ساڵ بەر لە ئێستا ئەوان پێشڕەوی فکری و گۆڕانکاری بوون لە هەرێمی رۆژهەڵاتدا - بەئێمەی کوردی موسوڵمانیشەوە- ئەوانە هەموویان بە ڕۆشنبیر حیساب دەکرێن. ئەوانە هی ئێرەی رۆژهەڵاتی پێش قۆناغی چاپن. چونکە فەرقێکی زۆر لە نێوان ڕۆژهەڵات و رۆژئاوا لە بەکارهێنانی سەنعەتی چاپ هەیە.

داهاتنی سەنعەتی چاپ لە ئەوروپا پەیوەندی بە پەرەسەندنی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری یان ئەوەی کە پێیدەگوترێت بازاری ئازاد هەبوو. بۆیە زۆر بە خێرایی تیکەڵ بووە لەگەڵ دوو مەسەلەی سەرەکی کە تا ئەم زەمانەش تێکەڵییەکە هەر ماوە: یەکێکی بە ئازادبوون و بەگەڕکەوتنی سەرمایە بە ئازادی و ڕێکرانەوە بۆ ئەوەی سەرمایە بەشێوەیەکی تەبیعی بگەڕێ و بە پێی یاساکانی ئاسایی خۆی، لە قۆناغی نوێدا سەرمایە کۆمەڵگا هەڵسوڕێنێ. سەرباری هەموو کارەساتەکانی سەرەتای داهاتنی سیستەمی سەرمایەداری لە زوڵم و زۆر و داگیرکاری و ئەو گۆڕانکاریە تۆبزییەی بەسەر ئەورووپا و غەیری ئەورووپایدا هێنا، ئەمە لە لایەك دانێم.

مەسەلەی دووەمیان بە داهاتنی دەوڵەتی باش و دەوڵەتی دیموکرات واتە دیموکراسی بەندە. پەیوەندییەکی زۆری بە ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی نووسینەوە هەیە. ئازادی ڕادەربڕین لە هەردوو

شۆڕشی فەرەنسا و ئەمەریکا بەتایبەتی و لە بەریتانیا و وڵاتەکانی دیکەی ئەوروپا پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەبوو بەئازادی نووسین و ئازادی ڕۆژنامەنووسان. بۆیە تێکۆشان لە پێناوی ئازادی ڕادەربڕین کە حیساب دەکرێ بە حەقێکی سەرەکی مرۆڤ لە سیستەمی دیموکراتدا ، بەسترایەوە بە ئازادی ڕۆژنامەنووسان و ئازادی دەرکردنی ڕۆژنامە. ئەمە مێژووەکی دوور و درێژی هەیە لە بەریتانیا و فەرنسا و ئەمەریکا. نموونەیەکی نزیك لەو سەردەم دێنمەوە کە ئەویش (ئامیل زۆلا)یە. کە سەد و شتێك ساڵ بەر لە ئێستا لە بەرامبەر پێشێل کردنی مافی مرۆڤ بەتایبەتی کەمایەتییەکانی دینی لە فەرەنسا ، کەوتە بەرەنگاریەکی گەورە لەگەڵ حکوومەتی ئەوکاتی فەرەنسا. لەلایەن حکومەت دەرکرا و تەکفیر کرا ، سەرئەنجام دوای مردنی تەرمەکەیان هێنایەوە و وەك گەورە پیاوێك لە ژێر دیواری ڤەرێنسا بەخاکیان سپارد. زولا لە ڕۆماننووسە گەورەکانە و ئەم زەمانەش خوێنەری زۆرە.

تا وڵاتێکی بە دەوڵەت نەبێت کە سەرمایەی تێدا هەڵبسورێ و سیستەمی حکوومەتی مونەزەمی هەبێت، شتێك بە ناوی ڕۆژنامە کاریگەری واقیعی خۆی نابێت. وڵاتێکی بە حکوومەتی باش و بە سیستەمی باشەوە نابێت ئەگەر قانونێکی باشی نەبێت. دەوری ئازادبوونی ڕۆژنامەنووسی لە دانانی قانونێکی باش لەو وڵاتانەی دیموکرات بوون دەورێکی یەکجار کاریگەر بوو. ئەوکات ڕۆژنامەنووسانی کاریگەر ڕۆژنامەنووسانی ڕۆشنبیر بوون، ئەو نوخبە ڕۆشنبیرە بوون کە دوای سەنعەتی چاپ و بلاوبوونەوەی کتێب و بەرهەمی فکری، پێگەیشتبوون. ئەو بیرمەندانەی لە بواری قانونی و مێژوو و دین کەوتنە رایدان، هەموویان دوای پیشەسازی چاپ بوون و هەموویان هەوڵیاندەدا لە ڕۆژنامەکاندا ڕۆژنامەنووسی باش بن، نووسەری ئەو ڕۆژنامانە بن کە دەبوایە دەربچن.

تا کۆتایی سەدەی 19، سەردەم بە شێوەی سەرەکی سەردەمی دەورگێڕانی ڕۆژنامەکان بوون. لە سەرەتای سەدەی بیستەوە ڕادیۆ هاتەسەر کاری ڕۆژنامەنووسی و قۆناغێکی نوێی داهێنا.

ڕۆژنامەنووسی ئاسایی پێکدێت لە 1-ڕۆژنامە کە بایەخی سەرەکی وە بابەتەکانی بۆ ڕووداوەکانی ڕۆژە کە لە 24 سەعات تێناپەڕێ ئەو دەستەیەی کە ڕۆژنامە دەردەکەن مەبەستییان جەخت کردنە لەسەر ڕووداوەکانی یەك ڕۆژ. 2- گۆڤارەکانیش هەفتانە یان مانگانە یان وەرزی و ساڵانە دەردەچن . لای ئێمە تا ئێستا بە هەڵە لە ژێریان دەنووسن ڕۆژنامە. ئەوەش هەڵەیەکی شایعی تایبەت بە هەرێمی کوردستان. هەر بڵاوکراوەیەك بایەخ بە یەك هەفتە بدات پێیدەگوترێ

گۆڤاری هەفتانە. یەك مانگی بێت پێیدەگوترێ گۆڤاری مانگانە، وەرزی بێت کەوا تایبەتە بە ناوەندەکانی ئەکادیمی یان نووسینی قورس یان ئەوانەی کە نزیکن لە کتێب وە گۆڤارەکەش کە بینوتانە قەبەیە و مادەکانی دوور و درێژن دەکرێ ئینسان لەنێو کتێبخانە دایان بنێ. جاران ساڵنامەش هەبوو کە ئێستا زۆر کەم بۆتەوە.

3- لەم زەمەنەدا ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ئینتەرنێت هەیە - ئینتەرنێت قۆناغێکی نوێیە کە هەموو بوارەکانی رۆژنامەنووسی پێش خۆی دەگرێتەخۆی.

4- لە ڕۆژنامەکان یان گۆڤارەکاندا ئەو کەسانەی کە بەتایبەتی هەموو وەختی خۆیان تەرخان کردووە بۆ کاری ڕۆژنامەنووسی ، رۆژنامەنووسیان پێدەڵێن. پیشەی ڕۆژنامەنووسی دیسان دوای سەنعەتی چاپ داهات. کاری ڕۆژنامەنووسی کارێکی داهێنەرانەیە، لەوانەیە ڕۆژنامەنووس لەخانەی ئەخیری داهێنەرانی شیعر و ڕۆمان و چیرۆك بێت کە بواری داهێنانی ئەدەبین. ڕۆژنامەنووسی باش حەتمەن ڕەگێکی داهێنانی دەبێ تێدابێت. سەرباری ئەوەش خەڵکیکی زۆر لە ڕۆژنامەکان کۆدەبنەوە کە داهێنەر نین، ئەوانەی کە لە بواری تەکنیك وکارگێڕی کار دەکەن لەو ریزە دادەندرێن. لە کوردستان پێوەر بۆ کاری ڕۆژنامەنووسی نییە ، چونکە خەڵك تەعین دەکرێ و دەنێردرێ و بە بڕیاری حیزبیش دادەندرێ، بۆیەش تا ئێستا ڕۆژنامەنووسی لە کوردستاندا خسوسیاتینەرێنی(سلبی) خۆی هەیە.

5- سەرنووسەر لە هەر گۆڤار و ڕۆژنامەیەکدا لە ڕووی ئەدەبی و قانوونییە خاوەنی ئەو ڕۆژنامەیەیە و هەڵگری پرۆژەی ئەو ڕۆژنامەیە، بۆیە ئەو بۆی هەیە ئا و نا لە کاری ڕۆژنامەکەیدا بکات. زۆرجار لێرە دەگوترێ فلان رۆژنامە ئازاد نییە. ئەوە زانیارییەکی هەڵەیە، من ئازادم ئەوەی کەوا دەمەوێ بیڵێم ئەوەشی کەوا دەمەوێت نەیڵێم. ئەگەر سەرنووسەری ڕۆژنامەیەك بم دەبێ ئازادم وتارێکی تۆ بلاوبکەمەوە یان بلاوی نەکەمەوە. دەتوانی بچی لە جێگایەکی دیکە بلاوی بکەیەوە. ئەوە یەکێکە لەو هەلانەی تێکەیشتنی کاری ڕۆژنامەنووسی و ئازادی کاری ڕۆژنامەنووسی لە کوردستان. بە درێژایی مێژوو شتێك بە ناوی ڕۆژنامەی ئەهلی وجودی نەبووە و ئێستاش نییە. لە سەرەتای دەسپێکردنی ڕۆژنامەنووسیدا زۆربەی ڕۆژنامەکان لەلایەن حکومەتەوە پشتیوانی دەکران ، دوایی وردە وردە بازاڕی ئازاد حوکمی خۆی کرد و رۆژنامەی کردە کالا، ڕاستە کالایەکی مەعریفییە بەلام دەبێ بکەوێتە بازاڕی دانوستاندن و خۆی عەرز بکات و بفرۆشرێت. ئەمەش قانونی خۆی بۆ داندرا، وردە وردە رۆژنامە و گۆڤارەکان بوون بە دەزگای

خسوسی. سەرباری ئەوەش هیچ گۆڤار و ڕۆژنامەیەکی باش بە درێژایی مێژوو بەردەوام نەبووە ئەگەر لە کاتی قەیراندا حکوومەت پشتیوانی نەکردبێت. بۆ لە دیموکراسیدا چەردەیەك حقوقی کۆمەڵگا هەن دەبێ نیزام بیانپارێزێ: بێجگە لە ئاسایش، لە ئەمنیەتی گشتیەوە پێداوەرە بۆ ڕێگاوبان، کارەبا و ئاو.. هەموو مافەکانی مرۆڤ و ئەوانەی لە وڵاتێکی دیموکراتدا سەرەکینە دەبێ دابین بکرێن، یەکێك لە پێویستیەکان، زانیاری پێدانی کۆمەڵگایە. دەبێ حکوومەت بەرپرسی ئەووەڵ و ئەخیر بێت لە پاراستنی سەرچاوەکانی زانیاری کە بە کۆمەڵگا دەدرێت، ئەویش ڕاگەیاندنە. لەوەدا بەپێی خسوسیاتی هەر وڵاتێك، هەر دەزگایەك وجودی خۆی سەلماند حکوومەت پشتیوانی دەکات، زۆر یان کەم دەکەوێتە بەر دانوستاندن و ئەو دەورەی ئەو ناوەندە ڕاگەیاندنە دەیگێڕێت یارمەتییەکە دیاریدەکات. پشتیوانی کردن لەم بوارەدا هیچ وەختێك بەومانایە نییە کە ڕاگەیاندن تێکەڵ کرابێت لەگەڵ دەزگاکانی حکوومەت. ئەمە تایبەتمەندیێکی تاقە. هەروەکو چۆن پاراستنی ئاسایشی وڵاتێك ئەرکی حکوومەتە بەڵام قەت بەومانایە نییە هەموو هاووڵاتیان ببن بە ئەندام لە ئاسایشدا. دەزگای ئەمن لە وڵاتێکدا دەبێ بە پێی قانون لە مەجالی خۆی بە دیقەت ئیش بکات بۆ ئەوەی سەلامەتی کۆمەڵگا بپارێزێت، بەڵام بەو مانایە نییە، یەك: سیستەمی ئەمنی ببێتە سیستەمی ژیان لە وڵاتدا، دوو: هەموو هاووڵاتیان ببن بە ئەمن. لە فەلسەفەی حوکم بەڕێوەبردندا شتیوا نییە، حدودیان لێنواندا دەنێن، لە هەر شوێنێك هەر دەزگایەك ئەرکی خۆی ئەنجامدا و لە ئەرکی خۆی تێپەڕی یان ئیستغلال کرا ئەوا تەوازونی نێوان سیستەمی دیموکرات تێکدەدات.

لە زۆر وڵاتان حکومەت پشتیوانی ڕاگەیاندنی دەکرد، بەڵام سیاسەت و ئامانجی خۆی بەسەر دەزگاکانی ڕاگەیاندندا فەرز نەدەکرد. کە دەڵێم نەیدەکرد نیهایەتەکەی گەیشتە ئەوەی کە نابێت بیکات، ئەمە دەزگایەکی ئازادە و بۆ وڵات پێویستە، بە پێی قانون بڕیاری یارمەتیدانی دەدرێت بەڵام حکوومەت خۆی بەسەردا ناسەپێنی. ئەمە ململانێیەکی دوور و درێژی تێدا هەبوو کە بەریتانیا باشترین شوێنە بۆ دیراسەکردنی. سەرئەنجام حکوومەتی بەدەسەڵاتی جیهانیی تەسلیم بوو لە بەرامبەر دەزگایەکی گەورەی وەك (بی بی سی) کە تا ئەم زەمانەش بەردەوامە. حکوومەت پارەشی دەداتێ، دەشیپارێزێ و تەدەخولیشی تێدا ناکات. بەڵام لە مقابیلدا بەریتانیا پەیامی خۆی و سیاسەتی خۆی و مەسڵەحەتی خۆی لە ڕێگەی ئەم دەزگایەوە دەگەیەنێتە سەرانسەری دنیا و لە هەمان کاتدا بەشدارە لە پەروەردەکردنی خەڵکی دنیا کە چۆن گوێ لە ڕاگەیاندن بگرن، چۆن فێربن وە چی وەربگرن. لە پشتەوەی ئەمانەدا مەسڵەحەتی بەریتانیا خۆی

مەڵاس داوە. هەر وڵاتێك بتوانێ لە منافەسەدا ئاوها خۆی بسەپێنێ ، ئەوە دەیباتەوە و مونافیسێکی باشە.

تاوەکو ناوەڕاستی سەدەی بیستیش ئەو مەسەلەیە لە ئەوروپا یەکلا نەببووەوە. لە حەفتاکانی هەمان سەدەدا لە هەندێ وڵاتدا ڕاگەیاندن بە یەکجاری ئازادی خۆی وەرگرت و لە حیزب و حکوومەت جیابوەوە. فینلەندا لە کۆتایی وڵاتانی ئەوروپایە کە ڕاگەیاندن لە دەستی حیزبەکانەوە بەشێوەیەکی قانونی بوو بە ڕاگەیاندنێکی سەربەخۆ.

دوای ئەوەی ڕادیۆ داخلی کاری ڕۆژنامەنووسی بوو دەنگ و نووسینی بەیەکەوە کۆکردەوە، واش باو بوو کە هەر بە ڕۆژنامەنووسی ناوی بهێندرێ و هەر لە چوارچێوەی قانونی ڕۆژنامەنووسیشدا تەنزیم دەکرا. قۆناغی ڕادیۆ قۆناغێکی دوور و درێژبوو، شتێك کەمتر لە قۆناغی ڕۆژنامە بوو. لە سەرەتای سەدەی بیستەوە تا هەشتاکانیش بۆ ماوەی هەشتا ساڵ ڕادیۆ دەوری سەرەکی هەبووە. لەوماوەیەدا سێ ڕووداوی گەورە لە سەدەی بیستدا ڕوویاندا 1- دەستپێکردنی بزووتنەوەکانی جیهانی دژی ئیستیعمار،2- شەڕی جیهانیی یەکەم و3- شەڕی جیهانیی دووەم و پاشی هەندێ دابەشبوونی دنیا بە دوو بەرە یان بە دوو بلۆکی سۆسیالیستی و سەرمایەداری. ئەو سەردەم شەڕی ئایدیۆلۆجیا هەبوو. لە شەڕی ئایدیۆلۆجیا و بڵاوکردنەوەی و پڕوپاگەندەی سیاسیدا – کە زۆر گرینگ بوو– ڕادیۆ پێش ڕۆژنامە کەوت و بایەخێکی زۆر بە پیشەسازی ڕادیۆ دەدرا.

داهاتنی تەلەفزیۆن و قۆناغی سەتەلایت کە سنورەکانی تێکشکاند، لە ڕاستیدا ئەم تەعریفەی ڕۆژنامەنووسی کۆنی بەسەردا نەدەگونجا، بۆیە وردە وردە چەمکی ڕاگەیاندن یان میدیا یان هۆکارەکانی گەیاندنی گشتی بەسەر پیشەی ڕۆژنامەنووسیدا زاڵ بوو.

تەلەفزیۆن جیا لە دوو شێوەکەی دیکەی ڕاگەیاندن واتە نووسین و دەنگ، وێنەش دەگوازێتەوە. لێرەدا قۆناغێکی نوێیە چونکە هونەرەکانیش داخلی کاری ڕۆژنامەنووسی دەبوون. هەوڵدەدرا لە ڕۆژنامەنووسی کاغەزیشدا هونەری شیعر و پەخشان و یاری کردن لەگەڵ زمان و قووەتی زمان دەورێکی زۆری هەبێ، بەتایبەتی لە نووسینی کورت، ستون، گۆشە یان لە وتاری ڕۆژانەدا. لە ڕادیۆ بەشێوەیەکی دیکە بوو، مەجالێکی کراوە هەبوو چۆن قسە بکرێ. گرینگ ئەوەبوو کە پەیام بگەێنێ. لە تەلەفزیۆن جارێکی دیکە کە ڕەنگ و دەنگ لەگەڵ نووسین تێکەڵ بوونەوە، زەمەن و قسەی بە کورتی و بە دیقەت لەگەڵ ئەوەدا وجودی ئینسان بۆخۆی، ئەو هونەرانەی کەوا پێی دەگوترێ جەستەیی، هەروەها زمان دەورێکی یەکجار زۆر گەورە دەبینن . جا هەموو شێوەکانی

دیکەی هونەر پەنایان بۆ دەبرێ چونکە تەلەفزیۆن هەر تەنیا دەنگوباس نییە ، هەموو لقەکانی هونەر لەناو کۆمەڵگادا و دنیادا ڕادەکێشرانە ناو کاری تەلەفزیۆن، بە شێوەی سەرەکی بۆ بەکارهێنانی کاری سیاسی. بۆ گەیاندنی پەیامی سیاسی یان فکری ئەگەر جاران بە نووسین بوو دوایی لە ڕادیۆدا دەنگ بوو لەگەڵ مۆسیقا، ئێستا هەموو شێوەکانی هونەری شانۆ و دراما و سینەما و شێوەکانی دیکەی کە ئێستا یەکجار زۆرن داخیلی کاری تەلەفزیۆن بوون. بۆیە ڕاگەیاندن لێرەوە بەشێوەیەکی سەرەکی بوو بە سیستەم لەناو وڵاتدا. ئەگەر بایەخ تەنیا سیاسی بێت، خەڵك بۆخۆی نارەزایی دەردەبڕێ. چونکە مەجبورە تەماشای بکات، تەنیا یەك ڕەهەند بەسەر منداڵ و ماڵ و خەڵکی دەرەوەدا دەسەپێنێ، ئەوەش خەتەرە و وانابێت. خەڵك بۆی هەیە بڵێ نابێ تەلەفزیۆن ئاوها بێت چونکە بۆم دێتە ناو ماڵ، من بۆم هەیە ڕۆژنامەیەك نەکڕم یان کتێبیك نەکڕم، بەڵام لەم زەمانەدا کردنەوەی تەلەفزیۆن بەشێکە لە ژیانی من، کەواتە تۆ مەجبوری لەگەڵم پێکبێی چ شتێك لەگەڵ چارەنووسی من کۆکە، پێویستە ئەویان بڵاوبکەیەوە. ئەلەوەیاندایە کە بایەخێکی زانستی  زۆر بە کاری ڕاگەیاندن درا، ڕاگەیاندن بووە عیلم و لە زانکۆکاندا کۆلێژی تایبەتی بۆ کرایەوە و بەردەوام وەك هەر بەشێك لە بەشەکانی کۆمەڵگا ئیشی لەسەر دەکرێ. تیۆرییەکانی کاریگەری ڕاگەیاندن لەسەر کۆمەڵگا و گۆڕانکاری لەبواری کاری میدیایی بەشێوەی بەرەوام دۆڵەمەند دەکرێن. ئەم کاریگەرییە هەرەمەکی نییە، ئینجا  ملکەچی قانونی بازاڕیشە، هەردووکیان پێ بە پێی یەکتر دەردەکەون.

6- بەشێکی تر لە پێکهاتەی کاری ڕاگەیاندن، سەرمایە و قانوونە. بەبێ سەرمایەیەکی بەردەوام و زەمانەتی قانوونی، هیچ دەزگایەك بەردەوام نابێت. ئینجا پێگەیاندنی کادری ڕاگەیاندن پێویستە. بەشێکی تر لە پێکهاتەی کاری ڕاگەیاندن ئەو ئیلتیزامەیە بەسەر ڕاگەیاندنکاراندا دەسەپێندرێ؛ دەبێ بەرژەوەندی گشتی بپارێزێت. ڕاگەیاندن بۆی نیە بە ناوی ئازادییەوە تەجاوز بکاتەسەر بەرژەوەندی گشتی وڵات . ئەو بەرژەوەندییە تەعریف کراوە و لە هەر وڵاتێکدا دیارە. ناکرێ ڕۆژنامەنووسێك دەست بەکار بکات بڵێ من نەمزانی بەرژەوەندی گشتی وڵاتی من چییە. جاری وا هەیە لەم زەمانەدا بەرژەوەندی ناوچە و وڵاتانی دەوروبەر بەستراوەیە بە بەرژەوەندی وڵاتی تۆ، نەك لە هەر بە پێکهاتنی سیاسی بەڵکو بە قانون تەنزیم کراوە، وەکو ئەورووپا. جاری وا هەیە لەمە زیاترە، بەرژەوەندی جیهان و سەلامەتی جیهان دەبیتە ئیلتزام بەسەر راگەیاندنەوە. ئێمە لە زەمانێکی یەکگرتوودا دەژیەین، ئەوەش ئیلتیزامێکی دیکە بۆ ڕۆژنامەنووس و دەزگاکانی ڕاگەیاندن دروست دەکات. بۆ نموونە ئەگەر لەم زەمانەدا تەلەفزیۆنێك یان ڕۆژنامەیەك شتێك

بڵاوبکاتەوە لە قازانجی تیرۆر بێت، لەو سەری دنیا لێی بەجواب دێن و بەدوای دەکەون، ئەگەر بە قانوون تەسلیم نەبوو ئەوە پەلاماری دەدەن و دەیگرن. رۆژنامەنووسەکانی دەزگای الجزیرە کە هاوکاری القاعیدە بوون، نموونەی ئەو قسەیەی منن. کەواتە پاراستنی بەرژەوەندی گشتی بەو مانایەی کە من باسم کرد یەکێکە لە پڕەنسیپەکانی کاری ڕۆژنامەنووسی. پاراستنی سەلامەتی نیزام لە وڵاتەکەدا لە چوارچێوەی قانوون و دیموکراسیدا، دیسان ئەرکێکی دیکەی ڕۆژنامەنوسییە. ڕۆژنامەنووس بۆی نیە هەر بە هەوەنتە بیکات بە ئەرکی خۆی کە دەبێ ئەم حکوومەتە بڕوخێت! لە دیموکراسیدا خەڵك بۆی هەیە حکوومەت هەڵبژێرنەوە و ئەوەی پێشوو کۆتایی پێبێنن. ئێستا وای لێهاتووە شتێکی تازە دروست بووە پێی دەگوترێ عوسیانی مەدەنی(یاخی بوون)، حکوومەتێك کە بە زۆرینەیەکی بچووك دەرچووبێ و دوایی لە مەسیری خۆی لا بدات، خەڵك بۆی دێنە ناو جادە، ئەگەر هەموو خەڵك بیانەوێ بیروخێن دەیڕوخێنن. دەبینن ئێستا میسر لەبەردەمی ئەو کێشەیەیە، لە عیراقیش نووری مالیکی ئەگەر نیزامی تایفی نەبایە لەبەردەمی ئەو کێشەیەیە. لە هەندێك وڵاتی ئەوروپای شەرقی حکوومەت لە پڕێکا ئیحترامی خۆی دەگرێ ئیستقالە دەدات، چونکە کە دەبینن خۆپیشاندان یەکجار زۆر دەبێ، هەست دەکات شەرعیەتی نەماوە و کارەکانی خۆی پێڕاناپەڕێندرێ، داخلی ئینتخاباتی نوێ دەبێتەوە. ڕاگەیاندن بۆی نیە هەرکاتێك حەزی لێبێ یان بە بڕیاری حیزبێك خەڵك هانبدات بۆ ئەو عوسیانە. ئەوەی لە وڵاتی ئێمەدا بەداخەوە باوە هیچ پەیوەندی بە زانست و هونەری راگەیاندن نیە.

ئەم زەمانە چەمکی ڕاگەیاندنکار ڕاستترە لە ڕۆژنامەنووس، چونکە یەکێك لەوانەیە بنووسێ و هەواڵیش پێشکەش بکات، بەرنامەیەکیش پێشکەش بکات و لە عەینی کاتدا لە بەرنامەکانی دیکەی تەلەفزیۆنیشدا لە بواری جیا جیا بەشداری کاریگەری هەبێت. خەڵکانی زۆر هەیە لەم بوارەدا بەناووبانگن.

ڕۆژنامەنووس و دەزگای ڕاگەیاندن دەبێ ڕاستگۆ و بێلایەنی بن، سیستەمی ڕاگەیاندنی وڵاتیش بە هەمان شێوە دەبێ ڕاستگۆیی بنەمای کارکردنی بێت. ڕاستگۆیی لەهەر شوێنێك بەزێندرا ئەوە پڕەنسیپێکی ئەخلاقیە پێشێل دەکرێ. ئەخلاق یەکێك لە سیستەمە خالید و ماندەنییەکانی کۆمەڵگای بەشەریەتە، دەگۆڕێ بەڵام دەمێنێت. کاتێك کە کۆمەڵگا پابەندی بە ئەخلاقی ڕاستگۆییەوە هەیە، ڕۆژنامەنووس دەبێ پەیڕەوی لێبکات ئەگینا میسداقییەتی نامێنێ. ڕۆژنامەنووسی باش نەك هەر دەبێ زانیارییەکی باشی هەبێت بەڵکو دەبێ داهێنەرێکی باش

بێت، دەبێ لەوبوارەی کاری تێدا دەکات ڕوانگایەکی روونی هەبێت. دەبێ موسڵحێکی باشیش بێت چونکە کاری ڕۆژنامەنووسی ئیسلاح و یارمەتیدانی پڕۆسەی چاك و چاکتربوونی کۆمەڵگایە. گەیاندنی مەعلومات هەدەفەکەی ئەوەیە کە کۆمەڵگا ئاگای لە هەموو زانیارییەکان بێت دوایی ئەو ڕێگەیەی کەوا ڕاستە هەڵیببژێرێ، فەرد ئاگای لە هەموو شتێك بێت کە خۆی پێیوایە دەبێ ئاگای لێبێت. ڕۆژنامەنووس لە هەموو ئەو بوارانە کار دەکات بۆیە ڕاستگۆیی، ڕاستگۆیی زانایی و لە عەینی کاتدا لێبوردەیی و چاکسازیکار بەمانای موسڵیح، یەکێك لە سیفەتەکانی ڕۆژنامەنووسە. هەر ڕۆژنامەنووسێك درۆی کرد یان بە درۆ شتی بڵاوکردەوە لە پڕەنسیپی کاری ڕۆژنامەنووسی بەجێ و داسەکناو بێبەش دەبێ دەبی واز لە کاری خۆی بێنێت، دەبێ ئەو ڕۆژنامەنووسە ئیستقالە بدات و هیچ دەزگایەك نووسینی بۆ بڵاونەکاتەوە. نموونەیەکتان بۆ دێنمەوە، فەرید زەکەریا ڕۆژنامەنووسێکی بەناووبانگە پێموایە لە تایم دەینووسی، یەك شتی وەرگرتبوو کە سەرچاوەکەی نەگوتبوو، پێش پێنج شەش مانگ ئیستقالەیان پێداو بڵاویشان کردەوە. ئێستا پێموایە هیچ گۆڤارێکی بەناوبانگی ئەوروپا وەریناگرن. سەرباری ئەوەی کە نووسەرێکی باشە. لە کوردستان ئەم ئیلتزامە ئەخلاقییە  نیە. بۆ هەندێ بەداخەوەم.

با روونتری بکەمەوە: مەبەست لە بێلایەنی ڕۆژنامەنووس ئەوە نیە کە سیاسیکار نەبێ، دەکرێ سیاسی بێت بەڵام من کاتێك کە ڕووداوێك دەنووسمەوە، دەبێ لەوێدا ڕاستگۆبم، دەبێ لەوێدا واقیعبیبنبم، دەبێ لەوێدا ئەم هەواڵە بە بێلایەنی و ڕاستگۆیی بگەیەنمە خەڵك. دوایی دەتوانم بکشێمەوەو بڵێم جا لە تەفسیرکردنیدا من سیاسیم، لە تەفسیرکردندا لە دەرەوەی هەواڵەکە دەتوانم وتارێکی دیکە بنووسم. نابێ تەفسیری سیاسی و هەواڵ پێکەوە تێکەڵ بن چونکە ئەوە دەبێتە دیماگۆگی دەبێتە فریودان و خاپاندنی خەڵك.

پێویستە ڕۆژنامەنووس پابەند بێ بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ کە ئاشکران. ناکرێ یەکێك ڕۆژنامەنووس بێت  و پێشێلکەری مافی مرۆڤ بێت. هەریەك لە بەندەکانی جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ، لە ئەلفەوە تا یاء بۆ ڕۆژنامەنووس واجبن کە ڕێزی لێ بگرێ، لە حەیاتی خۆیدا چەندی جێبەجێ دەکات موشکیلەی خۆیەتی، بەڵام لەکاردا دەبێ بڕوای پێ هەبێ. ڕۆژنامەنووس دەبێ نهێنی پارێز بێت. ئەوەی کە زۆر جار سەرچاوەی تایبەتی دەرەخسێ بەڵام پەیوەندی بە ژیانی کەسێك و بەرژەوەندی کەسێکەوە هەیە، پەیوەندی بە بەرژەوەندی وڵاتەوە هەیە، پەیوەندی بە بەرژەوەندی وڵاتێکی دیکەوە هەیە، ئەمانە هەمووی بەپێی قانوون بە پێی ئەو واقیعەی کە

لەبەردەمی ڕۆژنامەنووسە، دەبێ هەموویان لەبەرچاو بگرێ. هەموو ئەوانە ئەخلاقی کاری ڕۆژنامونووسی و ئیلتیزامی ڕۆژنامەنووسی دروست دەکەن. ئەگەر ڕۆژنامەنووس پێیانەوە پابەند بێت، ئەوە مرۆڤێکی پەسەندی کۆمەڵگای لێدەردەچێت. ڕۆژنامەنووسان ئەگەر بە سەرکەوتوویی کۆتایی بە کاری خۆیان بێنن، ڕۆمانووس و نووسەری زۆر باشیان لێدەردەچێ،کەم هەیە ڕۆمانووس بە کاری ڕۆژنامەنووسییەوە دەستی پێنەکردبێت. هەڵبەت سیاسەتمەداری باشیشیان لێدەردەچێ، یان دەگوازنەوە بۆ ناو کاری دەوڵەت، ئەو فەترمیەی کە لەناو کاری دەوڵەتن ئینسانی زۆر ڕاستگۆتر دەبن و لە وەختی خۆشیدا پاشەکشێ دەکەن. هیچ ڕۆژنامەنووسێك ،بە ڕای من ، ناتوانێ هەتا سەر ڕۆژنامەنووس بێت. لەگەڵ ئەوەشدا زۆرکەس هەیە تا ئاخری عومری لینکێکی خۆی لەگەڵ کاری ڕۆژنامەنووسی دەهێڵێتەوە بەڵام ڕۆژنامەنووسی ڕۆژانە نییە. پتر وەك چاودێرێکی سیاسی یان موفەکیرێکی سیاسی شارەزایە کە لە بوارێکی نێودەوڵەتی، گۆڤارێك یان ڕۆژنامەیەك لە مەڵبەندێکی دراسات یان ڕۆژنامەیەکی بەناوبانگ ڕەئی یان تێبینی ئەو لەسەر ڕووداوەکان بڵاودەکەنەوە. حیساب دەکرێ بە جۆرێك لە چاودێری و گۆشەنووسی لە ڕووداوەکاندا لەگەڵ ئەو مێژووەی کەوا هەیەتی.

دوا قسەم ئەوە دەبێ ئەگەر ڕۆژنامەنووس، ڕۆژنامەنووسێکی باش بێت بەو سیفەتانەی کەوا گووتم، دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەزگای باش بن، سەرئەنجام لە وڵاتدا سیستەمێکی ڕاگەیاندنی ساغ و باشمان دەبێت، بەشداریەکی باش لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەکات، ڕۆژنامەنووس و دەزگاکان دەتوانن یارمەتیدەر و بەشداریکەری باش بن لە دەوڵەتێکی باشدا. ڕۆژنامەنووس دەتوانێ یارمەتیدەرێکی باش بێت بۆ خەڵك تا لە چەمکی دەوڵەتی باش تێبگەن، یارمەتیدەرێکی باش بێت بۆ حکوومەتێکی باش تا کارەکانی خۆی جێبەجێ بکات. لە کوردستاندا ئەم ڕوانگایە بۆ ڕاگەیاندن نیە. بزووتنەوی سیاسی ئۆباڵی ئەو بشێویەی دەکەوێتە سەرشان.

## تەلەفزیۆن بەهێزترین ئامرازی گۆڕانکاری

تەلەفزیۆن، یەکێك لە هۆکارە گرینگەکانی ڕاگەیاندنە کە جۆرێك لە تێکەڵی تەکنیکی لەگەڵ

ئینتەرنێت هەیە، چونکە بەسەر سەرانسەری جیهاندا بڵاودەبێتەوە. لەوانەیە پرۆگرامەکانی ناوخۆیی بێت بەڵام دەکرێ لە هەموو دنیاش ببیندرێت. تەلەفزیۆن تەنیا لایەنە مێژووییەکەی پێگەیشتنی رۆژنانووسی نیە (ئەو هۆکارانەی کە باسم کردن) بەڵکو گرینگیەکی دیکەی تەلەفزیۆن کاریگەری ڕاستەوخۆیەتی لەسەر گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە هەموو بوارەکانی ژیان. تەلەفزیۆن هۆکارێکی ڕاگەیاندنە کە نەك تەنیا لە هەموو ماڵێك بەڵکو لە هەموو دوکانێك و هەموو شوێنێکی ئیشکردن و سەرەنجام کەوتۆتە سەر هەموو مۆبایلێکیش، دەتوانن کام تەلەفزیۆنتان بوێت لەسەر مۆبایلەکەتان هەتانبێت. ڕۆژنامەنووسی چالاك و کاریگەر لە دەرەوەی کوردستان لەگەڵ پیاسە کردن دەنگوباسی تەماشا کردووە و لە ڕێی تویتەرەوە بەشداربووە لە مناقەشەکردنی ئەو مەوزوعەکە . هەر بەڕێوە دەتوانێ هەواڵەکە بداتە هەندێك کەسی دیکەش، لێیانی دەوێ ئاخۆ دەکرێ رەئی خۆتانم بدەنێ کە ئەم هەواڵە من وایتێدەگەم ئەی تۆ چۆنی تێدەگەی. هەر کەمێکی دیکە تەماشای دەکرد لەسەر مۆبایلەکەی ئەم شتانەی بۆ دەهاتەوە، هەر هەمان کەس کە لەگەڵ من لە جادە پیاسەی دەکرد گووتی لە شوێنێك قاوە بخۆینەوە ، مەجرای مناقەشەی لەگەڵ من- تا چووین دانیشتین گۆڕا. مەبەستم ئەوەیە لەگەڵ ڕووداوێك دەژیاین و ڕۆژنامەنووسێك چەند کاریگەر دەبێ کە ئاوها تەکنیکی ڕۆژگار بەکاردێنێت. ئەوە ڕۆژنامەنووسی سەردەمی خۆیەتی و تەنیا ئیعتمادی لەسەر زیرەکی خۆی نییە.

ڕۆژنامەنووس دەبێت هەندێك لە داهێنانی تێدابێت، چونکە دەکەوێتە زنجیرەی کۆتایی داهێنەرانی ناو کۆمەڵگا و رێژە هەرە کەمەکەی داهێنانی هەیە. وەك ڕۆماننووسێك، شاعیرێك یان عالمێك نییە کە ئیبداعێکی گەورە یان دۆزینەوەیەکی گەورەی زانستی دەکات. ئەگەر رۆژنامەنووس تەواسولێکی بەردەوامی لەگەڵ کۆمەڵگاکەی نەبێت وە تەواسولی بەردەوامیش نەتیجەی پەیوەندییەکی یەکجار زۆرە، نەتیجەی کاری جەماعییە کە یەك کەس دەریدەبڕێ بەڵام بەرهەمی یەك کەس نییە. دوایی لە قۆناغی ڕادیۆ لە یەك کەسیش تێپەڕی، چونکە 10 کەس بەیەکەوە دەیانتوانی لە کۆڕێك دابنیشن و تێر مناقەشە بکەن.

لە تەلەفزیۆن ئێمە کەسەکان دەبینین، دەموچاویان دەخوێنینەوە. من زۆرجار لە تەلەفزیۆن قسەم دەکرد کە دەهاتمەوە دۆستەکانم دەیانگوت ئەرێ بۆ وا گرژبووی قسەکانت کوشت، هی وا هەبوو دەیگوت دەستت خۆش بێت. حەرەکاتی دەموچاو و دەست و قووەتی زمان، ڕووت لە کوێیە، قسە لەگەڵ کێ دەکەی، کام مەنتیقە، چەندت ئاگا لە گرفتەکانیانە، سەقافەتی ئەوێندەر

دەزانی، سایکۆلۆژیای ئەوێندەرێ، مەبەستم لە سایکۆلۆژیا ئەوەی بەچی تەنگاو دەبن بەچیش شادن.

ئەوە رێکارە بۆ سیاسەتمەدارێك و ڕۆژنامەنووسێکیش راستە. دەبێ دیاریبکات دەیەوێ چ پەیامێك بگەیەنێ کار لە کوێ و چی بکات چ شتێك بگۆڕێ. چونکە موستەحیلە کاری ڕۆژنامەنووسی پەیوەندی بە گۆڕانەوە نەبێت. من کە ڕۆژنامەنووسم هەواڵێك دەنوسمەوە دەبێ بێلایەن بم، ئەمە ئەخلاقی ڕۆژنامەنووسییە، ئەخلاق بەمانای پەروەردە نا، ئەخلاق بە مانای بەهایەک کە لە کۆمەڵگادا بڕیار دراوە پێویستە زانیاری بە بێلایەنی بگەیەندرێ. گەر بێلایەن نەبوو دەبێتە دیماگۆگی واتە فریودان. فریودان بەلارێدابردنی ڕای گشتی. ئەوە کاری ڕۆژنامەنووسە لەناو هەموو هۆکارەکانی راگەیاندن بەتایبەتی تەلەفزیۆن. تەلەفزیۆن ئەمە دەگەیەنێ هەموو ئەوانەی کەوا گوێی بۆ دەگرن. تەلەفزیۆن ئێستا کارێکی وا دەکات مەوزوعێك گەر بیەوێ بیگەیەنێتە خەڵك لە کاتی لێدانەوە و دەنگ و باس و ریکلام و ئینجا هەزار و یەك فەنی دیکە کە من دەتوانم وا لەتۆ بکەم ئەم مەوزوعەی کە پێتخۆش نییە گوێی لێ بگری. هونەرەکانی تر کە دێن لەگەڵ ڕاگەیاندن تێکەڵ دەبن هەموویان دەکەونە خزمەتی گەیاندنی ئەم مەوزوعەی کە زۆر تاڵە، ڕێك وەکو حەبێکی تاڵ کە بە شەربەتێك دەرخواردت بدەن . نمونەیەکی سادە: لەبەر هەندێ تیۆری لەسەر کاری تەلەفزیۆن یەکجار زۆرە. دوای نزیك یان شتێك کەمتر لەقەرنێك لە سەدەیەك لە تەئسیری تەلەفزۆن لەسەر گۆڕانی کۆمەلأیەتی تیئۆری یەکجار زۆرن . تەئسیرەکان ناکرێ لە یەك بوعدەوە تەماشا بکرێ، بۆ نموونە لە سۆڤیەتی کۆن، کە یەکێك لە دەوڵەتە بەقووەتەکانی هەڵگری لافیتەی دادپەروەری کۆمەلأیەتی بوو، خەراپترین ڕاگەیاندنی هەبوو و خەراپترین شێوەی دەوڵەتی پێشکەش کرد.

لە مالأن ڕادیۆ و تەلەفزیۆنیان لەسەر یەك کەناڵ یان دوو- ئەوەی کە هەر خۆیان هەیانە- دەیکەیەوە یان نایکەیەوە هەر ئەوەت گوێ لێدەبێت،تەنزیم دەکرا. دەیانگوت کە خەڵك لە ماڵی خۆی بۆڵەبۆڵی دەکرد ئەگەر لە ژوورەکە ئامێری تەلەفزیۆنی لێبایە و میوان هاتبایە، دەیانگوت بیکوژێننەوە، شکیان هەبوو کە جیهازەکە دەنگ وەربگرێ و بیباتەوە. ئەوە نوکتەی سۆڤیەتیان بوو. ئێستا ئەو مۆبایلەی پێتە لە هەر شوێنێکی دونیا بێت ئەگەر بیانەوێ -کە بە بەشێك لە سیستەمی ڕاگەیاندن حیساب دەکرێ- دەیکەنە مایك بێ ئەوەی کە ئاگات لێبێت هەموو قسەکانت و تەسەور دەکەم هەندێ جار دەیکەن بە ڤیدیۆ و بەکاردێن. جاری وا هەیە بۆ کاری باش بەکاردێ.

تەلەفزیۆن زۆرترین کاریگەری لەسەر منداڵ دەبێت و لە تەمەنی یەك ساڵەوە بگرە کە لە جوڵەی وێنە دەگات تا دەگاتە هەژدە ساڵە داخلی گەنجی دەبێ ئەو کاریگەرییە لە قۆناغەکانی گەشەیدا دەنیشێت. تەبیعەتی بەشەر وایە ئەو روئیایەی کە لە منداڵی بۆی دروست دەکرێت تا لە ژیاندایە لەگەڵی دەمێنێتەوە.

یەکێك لە سرەکانی کولتوور  کە ئینسان دروست دەکات دێت روئیاکان لە منداڵیەوە بۆ دروست دەکات، مرۆڤ بەندی ئەو کۆمەڵگایەیە کە تێیدا گەورە دەبێت، لەوێدا دەبێتە کاڵای ئەو ماکینە گەورەیەی  کولتووری زاڵ بەرهەمی دێنێت. لەوانەیە ژمارەیەکی زۆر لە جیلی ئێوە لەگەڵ من بە چیرۆکەکانی دایك و باب گەورە بووبن. ئینجا من کوڕی گوندیشم  حەقایەتی ڕۆستەم و زۆراب و چل توتی و .. ئەوانەمان لە فەقێیەکان و هەندێك نەخوێندەواری کە ئەم حەقایەتانەیان بە شەت و خواری بۆ دەگێڕاینەوە، جا بەردەوام بەدەم گوڵەبەڕۆژە خواردنەوە، لەدەوری سۆبەی داران، گوێمان لێدەگرت. هیچ موبالەغە ناکەم خۆشترین وێنەی ژیانی من بەردەمی سۆبەکەی گوندی میراوایە کە ژن و پیاو دادەنیشتن و تا بەژنێك دەکەوتنە توێلکەی گوڵەبەڕۆژە خواردن و تا درەنگی شەوانی  بارانی و سەرما و تاریکی ئەنگوستەچاودا ئەم چیرۆکانەمان گوێ لێدەگرت کە: ڕۆستەم چی بوو؟ کوڕەکانی چی بوو؟ ئینجا چەمکە ترسناکەکانی دێو و تەلەسم و پاڵەوانە فریادڕەسەکان. بەوە گەورە بووین، بەڵام کوڕ و کچەکانی من کە گەنجن هیچ لەوە نازانن. ئێستاش جار جار لە فەیسبووك ئەو ڕەسمەی مەڕۆکە و بزنۆکە کە بزنەکە لەسەرەوەیە و گورگ سەری هێناوەتە دەرێ، دەیبینم هاهـ شاگەشکە دەبم. ئەوە وێنەیەکە لە قوتابخانە لەگەڵ چیرۆکێک خوێندوومە.  لە مەکتەب دانیشتبووم کە دەمانخوێندەوە بە هەموو قەناعەتەوە باوەڕمان دەکرد کە ئەوە ڕاستە، بزنۆکە بە قۆچ زگی گورگەکەی دڕاندووە و ئەو عەدالەتەی  بۆ خۆی گەڕاندەوە و بێچووەکانی دەرباز و رزگار کردن.

ئێ ئەمە کۆتایی هات. ئێستا ئەو میللەتانەی کە ناتوانن بەرهەمی  کولتووریان بۆ نەوەکانی خۆیان هەبێت، ئەوە لە کولتوورەکانی دیکەوە بۆیان دێت. ئێستا خەونی منداڵەکانی ئێمە ئەو کارتۆنانەیە کە بۆیان دێت. ئێمە خۆ کارتۆنمان نییە ،مەڕۆکە و بزنۆکە دروست ناکەین، نەك نیمانە هەندەش لی نەخەفتاوین کە لە قۆناغی پیرێژنەکان و پیرەمێردەکانی نەخوێندەواری کۆنمان تێپەڕین. کۆمەڵگای  رۆئیای کۆن و نوێی خۆی کۆدەکاتەوە و دەیکاتە فلیم یان  کارتۆن یان بیکاتە هەر وەسیلەیەکی دیکە و بگاتە بە منداڵەکانیان. بە سەهوو نەچووم کە بڵێم کوڕ و کچەکانمان کە

لێیان بپرسن روئیاتان چییە؟ روئیاکانیان ئەو کارتۆنانەن کە لە دەشت و شار و شاخەکانی ئەمریکا(کە ئێستا زاڵە) بەرهەم دەهێندرێن. جاران هەندێک کارتۆنی ڕووس هەبوون کە بۆ ئێمە هیچ فەرقیان نیە و بێگانە و نامۆن. کە لە کوردستانی خۆمان دەماندی جوان وەرگێڕدراون و کە دەیگوت: تۆ بەراز و من بەراز هەر هەمووومان بەرازین بەم سلّقاوە ترشاوە کۆڵێك مەمنون و ڕازین. کە تەنیا زمانەکەی کوردی بوو محتەواکەی هەمووی ڕووسییە. بەراز لای ئێمە حەرامە و منداڵ هەر نەشیان دیتوە بەڵام بە زمانێکی جوان تەرجەمە کراوە، لە ڕیی زمانێکی باشەوە لەگەڵ کولتوور تێکەڵ بووە بەڵام بە هیچ شێوەیەك لە زاکیرەی ئێمەدا بەرازمان نایەتەوە بیر لە کویێ؟ دیار نیە. لە زاکیرەی ئێمەدا سەگ و کەر و هێستر و بارگین هەیە . ئەم کارتۆنانە شەخسیەتەکانی دوای بیست ساڵی ئێمە دروست دەکەن. نامۆییەکە ئەوکات دەردەکەوێ. چونکە ئەو نەوە کاتێك کە بیر دەکاتەوە وەکو ئێمە بیرناکاتەوە! کاتێك دەیەوێ خۆی ئیسپات بکات وەك ئەندازیارێك ، دکتۆرێك یان وەك ڕامبۆ و زۆرۆ و سوپەرمان دەیەوێ خۆی فەرز بکات؟! سوپەرمان و رامبۆ و زۆرۆ لە دەشتی هەولیر و شارەزوور نابێت، کەواتە جیلی دوای ئێمە توشی نامۆیی دەبێت و نامۆیی شەخسیەتی ئینسان لەت دەکات. ئەگەر نامۆیی لە کۆمەڵگا دروست بوو ئەوە تووشی شیزۆفرینیا دەبێت. تاکی نامۆ دەیەوێ شتێك لەخۆی نیشان بدات کە لە راستیدا ئەوە نییە، رێک وەکو هەر پیاوێك یان ژنێکی شیزۆفرینیك کە بۆ نیو سەعات تەحەمولی ناکرێ. ئەوە یەکێك لەو خەتەرانەیە کە لەوانەیە تووشی ببین.

من ئەمساڵ کوڕە گچکەکەی خۆم بردە یەکێك لەو گوندانەی کە دیزنیلاندی پێدەڵێن. دایکان و باوکانی سەرانسەری دنیا بۆ ئەو گوندە دێن کە بووەتە ئاواتی منداڵان. منداڵان داخلی ئەو دیزنیلاندە دەبن، لە دوورەوە ئەوەی کە بە کارتۆن بینیویانە، لەوێ بە بینایەی حەقیقی هەیە، دەچیە ناوی، یاریەکانی تاقی دەکاتەوە. من لەگەڵ کوڕەکەم سواری یەکێك لە یاریەکان بووم. من هەستم کرد فەرقێك هەیە لەبەینی من و کوڕی من. ئەو بەوێ زۆر ئاشنابوو، یەك یەك مراویەکان و مار و ماسییەکانی فلان چیرۆکە و ناوەکانی دەزانی و دەیناسینەوە. کە دەچووە ناو یارییەکە دەبووە یەکێك لەو شەخسیەتانە و پێشی ئاسایی بوو. ڕۆژێك هەمان منداڵم لێیپرسیم گووتی بابە من جۆرجواشنتۆنم زۆر خۆش دەوێت. گوتم دەی باشە کوڕم خۆشت دەوێ چییە؟ پرسی مەسعود بارزانیش وەکو جۆرجواشنتۆنە؟ گووتم ئا. پێیگوتم باشە، بەس ئەگەر وا نەبێت زۆر خەراپە. تۆ سەیرکە منداڵێکی 10 ساڵە من فێرم نەکردووە و لە کۆمەڵگاشدا فێرنەبووە، ئەمە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنە کە فێری دەکات.

من جاران كه فليمی رامبۆم دەدیت دەمگووت خوایە ئەم ئەمەریکاییانە وەختێکی زۆر بەفیڕۆ دەدەن لەگەڵ سەرمایەکی زۆر، ئاخر ئەوە سەرناگرێ ومەعقول نییە بەشەر ئەوەندە بەقەوەت بێت. دوایی رامبۆمان بینی چۆن هاتن لە عێراق دابەزین و بینیمان چۆن سەدامیان دەرکرد و کابرای علوجیان ریسواکرد و دوایی چۆن سەدامیان لە کون دەرهێنا. رامبۆمان بینی چۆن سەرکردەی عەسکەری ئێمەیان لە کەرکووك گرت پێیان لەسەر مل دانا و هەردوو دەستیان بەست و پێیان گووت جارێکی دیکە نەیەوە کەرکووك هەتا ئێمە پیت نەڵێین! رامبۆ داخلی حەیاتی ئێمەش بووە. ئێستا فیلم سازەکانی ئێمە کە فلیمی سینەمایی دروست دەکەن ، فیلمەکانیان هەموو دیعایەیە بۆ ئەمەریکا. من دژی ئەمەریکا نیم، مەبەستم ئایدیۆلۆژی دژی رۆژاوا نییە، بەڵام بۆ ئەوەی فیلمەکانیای تەماشا بکرێ دەبێ سوپەرمان و رامبۆی تێدا بێت، دەناله دەرەوە پەسند ناکرێ و تەماشاناکرێ. ئەمە هی چییە؟ هی کاریگەری تەلەفزیۆن و هی سینەمایە.

یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی تەلەفزیۆن ئەوەیە کە مەجبورت دەکات زمانێکی بەهێزت هەبێت. لە ماڵێ بەتەنێ بیت، لەناو سەیارە یان لەناو تەیارە یان ئێستا لەبەر مەڕیش بێت، دەتوانی لەرێگەی تەلەفزیۆنەوە یەك مەوزوع تەماشا بکەی، جا ئەو تەلەفزیۆنە لەسەر مۆبایل بێت یان لەناو سەیارە بێت یان لەناو تەیارە بێت، کوێ دەڵێی دەکرێ هەموومان لە شوێنی جیاجیا یەك مەوزوعمان بینیبێ و بە یەك مەوزوعەوە مەشغوڵمان بکات. ئەو زانیارییانەی بۆت دێت ، کە تەرجومەی دەکەی دەبێ زمانەکەت لە ئاستی ئەو زمانە بێت کە ئەم مەوزوعەی پێ باس دەکری ئەگینا مەوزوعەکە ناگات. تۆ کاتێك دەتوانی باش تێبگەیت کە زمانێکی باشت هەبێت. زمانی باش بە دوو سێ کەلیمەی باشی گوندەکەم چی نابێ. دەبێ زمانی هاوچەرخ بێت، تەنیا زمانی ئاسۆیی (ئوفوقی) نەبێت. زمانی چۆنی چاکی و زمانی نالی زمانی وەفایی و جەزیری نەبێت کە تەنیا زمانی غەزەل و پێهەڵگوتنی جوانی ژنانە. فەرهەنگۆکی ئەو زمانە پەتییە ناگاتە دە لاپەڕە. پاشی ئەوە ئەی زمانی داهێنانی ئەم تەکنۆلۆژیایە؟ ئەی زمانی ئەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە ئاڵۆزانەی کە ئەمڕۆ ئێمە تێیدا دەژیەین چۆن دروست بکەین. لێرەدا مەجبور دەبین زمانەکەمان پێشبخەین. زمانێك ئەگەر پێشنەکەوت دوادەکەوێ، ئەو زمانەی کە دواکەوت جیلی نوێ قسەی پێناکات. هەڵبەت پێویستییە پەیوەندییەکانی وەک نان، دەخۆم، ئەوە دیمەوە، ئەوە نایەمەوەی پێدەکات بەڵام کە هاتە سەر بیرکردنەوە ئەوا بیری پێناکاتەوە.

یەکێك لە هۆکارەکانی تەلەفزیۆن لە پرۆسەی بەجیهانی کردنی کۆمەڵگای بەشەردا ئەوەیە

مونافەسەیەکی توند لەبەینی زمانەکاندا دروست دەکات. کە زمانی بەهێزت هەبوو کولتوورێکی بەهێزیشت دەبێت، کە کولتووری بەهێزت هەبوو داهێنەری گەورەشت دەبێت، ئینسانی هاوچەرخت دەبێت. ئەمە یەکێك لە سڕەکانیی تەئسیری تەلەفزیۆنە.

تەلەفزیۆن وایکرد کە ڕاگەیاندن لە دەزگای بچووکەوە ببێتە گروپ و هەموو ئامراز و شێوازەکانیان کۆببنەوە. لە بینایەتی گەورەدا نەك یەك تەلەفزیۆن ژمارەیەك دەلەفزیۆن عاید بە یەك گروپن، ژمارەیەك ڕادیۆشی لەگەڵدایە. من لە هەندێك شوێنم پرسیوە چەند رادیۆتان هەیە گوتی 22 چەند تەلەفزیۆن لە نزیکەی 16 و 17 لەیەك گروپدا، بەناووبانگترین ڕۆژنامەی وڵاتەکەشی لەوێندەرێیە، ژمارەیەکی زۆر پاشکۆی منداڵان و گەنجان و وەرزش و ئەوجۆرە شتانەی هەیە. ئەمە پێی دەگوترێ گروپی ڕاگەیاندن. یەعنی ئیتر مەجال بۆ بەشەر ناهیڵێتەوە، هەر دەتگرێ و ناتوانی خۆتی لێ بشاریتەوە. یەعنی ئەگەر بەو تەلەفزیۆن نەبێت بە تەلەفزیۆنێکی دیکە، ئەگەر بەو بەرنامەیە نەبێت بەو هەموو بەرنامانەی دیکە کە هەیە، ئەگەر نا بە ڕادیۆ ئەگەر نا بە گۆڤار گەر نا بە ڕۆژنامە. جا ئەمە سیاسەت و ئیقتساد و مۆسیقا و هەڵپەرکێ و فاشیۆنی تێدایە.

ئەمە فەرهەنگی گشتی دروست دەکات، یەعنی نۆعێك لە ڕۆشنبیریی کە وەکو مەکینە پاڵت پێوە دەنێت، ئەو بڕیاردەدات کە دەبێت ئەمساڵ ڕەنگی ڕەش مۆدێلی ساڵ بێت. کۆمەڵێك دیزاینەر دادەنیشن دەڵێن ڕەش جوانە جا خۆ لای تۆ ڕەش جوانیش نەبێت کە لەبەرت نەکرد ئەوە تۆ بە جوان تەماسا ناکرێی. ئەمساڵ بڕیاردەدەن دەبێ چاکەتی پیاوان بە یەك قۆپچە و بە ئاستەم بگاتەوە یەك، من کە حەزم لێیە چاکەتەکەم فش بێت بۆم نالوێ، ئیلا ئەگەر بچمە لای خەیاتێك لەبۆم دروست بکات، ئەویش ناگاتە ئەم کۆمپانیایانەی کە لە دەرەوە دروستی دەکەن. لەوانەیە ساڵی دواتر دەگەڕێنەوە بۆ مۆدێلی 20 ساڵ بەر لە ئێستا. قۆپچەی دێتە ئەمسەری، ئەمساڵ وایە و هیچ ئاگاشمان لێ نییە.

هەموو ئەو کەلوپەلی ڕاگەیاندنی کە باسم کرد تا دەگاتە ناوماڵ هیچ یەك لە ئێمە ئازاد نین کە چی هەبێت، بەڵام ئازادین لە چوارچێوەی جەبرێکی دیاریکراودا هەندێ ئیختیارمان هەبێ. ئەمە وا دەکا ئاگاشت لێ نییە دەبێت بیکڕی. کەس نییە لەدەست مۆبایل گۆڕینی ژن و منداڵ و خۆی هەراسان نەبوبێ ، لەدەست کۆمپیوتەر گۆڕین لەدەست سەیارە گۆڕین لەدەست ئەم قەمسەڵەیە جوان نییە ئەویتریان وە پێداوەرە... ئەمە مەوزوعێکی دیاریکراوە.

ڕۆشنبیرییەکی فراوان لەسەر ئەم بوارە هەیە و توێژینەوەی بەردەوام دەکرێ و تۆڕێکی

نێودەوڵەتی هەیە کە پێیان دەگوترێ داڕێژەرانی فکر، واتە ئەوانەی  بیر دروست دەکەن. لەم رۆژگارەدا ناوەندە زانستییەکان کە زانکۆکان لە مەرکەزی پرۆسەکەدان ئەندیشەی زانستییانە بەڕێوەدەبەن. جاران کادیری حزبی و سەرکردەی سیاسی ئایدیۆلۆژیای دەهۆنیەوە. ئەوە بۆچوون و حەزی بیرمەندە توندڕەوەکان بوون کە کۆمەڵگایان ناچاردەکرد وەک مۆدیلی ئەندیشەی ئەوان رێکبخریتەوە. ئەو ئەندیشە سەپێندراوە پێیدەگوترا ئایدیۆلۆجیا. ئەم رۆژگارە بیرکردنەوە و توێژینەوەی زانستی رێگای پێشکەوتنی کۆمەڵگا کەشف دەکات و ئایدیا و حەزی سەرکردەکان جێی نابێتەوە.

باسی فەرهەنگی گشتی بوو، کاتێك ئێمە ڕادیۆ بەجێدێڵین لە مۆدێلی کۆنیدا تۆ لەم زەمانە بەم هەموو تەکنیکی پێشکەوتوو کەوا هونەری تێدا بەکاردێت، و سەقافەتێك هەیە پێی دەگوترێ فەرهەنگی گشتی لەوێدا ئێمە ئازادین لە چوارچێوەیەکی زۆر زۆر تەسک، لە هەموو وەسائیلی ژیاندا، لە قسەکردندا، لە مۆدیلاتدا، لە تیپی شەخسیەتداروویەک لە رووەکان هەڵبژێرین. لە شەبەکەیەکی نێودەوڵەتیدا ژمارەیەك تیۆریسیەن هەنە کە دیاردەی  ئەم زەمانە و  لەسەر چاکسازی و پێشخستن  کاردەکەن. لەو دیاردەیەدا سەمتی کۆمەلایەتی لێکدی جیا و دژێک هەنە. هەیە زۆر لایەنگری کۆنە، بەرامبەرەکەشی زۆر لایەنگری نوێیە، هەرهەمووشیان ڕاستن چونکە تەفاعولێکی نێودەوڵەتی هەیە  و فرەیی لە کولتوور و خوگونجاندنەکانی ناوچە جیاوازەکان بە نەزەری هەند وەردەگیرێ. لەو کتێبانەی کە تۆ دەیانخوێنیەوە خۆت دەبینیەوە لەکوێدا موافیقی لەکوێدا موخالیفی، بەڵام گرینگ ئەوەیە تۆ لەنێو پرۆسەکەدا دەبی. جاران ئایدیۆلۆژیا لەڕێی کادیر و سەرکردەی حیزبیەوە دەردەبڕدرا، قوناغێك بوو  ئایدیۆلۆژیاکان لە کێشە و منافەسەدابوون.تەجروبەی بەشەر وابوو، ئەوە لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو کۆتایی هات. ئێستا ئەو فکرە دەیخوات کە لە مەرکەزێکی عیلمییەوە دەرچوبێت، چونکە مرۆڤ زۆر پێشکەوت. ئێستا قسەی ئایدیۆلۆگێکی کۆمۆنیست نایخوا کە دەڵێ دیموکراسی بریتیە لە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا، پرۆلیتاریا بە دیکتاتۆریەتی خۆی باشترین عەدالەت دەسەپێنێ، بەشەر لە زوڵم ڕزگار دەکات. منی کە ئێستا ئەوقسانە دەکەم لە هەشتاکان کە ئەوشتانەم دەخوێندەوە لەبەردەمی رووناکی پەنجەرەی سۆبەی عەلائەدین گوڕ گوڕ دەگریام بۆ ئەو دیموکراسیەتە! دوایی دەرچوو ئەمە دیموکراسی نەبوو  رووخا، بۆ چونکە سەرکردەیەکی حزبی بۆ نیازێکی سیاسی بیری دادەڕشت. ئینجا سیاسەت ئەگەر لە فەنی ئیدارەکردنی کۆمەڵگایەکی بەرەوپێشکەوتن بە دەوڵەتێکی دیموکراتی باش و بەسەرکردەی دیموکراتی و زانای موئەسیری باش دەرچوو  دەبێتە سیاسەتی

دیاردەیەکی قەڵپ. لە کوردەواری، زۆر لەو پیرێژن و پیرەمێردانە دەڵێن سیاسەتکردن یەعنی ریسواکردن، سیاسەت یەعنی درۆکردن، سیاسەت دەکات یەعنی فێڵ دەکات، سیاسی بوو یەعنی قۆڵبڕبوو! جوانترین فەنی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا لە نەتیجەی ئایدیۆلۆژیا ئاوهای لێهات بۆ؟ با نموونە لە مێژووی خۆمان بێنینەوە؛ عەبدولکەریم قاسم دەهات لە عێراقی بە سیدارە و دارە قوڵەی بن هەنگڵی سەرنجی کۆمەڵگای عێراقی بۆخۆی راکێشا، دوایی دەستیکرد بە کوشتنی خەڵك. ئینجا هەر ئەوانەی لە تەنیشتی رادەوەستان لە کودەتایەکدا گرتیان لە بینایەی رادیۆی بەغدا ئیعدامیان کرد و لە تەلەفزیۆن نیشانیانداو گوتیان ئەمە خائین بوو، ئێمەین کەوا مەسیرەکە بەڕێوەدەبەین. ئەوانیش یەك لە دوای یەك مەیتی هەموویانمان دیت تا دەگاتە سەدام .

لێرەدا هاوولاتی سادە حەقی خۆیەتی بڵێت سیاسەت بریتییە لە درۆزنی و فرتوفێڵ. ئێستا ئەو قۆناغە کۆتایی پێهاتووە، سیاسەتمەداری باش ئەو کەسەیە کە لە پێویستییەکانی سەردەم بە کۆمەڵگای خۆی و جیهانەوە تێبگات، دەبێ عیلمیانە بیربکاتەوە. بۆ نموونە پێویستە تێبگات ئابووری وڵاتەکە چۆن ببوژێنێتەوە، دەتوانی زمانێکی دۆڵەمەندت هەبێت، دەتوانی دیموکراسی چۆن وەکو جل و بەرگ بەقەدفەرهەنگی وڵاتەکەت ببڕی؟ چۆن دەتوانی قیادەی کۆمەڵگایەك بکەی کە 90 ساڵ لەشەڕدا بووە، 30 ساڵی ئەخیر لەبەر ئەنفال کراندابووە، کە گوندی نەماوە ئینسان لەو کۆمەڵگایە تەشوی کراوە، ئەرێ چۆن دەیبوژێنیەوە؟ هەر بە قسە؟ هەر بە ئەی رەقیب؟ هەر بە برنۆ؟ نا بەوە نابێت چونکە ئەویان قۆناغی تەواو بوو، دەبێت ئێستا پەنا بۆ تەکنۆلۆژیا و زانین و دەوڵەت بەڕێوەبردنی هاوچەرخ ببەین، ئەمە لە کوێیە ؟ ئەمە لە لای ئایدیۆلۆگی هیچ حیزبێك نییە بەڵکو لە ناوەندەکانی عیلمی داهەیە. با نمونەی پاشماوەی ئایدیۆلۆژیاتان لەم زەمانە بۆ لە حزبە ئیسلامییەکان بگێڕمەوە. سەرکردەکانیان بە تێگەیشتنی خۆیان باس لە تەنزیمی کۆمەڵگا دەکەن، بە تێگەیشتنی خۆیان رەفزی دیموکراسی دەکەن، بە تێگەیشتنی خۆی فەردی نەك لە شوینێك خوێندبێتی تا تەجرەبە بێت و نەقڵی بکات یان دیراسەی کۆمەڵگاکەی خۆی کردبێت. ئەگەر مناقەشەی بکەی بە دوو کەلیمە دەیگری ، هی سێیەم ئەویش تەکفیرت دەکات. پاشماوەی ئایدیۆلۆژیا لەناو بزووتنەوەی گۆڕان ماوە. کابرایەك دادەنیشێ و بڕیار دەدات کێ خائینە! کێ بە ئەخلاقە! کێ هەبێت و کێ نەبێت! حەز دەکات ئەم حکوومەتەش بڕوخێ یان نەڕوخێ، کە لێی دەپرسی بۆ؟ بۆیەکەی پێ نییە. بۆیە پەنا بۆ هەمان توندوتیژی دەبا کە ئیسلامیەك دەیبا ، بەڵام بەشیوەی دیکەی غەیرە ئیسلامی.

کەچی بەشەکەی دیکە ( پارتی دیموکراتی کوردستان) کە دەیەوێ حکوومەت بەڕێوەبەرێ ، تا دێ، ئەگەر بە کەمیش بێت، پەنا بۆ خەبیری دەرەوە دەبا، بەدوای خەبیری ناوەوە دەگەڕێ، وۆرکشۆپ دەکەن کۆمان دەکەنەوە لە شوێنێك تا فێربین. ئەوە هەمووی محاوەلەیە بۆ گۆرانکارییەك لە سیستەمی بیرکردنەوەی سیاسی .

بەشی چوارەم

ئەنتەرنیت و ماس میدیا

تەلەفزیۆن میراتگری رۆژنامە و رادیۆ و گۆڤار و مانگنامە و سینەما و شانۆ و کتێبە، هەموویان لەخۆیدا کۆدەکاتەوە. ئەمە جیا لە بەرنامەکانی شۆ کە لە تەلەفزیۆنەکان و رادیۆکانیشدا پێشکەش دەکرێن. ئێمە لە شاشەی تەلەفزیۆنەکان ، سینەما و شانۆ و شۆیەکانیش دەبینین، ڕادیۆشمان گوێ لێیە و ڕۆژنامەکانیش دەخوێنینەوە. تەلەفزیۆن کە ئەمانە هەمووی لەخۆیدا کۆدەکاتەوە دەوری لە دروستکردنی کولتوور و پێشخستنی هەیە، لەناو کولتووریشدا دەوری لە دروستکردنی شەخسییەتدا هەیە. بۆ؟ چونکە جیا لەو زانیارییە زۆرەی کە دەماندانێ، قوژبنی زۆر وردی ژیانی فەردی و کۆمەڵایەتیش کەشف دەکات. بۆ نموونە لە فلیمەکاندا ئێمە وردەکاری ژیانی کەسایەتی گەورە، کەسانی تانکار و نەخۆش، شەخسیاتی زیرەك و داهێنەر، پێداوەرە، هەموو ئەو کەسایەتیانەی کە لە کۆمەڵگادا دروست دەبن و دەبێت ئێمە بیانزانین تا فێربین، ئەوانە دەبینین. باوەڕناکەم کەس هەبێت بە دیقەت تەماشای فیلمێکی سینەمایی بکات و دوایی بەراوردی نەکات لەگەڵ ژیانی خۆی. هەڵبەت فیلم کاریگەری لەسەر منداڵان زۆرترە. بۆیە چۆن میدیا فەرهەنگێکی خێرای دروست کردووە کە پێی دەگوترێ public culture فەرهەنگی گشتی، بتەوێ یان نا، ڕەنگت پێ دەگۆڕێ، مۆدیل و ڕۆیشتن و سەفەرت پێ دەگۆڕێ، تەنانەت نیازت پێ دەگۆڕێ. دەچیە سەفەر چ دەکەی؟ ئینسان تەماشای ئەو ڕیکلامانە دەکات کە پێتدەڵێ کە چوویتە سەفەر دەبێت وابکەی و وانەکەی. گەر پێشتر یەکێك بە تەنیا سەفەری بکردبا لە نیازەکانی خۆیەوە سەفەرەکەی تەنزیم دەکرد.

بۆیە زۆر گرینگە تێبگەین ڕاگەیاندن تەنیا بۆ ڕاگەیاندنی حیزبی سیاسی و دەوڵەتی نییە،

ڕاگەیاندن لەم زەمانە لە پرۆسەی بیناکردنی کۆمەڵگا و کەسایەتی و داهێنان و  پرۆسەی ئامادە کردنی ستافی پەروەردە ،کاریگەری هەیە. ڕاگەیاندنە کە سیاسیەکان پێدەگەیەنێ، ڕاگەیاندنە کە سەرکردەکانی ئەم رۆژگارە پێدەگەیەنێ و دەیانناسینێ ، ڕاگەیاندنە کە خەڵك بۆ سەرکردەکان کۆدەکاتەوە .سەرکردەکان بەبێ ڕاگەیاندن موستەحیلە بتوانن یەك هەنگاو باوێن.

لە تەلەفزیۆندا بوارێکی دیکەی زۆر حەساس هەیە ئەویش، قەدەغەکانی ناو ژیانی مرۆڤ ئاشکرا دەکات. یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی بەشەر ئەوەیە لە سیستەمی قسەکردندا وشە هەیە بەزاردانایەت، ئەمە پرۆسەیەکە مێژوو دروستی کردووە، وشە هەیە مانای هەیە و بەزارداهێنانی قەدەغەیە، وشە هەیە مانای هەیە و کوفرە. مانای هەیە و عەیبە. مانای هەیە و تاوانە. تەلەفزیۆن هەموو ئەوانەت بۆ ئاشکرا دەکات. یەکێك لە تایبەتمەندیە سایکۆلۆجییەکانی ئینسان ئەوەیە جورئەتی کەشفکردنی عالەمی شەخسی خۆی نیە. تا ئینسان دەتوانێ لە حەمام بە ڕووتی بەرامبەر خۆی بوەستێ،وەختێکی بە سالآنی دەوێ، بۆ؟ ئەمە کەشفێکی سایکۆلۆجیە کە ئینسان بەرامبەر بە شتێك دەوەستێنێت ،بۆی دەسەلمێنێ تۆ هیچت لەخەڵکی دیکە زیاتر نییە. لەوانەیە خۆت زۆر پێ جوان بێت لەوانەیە زۆرت پێ ناشیرین بێت. خۆ ئەگەر توانیت خۆت ببینیەوە وەك هەموو کەس نە جوانی نە ناشیرنی، لەوانەیە پەسەند بی یان ناپەسەند بی، ئەوکاتە دەردەکەوێ کە شەخسیەتێکی هاوسەنگت هەیە.  لە عالەمی شاراوەی بەشەردا تەلەفزیۆن داخلی هەموو ئەو بوارانە دەبێت کە مەمنوعە ، نیشانت دەدات خەڵك چ دەکات تۆش وابکە یان وامەکە.

تەلەفزیۆن دابەش بووە لە سیاسەتەوە بۆ پەروەردە و پێداوەرە بۆ جنس و منداڵ و ئابووری و پیشە.. هەر بۆیە هەریەك لە ئێوە لە ماڵێ کاتێك کە سەتەلایت دادەنێن هەندێ کەناڵ لادەدەن لەبەر منداڵ، هەندێك لادەدەن لەبەر ئەوەی پێتوایە کە نابێت خۆشت ببینی، هەندێکی تر پێتوایە نابێ ژن ببینن بەس پیاو دەکرێ ببینێ. ئەوەیە تەلەفزیۆن  دەکاتە مولْکی گشتی وەك ئاسایش، تەندروستی و زمان.

ئێستا شەبەکەی ئینتەرنێت تەلەفزیۆنت بۆهەڵدەگرێ. پێش ئینتەرنێت دەبوایە خێرا خێرا ڕاکەین تا بەرنامەیەك تەماشا بکەین . تەکنۆلۆژیا وایکرد تەلەفزیۆن تۆمار بکرێ. بۆ نموونە من ڕۆژانە تەقریبەن نیو سەعات تەماشای تەلەفزیۆن دەکەم بەڵام ئاگام لە هەموو ڕوداوەکانی دنیا هەیە، چونکە ئایپادێکم پێیە لە هەر شوێنێك ئینتەرنێت هەبێت تەماشای ئاخرین هەواڵ دەکەم ، تەماشای هەموو ئەو شتانە دەکەم کە لە کوردستان ڕوودەدات. من هیچ وەختێکم تەرخان نەکردووە بۆ ئەوەی

له کاتێکی تایبەتی دەبێ تەماشای میدیا بکەم، ئەگەر پێڕانەگەیشتم هەواڵێک لەوەختی خۆیدا ببینم، له 24 سەعاتی دواتر زۆر بە جوانی دەیبینم، وەکو تۆ دەیبینم کە کاتی خۆی بینیوتە.

یەکێکی تر له تواناییەکانی ئینتەرنێت جیا له تەلەفزیۆن و رادیۆ و ڕۆژنامە و کتێب، شتێکی دیکەی زۆر حەساسی زیاد کرد ئەویش پێیدەگوترێ پەیوەندی و کارلێك (تفاعل) و پیکڕابوون (تواصول) کە بەم دووە دەتوانی هەر ئەودەمی له هەر رووداوێك بەشداربی، دەتوانی بنووسی و جارێکی دیکە بنووسیەوە و بکەویە مناقەشە لەگەڵ ئەو ئیستگایە. هەربۆیە ئێستا شێوازی کارکردنی تەلەفزیۆن گۆڕاوە، جاریوا هەیە دەنگوباس دەبێتە گفتوگۆ، دەنگوباس دەبێتە مایککردنەوە لەسەر ئەو کەسانەی کە شارەزان، لە هەندێك شوێن دەنگوباس ئەگەر رووداوێکی زۆر حەساس بێت ،مایك دەکەنەوە لەسەر ئەوکەسانەی کەوا لەوێن و بەشێك نین لە ستافی دەنگوباس.

بەم پێیە دەڵێین ئینتەرنێت و سەتەلایت، ڕاگەیاندنی کردە ماس میدیا (mass media) یەعنی لە دەستی نوخبە دەریهێنا. پێش ئێستا نوخبەیەکی دیاریکراو دەینووسی و دروستی دەکرد و بەڕێوەی دەبرد و تەوجیهی دەکرد، ئێستا ئەم نوخبەیە ماوە بەلام خەڵکیش تێیدا بەشدارە. با نمونەیەك له تەلەفزیۆنی 24ی فەرەنسا بێنمەوە؛ بەرنامەیەکیان هەیە دەڵێن (تۆڕی هەواڵنێرە جیهانییەکان)لە ڕێی مۆبایلەکەتەوە لەکوێی دنیا هەی ڕاپۆرتمان بۆ بنێرە و ئێمە دوای پشکنینی بلاوی دەکەینەوە. هەموو ڕۆژێك بەشێك لە دەنگوباسیان بریتییە لەو پارچانەی کە لەسەرانسەری دنیا بۆیان دێت. زیاتر له چەند هەزار پەیامنێری خۆبەخشیان هەیە. ئەوانە کێن؟ وەك ئێمەنە. بۆیە له ماس میدیادا چەندلایەنی زۆر حەساس هەیە. خەڵك هەموویان بەشداری کاری ڕۆژنامەنووسی دەکەن، شەرت نییە ڕۆژنامەنووس بن، چونکە ڕۆژنامەنووسی تەقسیمە لەنێوان داهێنان و ئەزموونی شەخسی ڕۆژنامەنووس، ئەمەی پەیوەندی بەژیانی ئاساییەوە هەیە. وێنەگرێکی تەلەفزیۆنی بەو راهێنانەی کە بینیویەتی هەرکاتێك کە وێنە دەگرێ زۆر مانا و پەیام نەقڵ دەکات، بەلام تۆ دەتوانی بە مۆبایلەکەت کە ڕوداو ڕودەدا وێنە بگری و با بشلەرزی، دوایی بیدە بە تەلەفزیۆن، پەیامەکەی تۆ هەر دەگات. بۆیە ئێستا خەڵکێکی زۆرتر بەشدارن لە گەیاندندا لە ڕێگەی مۆبایل و کامێرای دەستی خۆیانەوە. ئەمە پێیدەگوترێ ماس میدیا.

ماس میدیا ڕاگەیاندن پلەیەك دێنێتە خوارێ، دەیهێنێتە ئاستی خۆی(خەڵک). هەر وەك چۆن پیاوێکی ئاقڵ و هێمن و لەسەرخۆ کە داخلی ئاپۆڕەیەکی خۆپیشاندان دەبێت ئۆتۆماتیکیانە ئاستی ئاگایی دێتەخوارێ، یەعنی تەسلیم دەبێت بە ڕاکردن بە هوتافدان بە حەرەکاتی سەیر،

لەوانەیە لەگەڵ خەڵکی شەق لە دوکان هەڵبدا و لەبەردەمی ئەودا جەریمە دەکرێ بەلایەوە ئاساییە، دوایی کە دێتە دەرێ، لەوانەیە بەخۆیدابچێتەوە : ئای ئەو ناماقولییە چییە من لەوێ بەشداربووم؟. ئەمە سرووشتی بەشەرە. مرۆڤ هەندێ تایبەتمەندی هەیە کە بریتییە لە جەستە و ڕۆح. جەستە و ڕۆح لە شوێنی تایبەتیدا و بەتەنێ و بە کۆ هەڵسوکەوتیان دەگۆڕێ، تێگەیشتنی دەگۆڕێ و ئەرکەکانیشی دەگۆڕێت. لە ماس میدیادا ئاستی نوخبە دێتەخوارێ. بۆیە ماس میدیا تەکانێکی زۆر خێرا بە فەرهەنگی گشتی دەدات. هەندێک دەڵێن فەرهەنگی گشتی بەلایەکی گەورەیە بە ملی کۆمەڵگای بەشەریدا هاتووە، چونکە دیقەت، و هونەر و داهێنان دێنێتەخوارێ. ئەمانە هەرسێکیان ڕاستن، بەڵام تەرەفەکێکی دیکە هەیە دەڵێ کۆتایی بە هونەر و بە دیقەت و داهێنان ناهێنێ، بەڵکو ئەوکەسەی کە داهێنەرە دەبێ لە جاران زیاتر ماندو بێت تا ئیبداعی خۆی دەسەلمێنێ، دەنا ناکرێ لە قۆناغێکی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا ڕێگە لە بەشداری خەڵك بگیرێ. ئەگەر بە فاشیۆن مۆدیلت پێ دەگۆڕێ، ئەگەر مەسرەفت پێدەکا، ئەگەر باوەڕی خەراپت بۆ دێنێ و ئەگەر رەئیت بۆ حازر دەکات و هەندە لێدەدرێتەوە ناچارت دەکات تەسلیمی بی، ئەمە واتلێدەکات تۆ خۆت بەدەستەوە بدەی،واتە (لێدەخوڕێی)موسەیەر بی. ئەمە خەتەرێکی گەورەیە چونکە کۆمەڵگا ئاگای لێنیە و بەلایەکدا دەیبەن، جا بۆ سیاسەت بێ بۆ ئابووری بێ بۆ پەروەردە بێ یان بۆ هەر بوارێکی دیکە بێت. لایەکەی دیکە ئەوەیە دەکرێ نوخبەی داهێنەر، ئەوانەی کەوا بە دیقەت بیردەکەنەوە و بە دیقەت کاردەکەن لەناو میدیا و کۆمەڵگادا، دەبێ زیاتر ماندوبن چونکە قیمەتی ئیبداعی لە زەمانێکدا کە ماس میدیا زاڵە، داهێنان کارێکی ئاسان نابێ. هەربۆیە لەم زەمانەدا داستایۆفسکی و نالی دووبارەنابنەوە، لەم زەمانەدا ئەحمەدی خانی نییە. ئەگەر یەکێك وەك ئەحمەدی خانی بنووسێت ئێوە نایخوێنینەوە. ئەحمەدی خانی لە سیاقی مێژوویی خۆیدا لە 400 ساڵ بەر لەئێستا، قیمەتی بۆ دادەنێین. کاتێك خومەینی شیعرەکانی بڵاوبۆوە، پلەی دیقەتی هونەرییانەی و عیرفانی شیعرەکانی لە ئاستی حافزی شیرازیی بوو، هەندێکی لە ئاستی مەولانا جەلالەدینی ڕۆمییە. بەڵام قەت خومەینی نە جەلالەدینی ڕۆمییە نە حافزی شیرازییە، چونکە خومەینی لەساڵی 89 19مرد، هیچ هونەر نییە بە زمانی مەولەوی و حافز و تەقسی عیرفانی لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا بژیت و قسە بکەی. ئەمەیان بۆ سەدەکانی پێشوو قیمەتی هەبوو، ئێمە دەیخەینە چوارچێوەی مێژووەوە. بۆیە لەم زەمانەدا زۆر نووسین ، زۆر قسەکردن بەمانای ئەوە نییە زۆر هونەری تێدایە. لەوانەیە بڵێین بەر لە دووسەد ساڵ دەقێك هەبێت دەیخوێنینەوە چونکە لەوکاتدا نووسین کارێکی زەحمەت بوو، بایەخی هەمێژوویی بۆ ناسین و لێکۆڵینەوە هەیە.

کاتێك پیشەسازی پێشکەوت، ئیمپراتۆریی عوسمانی کە جیرانی ئەورووپا بوو نەیهێشت چاپ بێتە ناوەوەی ئیمپڕاتۆڕی ئیسلامی و پێیوابوو کوفرە.کێشەیەکی زۆر روویدا تا نزیك بە سەد ساڵ لەمەوبەر ،ڕێگە درا چاپخانە بێتە ناو ئەستەمبۆڵ. ئەوە لەبەر باوەڕی دینی و قەناعەتی کۆمەڵایەتی بوو.

لە ماس میدیادا ئینتەرنێت بە هەموو تەفاسیلیەوە، مەبەستم هەموو ئەو گروپانەشە کە تێیدایە لە بابەت فەیسبووك ،تویتەر، ئیمەیڵ و مەسنجەر و وێبسایت و... ڕۆژانەش وەکو شەیتان هەروا دەزێت_ وەرچەرخانێکی مەزنە. رۆژانە مرۆڤ نازانێ چ شتێك زیاد دەبێ و هیچ سنوریشی بۆ نیە. باشیەکەی لەوەدایە کە ئەنتەرنێت سەربەخۆیی تاك بە ژن و پیاو، بە هەموو پێکهاتەکانی ناو کۆمەڵ، زیاد دەکات.

لە میدیای نوخبەدا تاك دەبێ گوێبگرێ و فێربێ و لێیدەخوڕن، لە ئەنتەرنێتدا تاك بەشدارە، بۆیە قۆناخی ماس میدیا و بڵاوبونەوەی ڕاگەیاندن بۆ ناو وردەکاری ژیانی خەڵك و دەسکەوتی تەکنۆلۆژیا وا لە تەك تەکی ئینسان دەکات لە هەرکوێیەك بێت بەشداربێت لە کاری ڕاگەیاندندا. ئەمە تاکی لەدەست هەموو سیستەمەکان دەرهێنا: لەدەست دین و ئاداب و تەقالید و عورف و نەتەوە و وڵات دەریهێنا. بۆیە ئەمە دیاردەیەکی جیهانییە، دیاردەیەکە لە پرۆسەی بە جیهانیبوونی مرۆڤایەتی، دیاردەیەکە لە پرۆسەی بەیەکدەوڵەت بوونی جیهان، واتە بەیەك سیستەمبوونی دنیایە. ئەمە وایکرد کە ئەم غەدرەی بەدرێژایی مێژووی بمرۆڤ ، لە هەموو فەرهەنگەکاندا ،لە هەموو کۆمەڵگاکاندا، لە هەموو قەناعەت و دینەکاندا کۆتوبەندی بۆ خێزان دانابوو، ئێستا ئەوە نەما. جیا لەوەی لەڕووی پێکهاتە نەتەوەکان و دینەکان، ئینجا لە دینەکاندا مەزهەبەکان لە مەزهەبەکاندا قەناعەتە بچووکەکان، لەوێش وەرە ناوچەکان، هەموو ئەوانە بەیەکەوە دەبوژێنێتەوە.

ماس میدیا یان میدیای گەورەی ئەم زەمانە، جگە لەوەی تاك دەبوژێنێتەوە بەشداری پێدەکات لە دیموکراسی، تاوانیشی پێدەکات، کۆمەڵگاشی پێ دەهاروژێنی. یەك کەس دەتوانێ بە چاك و خراپ بکەوێتەگەڕ.

ماس میدیا وادەکات هەموو پێکهاتەکان بناسرێن. بۆ نموونە لە سەرەتای هەشتاکانەوە ئەو تەکان و هێزەی بە ناساندنی کێشەی کورد درا، هیچ بەراورد ناکرێ لەگەڵ مێژووی ئەوکاتی. ئەوکات بە هەندێك نوێنەری حزبەکانیان دەگووت قارەمانی شاشەکانی ئەورووپا. ئەو کەسانە شارەزا بوون هەوڵیاندەدا لەهەر شوێنێك قسەیەك بکەن.. پارتی و یەکێتی و حیزبی دیموکرات، هەریەکی یەك

جیهازی سەتەلایتیان هەبووە کە لە کۆتایی هەشتاکان دەیانتوانی قسە لەگەڵ سەرانسەری جیهان بکەن. وەك مۆبایلی ئێستا، بەو جیهازی سەتەلایتە پەیوەندییان بە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەکرد. کاتێك ئەنفال ساڵی 1988 روویدا ، ئیتر وەک ساڵی 1975 نەبوو دەنگمان نەگاتە کەس. ئینجا لەگەڵ پەرەسەندنی تەلەفزیۆن چووینە قۆناغێك کە ئیتر بێدەسەلات نەبووین.ئەو قسەیەی سەرۆکی کوردستان بەڕێز مەسعود بارزانی سەرنجڕاکێشی کە دەڵێ ئەوەی کامیرای تەلەفزیۆن کردی نە نووسین و نە قسە و نە تێکۆشانی ئێمە نەیدەتوانی بیکات! ئەگەر کامیرایەکی ڤیدیۆ نەبایە ئێوە نەتاندەزانی بەڕێز مەسعوود بارزانی لە کاتی شکاندا، لەساتە کۆتاییەکاندا لە قەبری زاهیر - خواکورك چی گووتووە. ئەو پارچە فیدیۆیەی مێژوویەکی تۆمار کرد، چەند شانازی پێوە دەکەین. کەواتە میدیا نەك هەر مێژوو دەپارێزێ بەڵکو پێکهاتەکان زیندو دەکاتەوە، هیچ شتێك بز رناکات، بۆیە سەرچاوەکانی زانیاری ئینسان هێندە زۆر دەکات کە دواناکەوی لەوەی کە شتێکت گوێ لێنەبووە. دەتوانی لە ئەنتەرنێت بە کاوەخۆ بیزانی. بۆیە لەم رۆژگارەداووشەی نەمدیوە و نەمبیستووە، نەمزانی لە ئینسانی داهێنەر قبوول ناکرێ. هەر کەسێك و هەر سیاسییەك و هەر خاوەنبیرێك و هەر کاربەدەستێک لەبواری خۆی بڵێ من نەمزانی، دەبێ بەرامبەری بوەستی و پیی بڵێی: کەواتە تۆ تەمبەڵی، بڕۆ تەماشاکە، یەك دوگمە لێبدە ئەوەی نەتزانیوە دەیزانی بڕۆ بیزانە.

هەموو میللەتان پێکدی ناسێندران، خەریکە پرۆسەی ئازادی میللەتان کۆتایی پێدی، لەنێو میللەتانیشدا پێکهاتەکان و دینەکان دەبوژێنێتەوە. هەندێك کەس دەڵێن میدیای ئەم زەمانە رەوتی دینی بەهێز کرد. وانیە، بەهێزی نەکردووە، هەر ئەوەی کە هەیە دەرفەتی داوەتێ تەعبیر لەخۆی بکات. ئەدی دوای تەعبیر لەخۆکردن؟ ئینجا دەناسرێ، ئەی دوای ناسین؟ ئینجا هەلدەسەنگێندرێ، ئەی دوای ئەو؟ ئینجا دەبێت بە فکر، لە قۆناغی فکردایە کە تەئسیر نەك هەر لە دنیا لە خودی ئەو کۆمەڵگا دینییەش دەکات. حاڵەتی بنلادن وەک نموونە تەماشاکەن: سەرەتا چەند بە تەوژمەوە دنیای ئازاردا، ئێستا وردە وردە لە عالەمی ئیسلامی هەڵدەسەنگێندرێ ئاخۆ ئەم وەحشیەتە دینە؟ یان دیاردەیەکی دیکەیە؟ ئەم دیاردەی توندڕۆیی وای لە دینی ئیسلام کرد کە بەرەو چاکسازی پاشەکشێ بکات . دینێك کە دەیگوت ئیسلاح قبووڵ ناکەم ئێستا وا قوبوڵی دەکات. سەرکردەکانیان دەیانگووت پەرلەمان شیرکە، ئێستا تێیدا ئەندامن. دەیانگووت دیموکراسی کوفرە، ئێستا مومارەسەی دەکەن و مونافەسەش دەکەن. ژنیان وەک پیاو یەکسان قبووڵ نەبوو، ئێستا کۆتای ژنیش قوبوڵ دەکەن. ئەوە گۆرانی ئیتیجاهێکی توندی ئیسلامییە لە وڵاتی ئێمە. جا هەموو عالەمی ئیسلامی لە گۆراندایە. ئیخوان ئێستا وردە وردە بەرەو

دیموکراتبوون دێن . ئەگەر ڕۆژگارێك ئیخوان ببن بە دیموکرات، هەر وەك مەسیحیە توندڕەوەکانی ئەورووپا بوون بە دیموکرات - مەسیحی ، ئەوە سەرکەوتنی حزبێکی ئیسلامی لە ناوچەکە و وڵاتی ئیمەشدا بۆ فەترەیەکی دیاریکراو هیچ خەتەر نییە. دەتوانین وایدابنێین کە ئیتیجاهێکی محافیزەکار بۆ ماوەیەکی دیاریکراو سەرکەوتووە، ناحەزەکانی پێویستە تێبکۆشن و لێیببهنەوە وکۆتایی پێدێت.

لە وڵاتی ئێمەدا دیاردەی میدیای فراوان چۆن ڕەنگی داوەتەوە؟ بۆچی زمانەکەمان تووشی گرفت بووە، بۆ؟ چونکە هەموو کەس و پێکهاتەکانمان دەرفەتیان هەیە تەعبیر لەخۆیان بکەن، دەرکەوت لێکدی باش حاڵی نابین و کێشەی زمانمان هەیە. پێش ئەم قۆناغە نەماندەزانی، بەڵام ئێستا شیوەزاری ناوچەکان بوژاوەنەتەوە. زۆر کەس پێیوایە ئەم ناوچەگەرییەی لە کوردستان هەیە هەڵەیەیەکی مەترسیدارە. هەڵە نیە، زۆر ڕاستە، با خۆیان تێرکەن. ئێستا خەریکن هۆزەکان و عەشیرەتەکان، شارەکان و گەڕەکەکان پەیج دروست دەکەن و خۆیان دەناسێنن: ئێمە واین و واین، ئەها ئەو گۆرانیەمان هەیە، ئەو پیاوە گەورەمان هەیە. دەی با فلان عەشیرەت هەموو ئیمتیازاتی خۆی بناسێنێ. قەیدی ناکا، بۆ نموونە با بزانین بێجگە لە سافی کێی دیکە لە هیران هەیە؟ خۆ دنیا خەراپ نابێت با ئەوانەی خەڵکی هیرانن تێر شانازی بەخۆیانەوە بکەن، با هەولێر چییەتی هەتا سەرەوە بێ و پربێت، هەر کە پڕبوو ئەوکات دەڵێ: جا ئەمن بەشێکم لەم وڵاتە.

پرۆسەی خۆنیشاندان و ناساندن و سەرەنجام یەکتر تێگەیشتنی پێکهاتەکان لە تاکەوە تا نەتەوەکان و پێکهاتەکانی دینی و مەزهەبەکان ، ئەوجا بۆ عەشیرەتەکان و سەرەنجام لە شارەکاندا بۆ گەڕەکەکانیش بێن. لە فەیسبووکدا گەڕەکی بەختیاری لە هەولێر زۆر چالاکن ، لە شارەکانی دیکەشدا هەروایە. ئەمە ڕێژەی بەیەکتر ناساندنی کۆمەڵگا زۆرتر دەکات، ئەلێرەوە دەمەوێ سەرنجتان ڕابکێشم ؛ لە سەرەتادا گووتم ڕاگەیاندن سیستەمە، ڕاگەیاندنی سیستەمی، نەك دەزگای سوکایەتی و جنێودان. هەر حزبێك دەیەوێ وڵات بەڕێوەبەرێ و دیموکراسی دروست بکات، دەیەوێ گەشەکردنی ئابوری هەبێت و کۆمەڵگایەکی پابەرجا پێشکەشی بکات، دەبێ ئاوها لە ڕاگەیاندن بگات: نابێ ڕاگەیاندن تەنیا پەیامی سیاسی بێت.

لەلایەکی دیکە نابێ لە پرۆسەی بە جیهانیبوون بترسێین، بە جیهانیبوون مانای وایە بەشێکین لەو جیهانە و توانایی پێشکەوتنمان هەیە، لێی فێر دەبین و لێی وەردەگرین بەڵام لە هەمانکاتدا دەمێنین.

هەروەها کاریگەری میدیا لەسەر سیستەمی ئابووری هەیە. ئابووری دنیا بەڕێوەناچێ ئەگەر ئیستیفادە لە سیستەمی میدیا نەکات: هەر لە سیستەمی بانکەکانەوە بگرە تا حکوومەت هەمووی. مۆدیلێک هەیە پییدەڵێن حکوومەتی ئەلێکترۆنی. ئێستا لە وڵاتی ئێمەدا حکوومەت کامڵ نیە، سیستەمی ئێمە تەواو نیە و لە پێگەیشتندایە. دنیا گەیشتە قۆناغی حکوومەتی ئەلیکترۆنی. حکوومەت سەرکەوتوو نابێ ئەگەر ئەلیکترۆنی نەبێت، دەبێت هەموو کارمەندەکانی، هەموو دەوامەکانی ،هەموو ئیجازەکانی، هەموو پەیامەکان لەجیاتی کاغەز لەسەر شەبەکەی ئینتەرنێت بێت. واتە لەسەر وێبسایتی گشتی خۆی بێت. دەبێ لەو رێگەوە تێکەڵی دنیا بێت. ئابووری ئێمە لەوێ باشتر دەگەڕێ. ئێمە بە شێوەی راستەقینەی خۆی بانکمان نییە، لە دین و عادات و عورفی ئێمەدا بانك حەرامە. ئەوە حاڵمانە لە پڕێکا معاش ناگات، بۆ؟ چونکە سیولە نییە، پارەی نەقد نییە، بۆ پارە نییە؟ چونکە سیستەمی بانکی نییە، ئەگینا داهاتمان زۆرە. ئەی بۆ داهاتی ئێمە بەرهەم ناهێنێ؟ بۆ نازێتەوە؟ چونکە سیستەم نییە. راگەیاندن ئا لەوێدایە کە ناهێڵێ یەك شت بشاردرێتەوە. ئەمە پێیدەگوترێ حکوومەتی باش کە ئەمڕۆ لە دنیادا مۆدە، حکوومەتی باش دەبێ حکوومەتی ئەلیکترۆنی و پەیوەند بە راگەیاندن بێت.

ئێستا لە دنیادا کارکردنی فەردی و کارمەندی ناتوانێ باش بێت ئەگەر تێکەڵی میدیا نەبێ. خێزانەکان دابەشبوون، هەریەکە لە وڵاتێك یان لە شارێك کاردەکەن. نەك هەر سیستەمی گەیاندن سەریعە، جاری وا هەیە کارکردنەکە هەمووی لە ماڵەوەیە. کارمەند بە رێگادا دەڕوات و وەزیفەکانی بانك یان هەر کارێکی دیکەی ئەنجام دەدات، تا دەگاتە شوێنی کارەکەی کەلك لە کات وەردەگرێ. ئێستا مۆدی نەماوە لەپشت مێزەکەت دانیشی ئینجا دەست بەکار بکەی. تەواسول (بەردەوامی) لە ڕێگایش دەکرێ، لە ماڵیش دەکرێ، شەویش بەشێك لە کارەکانی سبەینێی دەکات. ئەمە کاتێکە کە میدیا باش بەکاردێت ، لێرەیە فەرهەنگ پێش دەکەوێ.

دێمەوە سەر ڕۆژنامەکان. رۆژنامەکان پسپۆڕی و تایبەتین،واتە تەنیا بۆ سیاسەت و رۆشنبیریی کەڵکیان لێوەرناگیرێ، لەبۆ جیلەکانیش وەك لاوان و ژنان و قوتابیان، لە هەر بوارەکی تایبەتی دەکرێ ڕۆژنامەی تایبەتی خۆیان هەبێت. ڕۆژنامە تایبەتییەکان دیاردەیەکن لە دەرچوونی میدیایە لەدەست نوخبەی ڕۆژنامەنووس، واتە کەمبوونەوەی دەوری نوخبەیە لە ڕاگەیاندندا.

ریکلام بەشێکە لە هەر لە فەرهەنگی گشتی. ئەمڕۆ ناکرێ تۆ بژیەی ئەگەر نەزانی چیت پێویستە، هەروەها وەخت بەشی ئەوە ناکات ئەگەر نەزانی ئەوەی پێویستتە لەکوێیە ، ئابووری تۆ بەشی

ئەوە ناکا ئەگەر بە دائیم نەزانی لە کوێ چ هەیە تاکو بتوانی بەرژەوەندی خۆت دابین و ڕێکبخەیت. جاران زۆر زەحمەت بوو ئەمە بکەی، ئێستا دەتوانی ، ئەگەر کەمێك دیقەت بەکاربێنی لەسەر مۆبایلەکەت و ئەگەر سیستەم لە وڵاتەکەدا هەبێت دەتوانی بۆ کڕینی بلوزێك، ڕەنگەکەی، مۆدێلەکەی بەدائیل لە شارەکەت بدۆزیەوە.

بەشێکی تری ڕاگەیاندن تێکەڵبوونیەتی لەگەڵ ئامرازی زۆر شەخسی کە ڕۆژانە بەکاردێت. باسی مۆبایلم کرد کە هەموو ئەرکەکان ئەنجامدەدات: کامێرا و تەسجیل و فیدیۆ و دەنگی تێدایە. ئەمساڵ لە فەرەنسا کۆمپانیاکانی دروستکردنی کامێرا بازاڕیان کەمبۆتەوە، بۆ؟ دراسەیان کرد دەبینن لەپێشکەوتن نەکەوتوون، بەڵکو وەك هەموو بوارەکانی دیکە تەکنیکیان زۆر پێشکەوتووە، بەڵام یەك ئەرکی کەم بووە: ئێستا ئەو کەسەی کامێرا دەکڕێ دەبێ ئەگەر ڕۆژنامەنووس یان ئابووریزان، کارمەند، هاوڵاتی بوو، لەوانەیە تەنیا یەك کامێرای پێبێت و وێنەیەکی هەیە دەیەوێ بیدا بە دۆستەکەی، بە کوڕەکەی، دەیەوێ بیدا بە ماڵپەڕێك، بە ڕۆژنامەیەك، وێنەیەکی تەلەفزیۆنی پێیە دەیەوێ بیگەیەنێ.. دەبێ ئەو کامێرایە هەموو ئەو خزمەتانەی میدیایی تێدابێت. دەرکەوت مۆدیلە کۆنەکەی چونکە ئەو خزمەتگوزارییانەی تێدا نییە بازاڕی کەمبۆتەوە. ئێستا هەر کامێرا داهاتووە پێتدەڵێ ویبسایت، فەیسبووك، تویتەر، ئیمەیل، کوێت دەوێ هەیە. ئەمە ئەو حەقیقەتەیە کە میدیا بەڕاستی زمانحاڵ و تێلی پەیوەندییە لەنێوان ئینسان و ئینسان، ئینسان و سیستەم، سیستەم و سیستەم و لە نێوان سیستەمەکانی کە کۆمەڵگا. مەبەستم لە سیستەمەکان  ئاوبوری، ڕاگەیاندن، پەروەردە و دین و بوارەکانی دیکەیە.

بەشی پێنجەم

مێژوو و ڕۆلی راگەیاندنی کوردستان

سەرۆ قادر

تەلەفزیۆن و سەتەلایتی بە تەکنیکی ئینتەرنێت لەم ڕۆژگارەدا ، بە هانایای پێکهاتەکان دێت لە ناو

میللەتێك یان لەناو کۆمەڵگایەك کە پێکهاتەی دینی و نەژادی و تەمەنی و ئەوانەشی تێدابێت، بەڵام لە هەمووی گرنگتر لە کۆتایی سەدەی ڕابردوو تەلەفزیۆن بەهانای میللەتانی وەکو ئێمە هات.

پەیدابوونی سەتەلایت لە کوردستان لە ساڵی 1996 لە مێژووی ڕۆژنامەنووسی ،تەلەفزیۆنی مێد تی ڤی بوو. ئێمە دەوری تەلەفزیۆنی مێد تی ڤی لە دەرەوەی سیاسەت باس دەکەین، بەڵام ئەو تەلەفزیۆنە لە بارودۆخی ئەو کاتدا ئەگەر سیاسەتی پەکەکەی لێبێنینە دەرەوە، دەوری تەلەفزیۆنەکە لەسەر پێکناساندنی میللەتی کورد لە چوار پارچەدا، لە تێکەڵاوکردنی زمان لەسەر پانتایی گەلی کورد لە هەموو دنیادا نەك هەر لە چوار پارچەی کوردستان، بەهاناگەیشتنی کوردستان لە بواری زمان و کولتوور و خۆناسینی گەلی کورد لە کوردستانی تورکیا و سوریا، دەورێکی زۆری هەبوو. دوای ئەو تەلەفزیۆنی کوردستان هات. ئەویش لە شوێن و بارودۆخی خۆی ڕۆلی تەلەفزیۆنی یەکەمین دەوڵەتی کوردستانی دیت و دەبیەستەوە بە هەموو کوردستان.

بەم دوو تەلەفزیۆنە دەگوترێ میللەتێك لە ئاسمان. میللەتێك لەسەر ئەرز بەهیچ شێوەیەك مەجالی ژیانی نەبوو بەڵام تەکنۆلۆژیای ڕاگەیاندن دەرفەتی پێدا خۆی چ وەك کولتوور ، پێکهاتە ، جوگرافیا ، مێژوو ، شەڕ و ناکۆکییەکانی لە فەزاوە بە هەموو دنیا بگەیەنێت. چۆن لە ساڵی 1991 تەدەخولی ئینسانی بووە پێشینەیەك کە دنیا بەهانای میللەتان و پێکهاتەکانی هەڕەشەلێکراوەکان بگات، مەرگەساتی ئێمە بوو بە پێشینەیەکی قانونی نێودەوڵەتی و دوای ئەوە لەسەر ئاستی دیکەش دووبارە بووەوە. ئێمە پێش کۆسۆڤۆ دوو لەو میللەتانەین کە ئەگەر میدیا نەبایە کارەساتەکە بە جیهان نەدەگەیشت. ئەگەر تەلەفزیۆنی سەتەلایت نەبایە، نەماندەزانی کورد لە پارچەکانی دیکە چۆن دەژین، جلوبەرگیان و زمانیان و کاریان چۆنە.

فەرقی بەینی تەلەفزیۆنی مەحەلی و تەلەفزیۆنی سەتەلایت چییە؟ تەلەفزیۆن و ڕادیۆی مەحەلی لەگەڵ ڕۆژنامە، سەرباری ئەو گرنگیە مێژووییەی لە پێگەیاندنی ئینساندا لە پێگەیاندنی میللەتێك و پێشکەوتنی دیموکراسی و لە پێشکەوتنی هەموو بوارەکانی مەعریفەی ئینسانیدا هەیبوو، بەڵام مەحەلی بوونی ڕادیۆ و ڕۆژنامە و تەلەفزیۆن بوو بە ئامرازێکی کوشندە بەدەست ئەو ئایدیۆلۆژیانەی کۆمەڵگایان حەسارە دەدا ئینجا ملیان لەبەر گۆڕانکاری تۆبزی دەنا، پاشان ملیان لەبەر قەڵاچۆ کردن دەنا. مێژووی رادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەی مەحەلی لە برەودانی ئایدیۆلۆژیا لە سەرەتای سەدەی بیستەم و کاریگەری ڕاگەیاندنی لۆکاڵ (لە ناو وڵاتێك) کە بە سەدەی گڕسەندن و پەرەپێدانی ئایدیۆلۆژیاکان ناسراوە، بە شێوەیەکی خەشن بەتایبەتی لە ئەورووپاس

دەستپێکرد. لە منافەسەی نێوان ئەو ئایدیۆلۆژیایانەی لە بەرەی سەرمایەداری حیساب دەکران وەك فاشیزم، نازیزم و ئەپارتایت و شێوەکانی دیکەی نەژاد پەرستی کە بەشێوەی مەحەلی لە ئەفەریقا و زۆر وڵاتی دیکەدا هەبوون ، لەسەر مستەوای دنیاش ڕەنگی ڕەش و سپی و باڵاتردانانی ئەوروپایی، سەرەنجام ئەو شەڕە گەورانەی لە سەدەی ڕابردوو ڕوویاندا کە لە مێژوودا بە شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانی ناسراون، ئامانجیان بەجیهانیکردنی ئەو ڕژێمە دیکتاتۆرانە بوو کە پێکهاتەی هەندێك لە میللەتانیان دەگۆڕی. ئەوانە هەمووی چەکی سەرەکیان پێش سوپا و ئەمن، ڕاگەیاندنی مەحەلی بوو. چونکە ڕاگەیاندنی مەحەلی وەك لە تەجرەبەی عێراقیشدا هەمانە، دەبێتە زمانحاڵی دیکتاتۆری و گەورەکردنی دیکتاتۆر و بوق و بڵندگۆ بۆ گۆڕینی ڕاستییەکان. یەك یان دووکەناڵ تەنزیم دەکەن و بەرنامەکانی دیاری دەکرێ تاکو کۆمەڵگا ناچار دەبێت هەر ئەوە تەماشا بکات کە ڕژێم بڵاوی دەکاتەوە. ئەو دەورەی ڕاگەیاندن لە زەمانی فاشیزمدا بینیویەتی، دوای سوپا و ئەمنی ئەڵمانی، لە برەودان بە فکری فاشیستی چ کاریگەریەکی گەورەی هەبوو.

کەواتە ڕاگەیاندنی ناو وڵاتێك تەنیا لە خزمەتی بوژانەوەدا نییە، بەڵکو دەبێتە هۆی بوژانەوەی ئایدیۆلۆژیاکان و پێکهەڵپڕژانی کۆمەڵگاکان. لەوێدا ڕاگەیاندن دەکەوێتە خزمەتی دەسەڵاتی توندڕەو.

سەتەلایت بە هیچ شێوەیەك لە خزمەتی دیکتاتۆریدا نییە، چونکە هەرچی لە چوارچێوەی وڵاتێك ڕوودەدات دەیگوازێتەوە جیهان و ناکرێ حدودی بۆ دابنرێت. وا دەکا سەرنجی دنیا زۆر بەئاسانی بکەوێتە سەر وڵات.

ئەگەر تەلەفزیۆنی سەتەلایت زەرورەت بێت بۆ پێشخستنی دیموکراسی، ئەوا لە دیموکراسیدا سەتەلایت و ئینتەرنێت کاریگەری زۆریان هەیە لە پشتیوانی کردنی پێکهاتەکانی ناو کۆمەڵگا. لەم ڕۆژگارەدا دەوری ئینتەرنێت و تەلەفزیۆن لە پشتیوانیکردنی ئافرەتان لە سەرانسەری جیهان دیارە، هەروەها لە کۆمەڵگای خۆشماندا دەیبینین. ئینتەرنێت توانایی تاک لە ژیاندا زیاد دەکات، قودرەتی ئەوەی پێدەدات کە دەنگی خۆی بە هەموو دنیا بگەیەنێ. کاتێك دەنگ بەرزبۆوە هاوکاری دەنگەکان شتێکی ئاسانە. بە شۆڕشی بەهاری عەرەبی دەڵێن شۆڕشی فەیسبوك. خەڵك یەکتری نەدەناسی بەڵام لە پەیامەوە خەڵك یەکتری دەدیت و لە وڵاتێکی گەورەی وەکو میسر و وڵاتێکی کاریگەری وەك تونس و ئێستاش لە سوریا دەیبینین، ئەو پرۆسەیە بەردەوام دەبێت.

داهاتنی تەلەفزیۆن وەك ڕۆژنامە و رادیۆ نییە، موڵکی گشتییە و دەبێ بە قانوون مافی کۆمەڵ دابین بکرێت. لە وڵاتی ئێمە حەقەکە وا لێکدەدەنەوە دەبێت دەمی سەتەلایت و ئینتەرنێت بگیرێ و لە قودرەتی کەمبکرێتەوە، دەبێ و دەبێ و یەك دنیا دەبێ بێتام کە هیچی ڕاست نییە. ئەوە ڕوانگای خۆپارێزیی و تەمبەڵییە لە پێشکەوتنی کۆمەلایەتی و مسابەقە کردن بۆ چەسپاندن و گەشەپێدانی دیموکراسی، ئەگینا ئەو زەمانە تێپەڕیوە کە ڕەئیەکی بەتەنێ کۆمەڵگایەك چەواشە بکات. وەختێك دەنگێك بە تەنێ کۆمەڵگا تەشویهـ دەکات و وڵات بە سەهو دەبات کە بە تەنیا ئەو ڕەنگە و ئەو دەنگە ببیندرێ و ببیسترێ و مەجالی دیالۆگ نەبێت و تەنیا یەك تەرەف قسە بکات. لەم حاڵەتەدا دەچێتە ناو شێوازی پەروەردەیی و مێشك دەشواتەوە و دەبێتە داپڵۆسین و چاوسوورکردنەوە. ئەمانە تەلەفزیۆنی محەلی ناوخۆیی دەیکەن، ڕادیۆ و ڕۆژنامە پێشی ئینتەرنێت دەیانکرد.

لە زەمانی سەتەلایتدا و لەوکاتەی کە توانایی ئینتەرنێت لە دەستی ئێمەدایە و تکنیکی ڕاگەیاندن کە داخلی هەموو بوارەکانی ژیان بووە، وادەکات دەنگێکی بەتەنێ هەرچەند بەهێزیش بێت ،دەکرێ تا بێ کۆتایی دەنگی معارز و تەواوکەر و تەفسیرکاری هەبێت، سەرەنجام بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەبێتە دیالۆگێکی فراوان و مونەزەم لەناو کۆمەڵگا. ئەگەر ڕەئیەك باش و بەردەوام بێت، ئەو مەرکەزانە دروست دەبن کە ئیستقتابی هێز دەکەن، بەبێ ئەوەی هیچ پێکدادانێکی کۆمەلایەتی لەنێو وڵات ڕووبدات.

مێژووی ڕاگەیاندن لە کوردستان بەقەدەر مێژووی دەوڵەت و سیاسەت لە کوردستان گچکەیە و دەکرێ هەموومان لەبەرمان بێت. ئەوە قەدەری میللەتی ئێمە بووە، ئێمە میللەتێکین مێژوویەکی ئاڵۆزمان نییە، مێژوویەکی کورت و سادەمان هەیە. مێژوویەکی کورتی سادەی پێکهاتەیەکی نەتەوەییە کە بەشداری کردنی لە ناوچە جوگرافیەکەی خۆیدا زۆر سادە بووە. ئێمە بۆ ئەوەی تەعویزی نەقسی خۆمان بکەین دەڵێین؛ هەمیشە ژێردەست بووین! ئەرێ خێر بوو ئەو هەموو جیهانە سەردەست بوو، هەر ئێمە بە ژێردەستی ماینەوە؟ پێموایە وانیە، ئەمە زۆر راست بێت. راستییەکی مێژوویە: هەندێك لە پێکهاتەکانی قەومی و ئیتنیکی بە هۆکاری جیا جیا لە فەترەیەکی مێژوویی دووردرێژدا چالاك نەبوون، دەنا مەعقول نییە، مەغۆل بەو گچکەیەیان بتوانن ئەو گۆڕانکارییە گەورەیە لە ناوچەکەدا بکەن بەڵام کورد بەو هەموو پان و بەرینییە، هەمیشە هەر

بندەست بووبێت!!

لەگەڵ دەستگرتنی کۆڵۆنیالیزم بەسەر ناوچەی فراوانی ئەفریقیا و ئاسیا و تەنگ پێهەڵچنینی ئیمبراتۆریەتی عوسمانی، فکری ناسیۆنالیستی هاتە کوردستان و کورد بیری لەوە کردەوە پێکهاتەیەکی جیاواز بێت. پێش ئەوە خۆمان دەزانین چەند میرنشینێکمان هەبووە کە چەندی لە مێژوو بەرەوپاشەوە بچین سادە و سادەتر دەبنەوە، چەندی بەرەو سەرێ بێینەوە بەقووەت و بەهێزتر دەبن. هەربۆیە مێژووی ئێمە ئەگەر زۆر خاتری خۆمان بگرین، لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەمەوە دەستپێدەکات.ئەویش مێأووی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانە.

لە ساڵی 1898 ڕۆشنبیرێکی چالاك و دووربینی بنەماڵەی بەدرخان لە قاهیرە، دەستیدایە یەکەمین کاری ڕاگەیاندن. ئەو پیاوە سمێڵ زلە چاوگەشە کە لە مێژووی ئێمەدا دەمێنێتەوە (میقداد بەدرخان) ڕۆژنامەی کوردستانی دەرکرد. ڕۆژنامەکە پێموابێت یەك ژمارەی دیار نییە ئەوەی دیکەی دیارە - هەموو کەسێک دەتوانێ هەمووی بخوێننەوە- دەبینن لەوێدا تەنیا ئەلف و بێی نەتەوایەتیی فێری میللەتێك دەکات.

ئەگەر سایکۆلۆجیای میقداد بەدرخان لە نووسینەکانیدا بخوێنینەوە وەکو پیاوێکی خوێندەوار وایە کە لە دەرەوە هاتۆتەوە بە میللەتێکی نوستوو دەڵێ: ئەتۆش دەکرێ هەبی! ئینجا چۆن هەبی و دەبێ فیری بیت. هەموو چیرۆکەکە لەو چوارچێوە دەرناچێ. بۆیە سەرەتای مێژووی ڕۆژنامەنووسی لە کوردستاندا تێکەڵە بە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی لەپێناوی  دروستکردن و ڕزگارکردنی نیشتمان.

دووەمین قوناغ، پاشی هاتنی ئینگلیزە بۆ عێراق و کوردستان ، ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی) کە لە سلێمانی و هەندێکی لە بەغدا دەردەچوو. زۆر جار موناقەشە دەکرێ لە بۆچی شێوەزاری سلێمانی بوو بە لەهجەی سیاسەت و ڕۆژنامەنووسی لە قۆناغی دووەمدا؟ ئەگەر بە رێکەوت، ئینگلیز لە دهۆکەوە داخلی کوردستان بووبا، کرمانجی دەکردە زمانی ڕەسمی کوردی. کەواتە ئەوە زیندوویەتی ڕۆشنبیریی و ڕۆژنامەوانی ناو کولتووری ئێمە نییە کە بڕیاریدا کام زار و چۆن بنووسرێ. نابێ لەبیریشمان بچێت کە تەداخولی دەرەوە لە فەرهەنگی میللەتاندا هەمیشە کاریگەربووە، بەتایبەتی لەسەر ئەو میللەتانەی کە خۆیان بیر لە گەشەپێدانی خۆیان ناکەنەوە.

دیاردەی حیزب بە مانای ریکخستنی سیاسی لە کوردستان دەستییێکرد. لە بەغدا و سلێمانی ،

دواجار لە هەولێر کەسایەتی و ناوەندی ڕۆشنبیرییانە درووست بوون. مێژووی بزووتنەوەی سیاسی لەبەرچاوی هەمووان دیارە، ژمارەیەکی زۆر بڵاوکراوەی دەوری و نەهێنی دەردەچوون کە هەموویان لە مێژووی ڕۆژنامەنووسیدا گرنگی خۆیان هەیە. لە ڕاستیدا ئەم زەمانە خەڵك زیاتر دەیانخوێنێتەوە تا لە زەمانی خۆیان، چونکە ڕۆژنامەی نهێنی، بەتایبەتی لە پێش پەنجاکاندا، دەستاو دەست دەگەڕا، چونکە قودرەتی چاپ بەو فراوانیەی ئێستا نەبوو بەڵام لە ئەهەمیەتیان کەم نابێتەوە.

قۆناغی سێیەم، کاری ڕاگەیاندنە لە کۆماری کوردستان(مەهاباد). بە ڕەسمی گۆڤاری هەبوو بۆ سیاسەت و منداڵان و گرینگیشی هەبوو بۆ بوارەکانی دیکەی.

دوای ئەوە لە چلەکان بەولاوە حکوومەتی عێراق دامودەزگای راگەیاندنی بۆ دروست بوو، رادیۆی بەغدا دامەزرا. دوای شۆڕشی 14ی تەمووز وردە وردە گۆڤار و بڵاوکراوەی دەوری لە عێراقی دروست بوون. بەڵام بەشێوەی قۆناغی چوارەمی رۆژنامەگەری کاریگەر، دوای شۆڕشی 14ی تەمووز،لە شۆڕشی ئەیلول دایە. ئەو قۆناغە فەرقی هەیە لەگەڵ هەموو قۆناغەکانی پێش خۆی، لە بەکارهێنانی زمان و پێشخستنی ڕاگەیاندن، لە هاتنی رادیۆ بۆ ناو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی و سەرەنجام لەگەڵ پەرەسەندنی ڕاگەیاندن لە ناو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی ، دروست بوونی سیستەمی تەواوکاری ئەو ڕاگەیاندنە هاتە ناو کۆمەڵ، ئەویش کادیرەکانی شۆڕشی ئەیللول بوون. لە ڕاستیدا کادیرەکان تەواوکەری ڕاگەیاندن بوون لە زەمانی خۆیاندا. لە دوای بەیانی 11ی ئازاری ساڵی 1970 ، دەبێ بە قۆناغی پێنجەمی حیساب بکەین، ئیدی ئێمە داخلی قۆناغێکی دیکە بووین. بە قانوون لە عێراقدا رادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە و کۆڕی زانیاری بۆ گرینگیدان بە زمان و ئەوەی پێیدەگوترێ یاساکانی عێراق لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی ، بە ڕەسمی کورد بوو بە جۆرێك لە خاوەنی ڕاگەیاندن کە ڕاستە لە دەستی حکوومەتی عێراقدا بوو، بەڵام لە کردەوەدا لە چوارچێوەی هەندێک قانووندا بەڕێوەدەبران کە تایبەت بە ناوچەی ئۆتۆنۆمی بوو. ئەمە لە ڕووی پێشخستنی ڕاگەیاندندا بایەخی خۆی هەبوو، لەوێ بەولاوە تەلەفزیۆن و ڕادیۆ لە عێراق بە زمانی کوردی بە دوورودرێژی و مەدایەکی زۆر بە پارچەکانی دیکەیش دەگەیشت . گۆڤاری هەفتانە و کتێب لە ساڵی ١٩٧٠ بەملاوە بوونە دیاردەی نوێ و نوخبەی ڕۆشنبیر لە کوردستان لە پەراوێزی ڕاگەیاندندا دروست بوو. ڕۆشنبیر سەرباری ئەوەی لە مێژووی بەشەریەتدا بە تەعریفی جیا جیا دیرۆکێکی دوورودرێژی هەیە، بەڵام ڕۆشنبیر وەکو دیاردەیەکی ئەم زەمانە، لەگەڵ پەرەسەندنی

تەکنیکی چاپ و گەیاندن زۆر بوون و بە شارەزایی جیا جیا و دەوری لەناو کۆمەڵگا چ لە سیاسەت بێت چ لە پەروەردە و لە بوارەکانی دیکە رووی لە زۆری کرد. زۆربوونی ئەدیب و ڕۆشنبیری ئەدەبی و داهێنەری هونەری لە ساڵی ١٩٧٠ بەملاوە سەرنجڕادەکێشێ. ئێمتیدادی قۆناغی پێنجەمی ساڵی حەفتا، دوای ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی دیکەی شۆڕشگێڕی کە لە شاخ دەرچوون ، ئەوانەشی کە لە دەرەوە دەرچوون ڕوونە، هەر ئەوانەن کە ئێستا بەردەوامن جگە لەچەند نەشرەیەکی دەوری کە هەندێك حیزب یان کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا دەریدەکردن. لەو ماوە دوورودرێژەدا مەرکەزێکی بە هێزی میدیا یان کاروباری ڕۆشنبیریمان لە دەرەوەی وڵات نەبووە، تا ئێستاش مەرکەزێکی ئەوتۆ نییە.

دوای ساڵی 1991 ڕاگەیاندن لە کوردستاندا داخیلی قۆناغی نوێ بوو، ئەویش بە دامەزراندنی تەلەفزیۆن و رادیۆی زیاتر لە 12 سەعاتی و ڕۆژنامەی ڕۆژانە و چاپکردنی کتێب بوو.

دیاردەیەك لەم وڵاتە هەیە و سەرنجی هەمووانی ڕاکێشا کە بۆچی ڕاگەیاندن ئەوەندە حیزبییە؟ حیزبی بوونی ڕاگەیاندن دوای ساڵی 1991 لە قۆناغێکی نوێی سەربەخۆییدا دەرکەوت. پێش ئەوە ئەگەر بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی _کە پێکدەهات لە حیزبەکان_ ڕاگەیاندنی وەکو کەرەستەی شۆڕشگێڕی بەکارنەهێنابایە، ئەوە ئێمە هیچ ڕاگەیاندنێکمان نەدەبوو. کەواتە ئەمە سرووشتی پێشکەوتنی کۆمەڵگای ئێمەیە کە لە ڕێگەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانییەوە دیاردەی ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگا دەستی بە کاریگەری خۆی کردووە. ئەگەر واقیعبین بیین دیاردەیەکی ئاوا کاریگەر تەنیا لەناو بزوونتەوەی سیاسیدا، لەناو بزوتنەوەی سیاسیش لە قۆناغی شۆڕشگێڕیدا دروست بووبێ و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیش ئایدیۆلۆژیای تایبەتی خۆی هەیە و حزبی جیاجیای تێدا بەشدارن، ئەم ڕاگەیاندنە بە دڵنیاییەوە فرچکی بەکاری حزبی و ئایدیۆلۆژییەوە گرتووە. تاکو ئێستاش سەرمایەی تەرخانکراو بۆ دروستکردنی دامودەزگای ڕاگەیاندن هەر لەلای بزووتنەوەی سیاسی و حزبەکانییەوەیە. ئەوەی من دەیڵێم باشترین هەوڵە بۆ تێگەیشتن لەو پرسیارەی دەڵێ: بۆچی ڕاگەیاندن بەم رادەیە حزبییە؟ کەواتە دەربازکردنی ڕاگەیاندن لە دەستی سیاسەت بە مانای خەشنی ئەمڕۆ، کارێکی زەحمەتە ئەگەرچی پێویستیشە. وەکو ئەو زەحمەتە وایە کە دەمانەوێ کۆمەڵگایەکی یەکسانمان لە ژن و پیاو هەبێت کە جیاوازی جەندەری تێدا نەبێت. ئەوە بە قسە ئاسانە بەڵام بە کردەوە کارێکی زۆر زەحمەتە. چونکە ڕەگوڕیشەی لە مێژووی کولتووری ئێمەدا هەیە، گۆڕینی باوەڕەکانی مێژوویی کارێك نییە بە بڕیار بکرێ، تەنیا بە لێتێگەیشتن و

پەروەردە کردن و قانونی نوێ کە گونجاو بن لەگەڵ ئاستی ئێستای فەرهەنگی کۆمەلگاکەمان دەکرێ. ژمارەیەکی زۆر قانوونی پێشکەوتوومان هەیە نە حکوومەت دەزانێ چی دەرکردووە، نە قازی دەزانێ قانوونی وا هەیە، نە میللەت لەبیریەتی، ئەوەش نیشانەی ئەو راستییەیە کە لە ئەنجامی تێگەیشتنی کۆمەڵگا نەهاتوون بۆیە کەس بۆیان ناگەڕێتەوە. قانوون لە ڕابردووی کولتووری کورد و ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا پێشینەی نییە و بیدعەیە، جا کە ئێستا دەیانەوێ ببێت بە ڕێکخەری ژیان، کارێکی ئاسان نییە.

دەگەڕێمەوە بۆ ڕاگەیاندن ئەو راستییەیە کە جیل لە دوای جیل کادیری ڕاگەیاندن پێگەندراوە نەك ڕۆژنامەنووس. بزووتنەوەی سیاسی کاری ئەوە نییە ڕۆژنامەنووس بە پێوەری ئەم زەمانە و پێویستیەکانی دروستبکات. لەناو بزووتنەوەی سیاسیدا بیر لەوە ناکرێتەوە کە ڕاگەیاندن لەنێو کۆمەڵگادا سیستەم بێت، بەلکو بیر دەکرێتەوە ڕاگەیاندن دەبێ چەك بێت، ئەو چەکەی ئایدیۆلۆژیای بزوتنەوەکە بە میللەت دەگەیەنێ ، ئەو چەکەی دەبێتە مایەی پەیوەندی نیوان تێکۆشەران و میللەت. کاریگەری ڕاگەیاندنی شۆڕشگێڕی لەسەر ئێمە و دوو جیل پێش ئێمەش یەکجار زۆرە. هیچ کەسێك گوێی لە رادیۆ نەبووە و ڕۆژنامەی نەخوێندۆتەوە بۆی باس بکات کە ڕاگەیاندن ئەرکی چییە، ئەسڵەن ئەم باسە هەر لە گۆڕی نەبووە. باسی دیکە هەبوون کە لە ڕێی ڕۆژنامە و رادیۆ گەیشتۆتە خەڵك میللەتێك کە سەربەخۆیی نەبێت هەر ئەمە حاڵی دەبێت. لە دنیادا میللەت نییە لە ڕاگەیاندن پێشکەوتبێت ئەگەر دەوڵەتی نەبووبێت، لە دنیادا میللەتی نییە مێژووی هەبێت ئەگەر دەوڵەتی نەبێت. ئەوە دەزگامەندی دەوڵەتییە کە هەموو بوارەکانی وڵات ڕێکدەخات.

ئێستا ئەم هەرێمەی هەمانە لە ناوچەکەدا دەوڵەتێکی ئەمری واقیعە ، ئەگەر بە پوختتر بەڕێوەچووبا ئێستا دەزگاکانی ڕاگەیاندن و بوارەکانی دیکەیشمان دەبوون، ئەوەی کە پێیدەگووترێ هەر دەزگایە لە شوێنی خۆی کاردەکات و کۆمەڵگایەکی موتەکامل و مونسەجیممان دەبوو، هەر دەزگایە دەوری خۆی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەبینێ و ڕاگەیاندنیش هەروا. ئەو قسەیەم بەو مانایە نییە کە بڵێم نابێ بیر لە چاککردنی ڕاگەیاندن و گۆڕانکاری بکرێتەوە.

بۆ دامەزراندنی تەلەفزیۆن لەناو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی بە نەشارەزایی هاتین گووتمان: ئەرێ چۆن دەتوانین تەلەفزیۆنمان هەبێ؟ دەبێ هەمانبێ. تەحەدایەکی گەورە بوو کردمان، تەکنیك نەبوو بەڵام عیلم هەبوو، کۆمەڵێك موهەندیس هاتن تەلەفزیۆنی کوردستان و گەلی کوردستان و گوڵان و ئەوانی تریان درووست کردن. کۆمەڵێکی موهەندیسی فیداکار بە لەحیم و وایەری بازاری شیخەڵڵا

ترانسمیتەریان درووست دەکرد. ئەمە هەر تەحەددا نەبوو، هەنگاوێکی مەزنی داهێنان بوو، کارێکی زۆر گەورەی کۆمەڵگای ئێمەبوو بۆ خۆ سەلماندن و هەبوون.

کاتێك دەزگای گولآن لە شیراتۆن دەستی بەکار کرد، دوای مانگێك تەلەفزیۆنەکە زۆرجار نەدەگەیشتە هەندێك گەڕەکی هەولێر، موهەندیسەکەمان بانگ دەکرد (ڕەشاد و ئەو نەوزاد هادی پارێزگاری ئێستا) کە وەرن چاکی کەن. ڕۆژێك یەکێکیان پییگووتم وەرە تەماشا بکە، کاکە هەر ئەوە دەبێت کە هەیە. منیش سەرکەوتم و لە نهۆمی سەری سەرەوە بوو، لەوێ ژوورێکی بچووك هەبوو، شتێکی هەندەی قوتوویەکی کلینیکس لەسەر مێزێکی خەراپ دانرابوو و ئێرکۆندەیشنێکی گەورەیان بەرانبەر بەستبوو، بۆ ئەوەی ساردی بکاتەوە. هەمووی وایەر و لەحیم بوو. پرسیم: جیهازی تەلەفزیۆن کامەیە؟ گووتیان ئەمەیە. ئەوکات هەستم بە نەقسێکی زۆر کرد. جارێکی دیکە نەچوومەوە سەریری تا لە تورکیاوە دوو ترانسمیتەری گەورەمان بۆ هاتن، هەریەکی بەقەدەر سەلاجەیەك دەبوون. من یەکەباری خۆم ڕۆژی چەند جار دەچووم تەماشام دەکردن و بست بست پێی بەرز دەبوومەوە کە لەوێڕا هاتینە ئێرە.

مەبەستم لەو قسانە مێژووی دروست بوونی تەلەفزیۆن و ڕادیۆ ئاوها دەستپێکرد. رادیۆی یەکەم ساڵی 1963لە ناو شۆڕش کەوتەکار. دەنگی کوردستان سەرگەیەکی نوێیە لە پێشکەوتنی ڕاگەیاندنی کوردستان. رەشاد و نەوزادەکانی نەوەدەکان پەرەپێدەری تکنیکار و رۆشنبیر و تێکۆشەر وەک عەبدلخالق مەعروفن. ئەو رادیۆیە جگە لە کاریگەری شۆڕشگێڕانەی کە لەسەر ئێمەیان هەبوو، دەبێ لەبیرمان بێت ڕۆشنبیرە گەورەکانی ئەوکاتی میللەتی ئێمەی لێ کۆبببوونەوە، کەسانی وەك کامەران قەرەداغی، شێرکۆ بێکەس، کەمال مەزهەر و عیزەدین مستەفا رەسول و.. کێ ناوی دێنی کە شانازی بەوە نەکات ڕۆژگارێك لەو ئێزگەیە کاری کردووە. ئەمە دەوری ڕاگەیاندنی شۆڕشگێڕی لە پێگەیاندنی ڕۆشنبیرانی کوردستان دەردەخات.

لەم قۆناغە نوێدا، ڕاگەیاندن لە ئەرکی نیشتمانی و شۆڕشگێڕی ناتوانێ بەتاڵبێت. دەکرێ ڕاگەیاندن لە کوردستاندا ببێتە دەزگایی و کاریگەری ڕاستەوخۆی حزبی لەسەر کەمبێتەوە، بەڵام ناکرێ وەکو پێشدان هەڵگری پەیامی نیشتمانی و سەربەخۆیی نەبێت، بۆیە ئێستا زیاتر لە جاران کۆمەڵگای ئێمە پێویستی بە ڕاگەیاندنێکی بەم تەکنۆلۆژیای عالەمییە هەیە تا لەگەڵ ناساندنی واقیع و پێکهاتە و کولتوور و زمان و کەلەپووری ئێمە، وەك یەکێك لەو میللەتانەی کە تا ئێستا لە دنیادا نەیتوانیوە و ڕێگەی پێنەدراوە خۆی بناسێنێ. تێکۆشان و خواستی میللەتی ئێمە بۆ

هاوکاری و تێکەڵبوون لەگەڵ دنیا، بۆ سەربەخۆیی هەر دەبێ ڕاگەیاندنێکی موەجەهـ بیکات. ڕاگەیاندنی موەجەهـ تا ئەوکاتە پێویستە کە کێشەی سەربەخۆیی نیشتمانی نامێنێ.

ڕاگەیاندن وەك حزبی دەوری کۆتایی هاتووە. حزب کادیر بۆ ڕاگەیاندن دەنێرێ، کادیری خوێندەوار لە ڕاگەیاندن دەوری ڕۆژنامەنووس دەبینێ بەڵام نابێتە ڕۆژنامەنووس. بۆیە ژمارەی ئەو سەرنووسەرانەی کە نووسەر نین، لە مێژووی رۆژنامەنووسیماندا زۆرن، ژمارەی ئەو خاوەن ئیمتیازانەی کە ناویان هەیە و نازانن خاوەن ئیمتیازن زۆرن، ژمارەی ئەو خاوەن ئیمتیازانەی کە شەهید بوونە یان مردوونە بەڵام ناویان لەسەر رۆژنامەکانە زۆرە، ژمارەی ئەو نووسەرانەی کە دەنووسن و ململانێ دەکەن و ناویان دیار نیە و کەس نازانێ کێنە یەکجار زۆرن. ئەو شێوازە لە بەکارهێنانی ڕاگەیاندن بەشێوەی حزبی و بەم فراوانی و هێزی تکنۆلۆژیایە، سیاسەت بە شێوەیەکی زۆر خەشەن و ناکۆك، ڕۆژانە داخلی ژیانی کۆمەڵ دەکات. خۆ ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو دەورەی تەلەفزیۆن و ئینتەرنێت لە پێگەیاندندا هەیانە، ئینجا هەڵوێستی حزبی تەنیا بۆ حزبیەکان و سیاسییەکانە، جا کاتێك حزب ڕاستەوخۆ سیاسەتی ڕاگەیاندن دادەنی، ئەو دیقەتەی پێراناگیرێ کە لە هێرشێکی راگەیاندندا بۆ بابەتێکی دیاریکراو، دەبێ ئەم هێرشە چەند بەردەوام بێت!! ئایا ئەمە کار لە مەزاجی گشتی دەکات، چەند کار لە پەروەردە دەکات، چەند ناکۆکی کۆمەڵایەتی زیاد دەکات، چەند کینەی ئەو جیلەی نێوان حزبەکان زیاد دەکات؟! کێشەکە ئا لەوێدایە.

ستافی ڕاگەیاندن لە کوردستاندا ستافێکی کارگێڕییە،نامەوێ بڵێم نابێ کارگێڕی لە ڕاگەیاندندا هەبێت. بەڕێوەبەرانی ڕاگەیاندن لە دنیادا ستافی ڕۆژنامەنووس و نووسەران و خاوەن نەزەرانن، ستافێکی بچووکی کارگێری لە خوارەوە بۆیان بەڕێوە دەبات. تا ئیستاش ڕۆژنامەنووس و نووسەر و خاوەن نەزەر لە ڕاگەیاندنی ئێمەدا غاییبە. بەردەوامی ئەم حالەتە زیادەیە و کۆمەڵگاکەش ئازار دەدات و زیان بە خودی حزبەکانیش دەگەیەنێ. پێویستە دەزگاکانی راگەیاندن ببنە سیستەم بەو مانایە، یەك: بە قانوون تەنزیم بکرێن. دووەم: حکوومەت بە قانوون پاڵ بە راگەیاندن بنێ بۆ ناو ئەو دەورەی کەوا سیستەمی ڕاگەیاندن لەناو پێکهاتەی کۆمەڵگا دەبێ هەیبێ. تا پاڵی پێوەنەنێی و جێگیر نەبێت، ڕاگەیاندنێکمان نابێت کە تەواوکاری پێشکەوتنی وڵاتەکەمان بێت.

هیچ قانونێك ڕاگەیاندن لە کوردستان کۆنتڕۆڵ ناکات، هیچ مەرکەزێکی نیشتمانی نییە بەبێ

لایەنی لە دەوری دەزگاکانی ڕاگەیاندن بکۆڵێتەوە. لە هەموو دنیادا ئەو مەرکەزە هەیە، هیچ ناوەندێکی لێکۆڵینەوەی حکومەتی نییە بزانێ ڕاگەیاندن لە بوارەکانی دیکەی ژیانی حکوومەت و خەڵك چ کاریگەری و کام دەورێکی هەیە.

## پەیوەندی نێوان سیاسەت( دەولەت، حیزب )و ڕاگەیاندن .

مێژووی ڕاگەیاندن لە کوردستاندا وەك بەشێك لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی دەستیپێکردووە. چەمکەکانی ئامانج لە ڕاگەیاندن لە کوردستاندا بە شێوەی شۆڕشگێڕی و ئایدیۆلۆژیانە دارێژراون و تا ئێستاش بەردەوامە.

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ لەوەدایە کە ئەلف و بای پەروەردە دەستیپێکرد و جیلی دوای جیل سالان بەسەریدا تێپەڕین، ئیدی جێگیر دەبێ و دەچەسپێ، ئینجا لابردنی کارێکی ئاسان نابێت. بۆ نموونە هیچ کەسمان نەدیتوە پارچە فیلمێك لەسەر جنێك تۆمار بکات، کەچی جن لە زەینماندا حزوری هەیە. لەوانەیە ئێنکاری بکەین بەڵام لە وردبوونەوەی ژیانی ڕۆژانە و کاردانەوەی ناخوداگادا دەینوێنین. ڕاگەیاندنیش وایە.

لە ساڵی 1889 وە تا ئێستا ڕاگەیاندن لەناو بزووتنەوەی سیاسی هەیە، حزبەکان لە خەباتی شۆڕشگێڕیدا دایانهێناوە. بۆیە ئاسان نییە ئەمڕۆ بە بڕیارێك ئەو چەمکە بگۆردرێ بۆ کۆمەڵگایەکی مەدەنی بێگەرد و بێ موشکیلە. لەکاتێکدا خودی چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی لە کۆمەڵگای ئێمەدا دروست نەبووە. ئەوانە گرفتی ناو کۆمەڵگای ئێمەنە. تەنیا هەر ئێمە تووش نەبووین بەڵکو لە هەموو ڕۆژهەلات بە گشتی وایە. ئەگەر میللەت بۆخۆیان خانەیەکی گچکە بێت کە پەنجەرەی زۆر تێدان و پەنجەرەکانی دەکەنەوە سەر حەڵقەیەکی گەورەتر کە ڕۆژهەلاتە. بۆ

نموونە کولتووری کورد لەگەڵ سێ لە کولتووری ناوچەکە (عەرەب، تورك و فارس)، بە شێوەیەکی گەورەتر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، گەورەتری بکە ڕۆژهەڵاتی گەورە و ئینجا ئاسیا، تێکەڵە. ئەو کولتوورانە هەموویان لە رەفتاری ئێمەدا کەم و زۆر، بەپێی پێویستییەکانی ژیان ،بەشدارن. ئەو حاڵەتە وایکردووە ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیریی لە ئاسیا و لەناو ئاسیاشدا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تایبەتمەندی خۆی هەبێت.

لە وڵاتانی پەرەئەستێن، پرۆسەی ئیستقراری دەوڵەت، پرۆسەی داسەکنان و سوباتی کۆمەڵگا تەواو نەبووە. پرۆسەی دروستبوونی میللەتان تەواو نەبووە. ئەوە موشکیلەیەکی زۆر گەورەیە. ئێمە میللەتێکین کوردبوونمان تا ساڵی 1991 گەردی تێدا نەبوو، ئێستا کە وردی دەکەینەوە دابەش دەبێت_ کە هیچ جێی مەترسیش نییە_ بەسەر شێوەزار و ناوچەدا. کۆمەڵگایەك ئەوە حاڵی بێت ناتوانی ڕاگەیاندنێکی لێ داوا بکەی بکەوێتە چوارچێوەی ئەو سیستەمێکی جێگیر و فراوانی نیشتمانی. پەیوەندی نێوان دەوڵەت و ڕاگەیاندن لەکیشوەری ئاسیادا تا ئێستا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیە، ڕوانگەی دەوڵەت بۆ هەبوونی ڕاگەیاندن لەوەدایە: دەبێ هاوکاری هەبێ لەنێوان ڕاگەیاندن و دەوڵەت. بۆ دەبێت ئەو هاوکارییە هەبێ؟ چونکە دەوڵەت تازەیە و ئەرکەکانی قورسە و پرۆسەی گەیاندن و ڕاگەیاندن ئەگەر بکەوێتە سەر چاودێریکردنی دەوڵەت یان حکوومەت، ئەوا حکوومەت ناتوانێ کارەکانی خۆی بکات. ئەوە ڕوانگای سیستەمی سیاسییە. لەکاتێکدا لە ڕۆژئاوا ڕاگەیاندن لەبەری ئەوبەری حکوومەت ڕاوەستاوە. نەك بۆ دوژمنایەتی بەڵکو بۆ چاودێری و تەواو فاسیلەی لێوەرگرتووە.

ناگەڕێمەوە سەر پرۆسەی پێگەیشتنی سەرمایەداری لە ڕۆژئاوا و پێنەگەیشتنی لە ڕۆژهەڵاتدا و لە وڵاتی ئێمە بە تایبەتی. بازاڕی ئازاد لە وڵاتی ئێمەدا نەک نیە بە پێچەوانەوە وڵاتێکی مەسرەفیی بێتامە. خودی خاوەن پارەکانیشمان_ کەناکرێ چەمکی سەرمایەداریان بەسەردا وردکەینەوە_ چاویان لە دەوڵەتە، چاویان لە دەمی ڕاگەیاندنە، بۆیە بەهیچ شێوەیەك بازاڕی ئازاد لە وڵاتی ئێمە و لە دەوروبەریشماندا بەشی ئەوەندە بەهێز نەبووە تا لە دامەزراندنی دامودەزگای ڕاگەیاندنی هاوچەرخ بەشداربێت، کە بە ملیۆنەها دۆلاری دەوێت. لە وڵاتی ئێمە بەشێوەیەکی زۆر چاوچنۆکانە تەماشای ڕاگەیاندن دەکەن. من لە تەجرەبەی خۆمدا لەگەڵ حزب دەبوایە ماندو ببم تا دەزگایەکی تەلەفزیۆن لەگەڵ لیژنەی ناوچە بەراورد نەکرێ.تێگەیاندنی ئاسان نەبوو کە ئەرکیان وەك یەك نیە و نابێ یەکیان بەوی دیکە بشکێنی.

ئەو تەداخولەی پرۆسەی پێگەیشتنی دەوڵەت لە ڕۆژهەلات، وایکردووە بە هیچ جۆرێك ڕاگەیاندن لە حکومەت جیانەبێتەوە. حکوومەت بۆخۆی پرۆسەی کامڵبوونی نەگەیشتۆتە ئەو رادەیە کە بزووتنەوەی سیاسی و عەقڵی سیاسی هێندە کامل بێت ئەرکی دەوڵەت لە بەڕێوەبردن و چاودێریکردندا بمێنێتەوە و هیچ مافێکی دیکەی بۆخۆی نەوێت. تا ئێستا لە ڕۆژهەڵاتدا هەموو سیاسەتمەدارێك کە لە ماڵ دەردەچێت پێیوایە دەکرێ خاوەنی هەموو وڵات بێت! دەکرێ خاوەنی هەموو حیزبەکان بێت!! دەکرێ هەتا هەتایە سەرۆك بێت ، ئەمە بەراورد بکە تا وەزیر و پێداوەرە خوارتریش. هیچ کەسێك بیر لە تەقسیم بوونی قۆناغەکانی ژیانی خۆی و تەعریفکردنی شێوەی بەشداریکردنی خۆی لەو بوارە دیاریکراوەی ژیاندا، ناکاتەوە. جا ئەو بوارە دیاریکراوە سیاسەت بێت، کارگێری بێت. بۆ نموونە وەزیر 20 ساڵ لە پۆستەکەیدادەمێنیتەوە! . لە مەنتقی سیاسیی کوردستاندا وەزیر دیاریدەکرێ و هیچ پڕۆگرامێکی نیە و پێیدەبڵێن جا تۆ خۆت بڕۆ ئەو وەزارەتە چاك بکە! باشە ئەم دەوڵەتە مێشکی پێگەیستو بەکارناهینێ؟ خیبرە کۆناکاتەوە؟ پڕۆگرامێکی نییە تا بگەڕێ وەزیرە بۆ وەزارەتێک بنێرێ تا لەو پڕۆگرامەی حکوومەت پێیوایە دەبێت کامڵ بکرێت، بچێت کاری لەسەر بکات و لێی شارەزا بێت؟!

وەرەوە سەر ئەم ڕوانگا سیاسییە، بەراوردی بکە چۆن تەعامول لەگەڵ ڕاگەیاندن دەکات! ئەوەیە تا ئیستا ڕێگەنەدراوە ڕاگەیاندن دەوری ڕاستەوخۆی هەبێت، چ لە ژیانی کۆمەڵایەتی و لەو پڕۆسە پەروەردەییەی کە ئێمە لە موناقەشەکانی پێشوماندا باسمان کرد، بە قانوون و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی، بە باوەڕە کۆمەڵایەتییەکان، بە مەسڵەحەتی سیاسی ڕێگەی پێنادەن . ئەو رەفتارانە گەر وردیان بکەیەوە ، هەموویان بەهای (قیم) زۆر قورسی لەپشتەوە مەڵاس دراوە. بەها یەعنی ژیان، ئەگەر پێشێل کرا یان من یان تۆ، یەکمان دەبێ بمێنین. لەهەر وڵاتێك بە مەنتیقی "یان من یان تۆ" رەفتار لەگەڵ فیکر یان ڕاگەیاندن بکرێ، پێش هەموو شتێك _ماندوبوونی ناوێ_ نە ڕاگەیاندن دەمێنێ نە فکر دەمێنێ، چونکە دەسەڵات و عەزەڵاتی ڕاگەیاندن و فیکر لە هی مشکێك لاوازترە. تا کەی ئەم پرۆسەیە لە ڕۆژهەڵات بەردەوام دەبێت؟ ئێمە هەموومان بەشێکین لە ناوچە هەرە سیاسی و هەرە خەشنەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بەردەوام یان لە شەڕداین یان چواردەورمان لە شەڕدایە.

کاتێك تۆ لە وڵاتێك دەژی لە گفتوگۆیەکی تەلەفزیۆنیدا ،یەک قسە(وشە) دەوڵەتان و حزبانی ناوخۆ و دەرەوەت لێ دەهاروژێنێ و ئیىزارت دەکەن کە بۆچی گوتووتە؟ کاتێك ئەم نەفسیەتە هەیە

مەسڵەحەتێك هەیە وا داوا دەكات، یەعنی گۆڕینەوە لەبەینی ئێمە و لە دەوڵەتانی دەوروبەرهەیە، یان لە بەینی ئەم حزبە و حیزبەكەی دیكە یان ئەم حزبە و فلان كەسایەتییە. ئەوە بارە كارێكی وادەكات ڕۆژنامەنووس زانا بارنایە و دەزگاكانی ڕاگەیاندن پێناگەن.جا ئەگەر كەمێك داهێنان لەكاری ڕاگەیاندندا هەبوو، وەختێك ئینزار دەكرێ، كاتێك تۆ پێتوایە ڕاستی و لە پڕێكا ڕێگات پێدەگرن. دەپرسی بۆ؟ بۆیەكەشت وەڵام نادەنەوە، زۆر بڕۆی ملت دەشكێنن. ئەمە لە هەموو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست باوە. ئەو پرۆسەیە تەواو نابێت تا ئەوكاتەی ئیستقراری كۆمەلایەتی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دروست دەبێت.كەی ئیستقراری كۆمەلایەتی دەبێت؟ بە دەوڵەتی بەهێز تا جموجۆڵ نەمێنێ؟ ماوەیەكی دوورودرێژ تاساڵی 1990، ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بە پیی ئەم ڕێككەوتنە نێودەوڵەتیانەی هەبوون، حكومەتی زۆر بەهێز لەسەر كاربوون و پێكهاتەكانیان دەپلیشاندەوە و ئازادی نەبوو. كاتێك كرانەوە، دەركەوت بریتین لە زوڵم و ئیبادە و پێشنەكەوتن و چەق بەستن لەبواری كۆمەلایەتی و گەشەسەندنی مرۆڤایەتی. كەواتە بە دەوڵەتی بەهێزی كۆنترۆڵكار، پیشكەوتنی كۆمەلایەتی دروست نابێت. تەنیا ڕێگا ئەوەیە كۆمەڵگا بكرێتەوە، لە كرانەوەدا ئەم وەزعەی ئێمە هەمانە، بە كەمێك باشتری دەستپێدەكات. هەموو پێكهاتەكانی وڵات تەعبیر لە خۆیان دەكەن، موناقەشە دەكەن و سەرەنجام پرۆسەیەكی تەكمیلیی و خۆناسین و دەوروبەر ناسین و كۆمەڵگا ناسین و لێكۆڵینەوە لە وردەكاری ژیان وا دەكات تواناكانی كۆمەڵگا بكرێتەوە، توانای فەردی بكرێتەوە، لە چوارچێوەی ئەواندا مافی بیركردنەوە و مافی پرسیاركردن و مافی چاودێریكردنی بدرێت بە هەمووكەس. لەنێو هەموو ئەو كەسانەدا ئەو نوخبەیەی كە دەوری بیركردنەوە و چاودێریكردن لە كۆمەڵگادا دەبینن و پێیان دەگوترێ ڕۆژشنبیران و ڕاگەیاندن، بە قانوون دەكەونەوە ناو ئەو سیستەمەی باسمان كرد: سیستەمی ڕاگەیاندن و گەیاندنی زانیاری.

دەڵێن ڕاگەیاندن دەسەلاتی چوارەمە. ئەم چەمكە موناقەشەی لەسەرە. گەر دەسەلات بێت وەك سێ دەسەلاتەكەی دیكەی دەوڵەت، دەبێ بەشێك بێت لە سیستەمی دەوڵەتی و نابێ هیچ قسەیەك بكات غەیری مەسڵەحەتی رەسمی نیزام. سیستەمی سیاسی و عەقڵی قانوونی و ڕوانگای كۆمەڵگا، چۆن ڕوانگای بۆ پەروەردەی باش هەیە دەبێ بۆ راگەیاندنیش هەروا بیت. دەوڵەت ددان بە ڕوانگای باشدا دەنێت . دەبێ نوخبەی بگاتە ئەم قەناعەتە كە ڕاگەیاندن بریتییە لە سیستەمی گەیاندنی زانیاری و سیستەمی بیركردنەوەی وڵاتە، بەبێ ئەوەی بە قانوون لە شوێنێكی دیاریكراوی جیهازی دەوڵەت دابندرێت، پێویستە پشتیوانی بكرێ تا كاری خۆی بكات. ئەگەر ئەم ڕوانگایە بەباش بزاندرێت كە تاكە ڕێگە، ئەوكات دەبێ دەوڵەت چۆن بۆ بوارەكانی دیكەی

پـێشكەوتنی كـۆمـەڵـگا ، بـودجـە و پشـتیوانی و پـەروەردە دابـین دەكـات، بـەبێ ئـەوەی هیچ چاوەڕوانییەكی هـەبێت، بۆ راگەیاندنیش هـەروا بكات. چاوەروانی دەوڵەت دەبێ بریتی بێت : سیستەمی راگـەیـانـدن ئـەركی خـۆی بـۆ كـۆمـەڵـگا بـەبـاشی بـگـرێـت و لـە هـەر سیسـتـەمێكیشـدا میكانیزمی چاودێری تایبەتی خۆی لەناو خۆیدا هەیە. لەناو كۆمەڵگادا ئەگەر لانی كەمی پرۆسەی پێشكەوتنی ئـاسـایی هـەبێت، سیسـتـەمـەكـان جـاودێـریی و مـنـافـسـەی یـەكـدی دەكـەن. كـاتـێك ڕاگەیاندن كەم و كوڕی هەبێت لە بەشەكانی دیكەی سیاسەت و حكوومەت بەڕێوەبردن و پەروەردە و بوارەكانی دیكەی ژیانی كۆمەڵگای مەدەنی، هەستی پێدەكەن و دەیخەنە ژێر فشار. تاكو ئێستا ئەم قەناعەتە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نیە.

پەیوەندی نێوان حزب و ڕاگەیاندن لەوەڕا دێت، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی كوردستان داهێنەری دەزگـاكـانی ڕاگـەیـانـدن بـووە و هـەمـوو چـەمـكەكـانی نـاو ڕاگـەیـانـدنی بـەشـێوەی شـۆڕشـگێڕی داڕێژراون كە پەیوەندییان هەیە بە چارەنووسی وڵات و پرۆسەی دروستكردنی نەتەوە لە كوردستان و پرۆسەی دروستكردنی دەوڵەت و سەربەخۆیی. هەموو ئەوانە دەبێ گوێڕایەڵی ئەو ئامرازە بن كـە ئـەو ئـاواتـانـە دەهـێنێتەدی، ئـەویـش حـزبـە. ئـەوە وای كـردووە كـە لـە ڕۆژهـەڵاتی نـاوەڕاسـت پیرۆزییەكی زۆر بە حزب بدرێت و لە كوردستان بەتایبەتی هەر بووەتە ناسنامەی كەسەكان. ئیسـتقرار دواكـەوت و حـزبی شـۆڕشـگێڕ مـێژوویـەكی دووردرێـژیـان هـەیـە، بـوون بـە كەلەپوور(توراسی)ی تایبەتی ئەندامەكانیان. ئەوە وادەكات ڕاگەیاندن ئەركی گەیاندنی پەیامی ئەو ئامرازە بێت كە پێی دەگوترێ تەنزیمی سیاسی، بیر و باوەڕ و شەخسیات و كاریزماكانی ناو ئامرازە سیاسییەش موقەدەسن. بۆیە ئەو كۆت و زنجیرەی باس دەكرێ، وادەكات بیركردنەوەی باش و ڕاگـەیـانـدنی بـاش و نـووسـەری بـاش و بیرمـەنـدی بـاش نـەبێت.ئـەوە دەردی كـوردسـتـان و هەموو ئەو وڵاتانەیە ژیانی سیاسی وەك ئێرەیان هەیە، ئەوە دەردی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاستە.

مافی حزبەكان بۆ هەبوونی دەزگاكانی ڕاگەیاندن بەناوی خۆیان، تەنیا لە بەشێكی ڕۆژهـەڵاتی نـاوەڕاسـت و هـەنـدێـك وڵاتی دیكە هـەر ئـاسیا هـەیـە. لـە ئـەورووپـا دەمێكە ئـەو دیـاردەیە كـۆتـایی هـاتـووە. چونكە كاتێك حزب حەقی دامەزراندنی دامودەزگای ڕاگەیاندنی دەبێ، ئەو سیستەمە كەرت دەكات كە پێیدەگوترێ سیستەمی گەیاندنی زانیاری و بیركردنەوە لەناو كۆمەڵگا. هەر حزبە بۆخۆی ڕوانگای تایبەتی هەیە، بەرژەوەندی سیاسی تایبەتی هەیە، مێژووی تایبەتی خۆی هەیە و بە هیچ شێوەیەك یەكگرتوویی لەسەر پەیامی ڕاگەیاندن ، بە ناوەرۆكی نیشتمانی دروست نابێت.

کەش و هەوایەکی چالاك و زیندو بۆ بیرکردنەوە دروست نابێت، بۆیە نووسەریش دروست نابن. ڕاگەیاندنی چالاك ئەوەیە  کە زۆرترین نووسەری لەبواری جیاجیا وەك تۆڕ لە دەور بێت.

لە وڵاتانی وەکو ئێمە، خودی دەوڵەت و بزووتنەوەی سیاسی بەسەر کۆمەڵگادا زاڵن، ئەمەش کەشێکی سیاسی  گشتگیر (شمولی – تۆتالیتار) دروست دەکات کە بەهیچ شێوەیەك بۆ بیرکردنەوەیەکی جیاواز درزی تێدا نییە. قانوون لە بەرژەوەندی حزب دادەندرێت، لە بەرژەوەندی سەیتەرەکردنی دەوڵەت لەبەردەم گەیاندنی زانیاری دادەڕێژرێ. کاتێك قانوون داندرا، هەربۆخۆشی داب و نەریتەکە هەیە و تێیدا پەروەردە بووین، قانوونیش دێت هەمووی جێبەجێی دەکات. بۆیە دەبینین پێشکەوتن لەڕووی تەکنۆلۆژیاوە زۆرە بەڵام لە رووی کەفائەتەوە زۆر لەپاشە. ئەوە سوچی کەسێك یان سیاسەتمەدارێك یان حزبێك بەتەنیا نییە، ئەوە سرووشتی کۆمەڵگاکەی ئێمەیە، ئەوە تەبیعەتی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. نموونەی میسر و تونس و لیبیا هەروایە. تورکیا کە پێشکەوتووترین وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و هەنگاوێکی بەرەو دیموکراسی هاویشتووە ، تەنیا لە 10 ساڵی ڕابردوودا وردەوردە  ئەو تەقلیدەیان شکاندووە. پێدەچێ تورکیا پێشەنگی ئەو گۆڕانکارییە بێت کە دەبێ دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بیکەن.

لەوەتای شەڕی جیهانیی دووەم تەواو بووە و جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ سەپێندراوە بەسەر هەر کەسێك بیەوێ ئازادیخوازبێت، هەموو بزووتنەوەکانی سیاسی نکوڵیان نییە دان بە هەموو مافەکاندا بێنن. هەموو دەوڵەتانیش _تەنیا چەند دەوڵەتێکی خەلیج و سعودیەی لێ دەرچێ کە لەسەر هەندێك لە مافەکان تێبینیان هەیە_ ئەوەی دیکەیان هەموو بە نووسین لایەنگری ئەو مافانەن. بەڵام کە دێتە بواری جێبەجێ کردن، کاتێك تێکۆشان هەبێ بۆ ئەوەی ئازادی بیر و ڕا لە قانووندا جێگیر بکرێ، قانوون دانی پێداهێناوە، کە دێیە سەر پەروەردەی سیاسی و  کۆمەڵایەتی واقیعەکە پێچەوانەیە. دەتوانی لە چوارچێوەی حزبێك کە بڕوای بە ئازادی هەیە، بیر بکەیەوە بەڵام بۆت نییە کە هاتیە دەرێ،چیدی بیر بکەیتەوە. چونکە تاك  هیچ نیە. میکانیزمێک نییە  وەك فەردێك لەناو کۆمەڵگا قسە بکات و دەنگی ناڕوا و وەرناگیرێ. دەنگی تاك ئەو کۆدانە ناکاتەوە کە عەقڵیەتی کۆمەڵگا وەریدەگرێ. دان بە ئازادی بیر و ڕا و ئازادی ڕاگەیاندن نراوە، بەڵام کە دێتە سەر کردەوە، تەقسیم کراوە: قانوونی حزب حزب واتە کەرت کەرت بیر دەکەنەوە. بەرژەوەندی حزبان هەموو ڕۆژێ لە ئاڵوگۆڕدایە، هاوپەیمانی دەکەن، کەسایەتییەکان دەوردەبینن، وەك ئەوەی لە وڵاتی ئێمەدا هەیە. ئەمڕۆ لە سەنگەردان و لێك دەدەن، سبەینێ هێندە بەقووەت یەکتر ماچ

دەکەن، کابرای ڕۆژنامەنووس شەرم دایدەگرێ و دەڵێ وەڵڵاهی ئەمن دوێنێ زۆر پیاوێکی خەتاکاربووم، تەماشای ئەو ماچە زلانە و ئەو شەڕەی بەمنیان دەکرد، تێکناکاتەوە!! تۆ بڵێی یان نا، ڕەفتاری مرۆڤ جاریوا هەیە لە یەك حەرەکە و یەك قسە، لە یەك وتار کاریگەری زۆری بەسەر پەروەردە و قووەتەی مرۆڤ دەبێ کە لەناخەوە هەیەتی. هەربۆیە گەورەترین ئازادیخواز خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نین، ئەو پیاوە گەورانەی کەوا بەشەریەت شانازییان پێوە بکات، بە دەگمەن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبیندرێن و بە پەنجە دەژمیردرێن. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست حەوشەی تێکشکاندنی ئینسانە، هەتاکو ئیستاش لەو کۆزەدا میللەتان ئیبادە دەکرێن، دەچەوسێنەوە،لە ڕووی تەربیەشەوە بەبێ ئازاری جەستەیی، ئینسان تێکدەهاڕدرێ. ئینسانی موسەیەر(لێخوراو) و گوێڕایەڵ و خوڕافی و خۆبەکوشتدەر دروست دەکرێت.

ئەگەر دیفاعەکانی عەلی حەسەن مەجید وەربگرن، دەبینن ئەو کابرایە پیاوێکی ئاسایی کۆمەڵگای سیاسی عەرەبییە. زۆر بە ئاسانی دەڵێ حزب بۆ بەرژەوەندی دەوڵەتی نەتەوەی عەرەب، منیان ڕاسپارد تا کورد جینۆساید بکەم. کاتێك لە هەموو ڕووەکانەوە دیراسەی دەکەی، تەنیا دەگەینە یەك نەتیجە، ئەویش مەنتقی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە یەکێك بۆ سیاسەت پەروەردە دەکات، ئەگەر بەم مەسیرەدا بڕوات، دەبێ چاوەڕێ بین ئەو کەسە تاوانکارانە دروست بن. ئەگەر لە کۆمەڵگایەکدا ئەوانە دروست بن، لەوانەیە هەر یەك لە دانیشتوانی وڵات وای لێبێت، ئەمە حەقیقەتی عیلمییە. بۆیە لە تەجرەبەی مرۆڤایەتیدا، ئازادی بیر و ڕا و ئازادی ڕاگەیاندن گرینگە. ئەگینا شتێك بەناوی ڕاگەیاندنی ئازاد نییە. چونکە ناکرێ ڕۆژنامەیەك ئازاد بێت لەبەر ئەوەی سەرنووسەرەکەی زۆر لەخۆ بردووە، زۆر نەترسە! ئازادی لە سیستەمدا دابین دەکری نەك لە رەفتاری پالەوانانەی کەسیك. ئیبراهیمی نەبەوی نووسەرێکی ئێرانیە بەناوبانگە. تەنزنووسێکی سیاسییە، کاتێك کۆماری ئیسلامی گرتی، یەکسەر هێنایانە سەر تەلەفزیۆن، دەیگووتی: من سەهیۆنیمە و بەکرێگیراوی ئەمەریکامە و جاسوس بووم. ئەوەی دەمنووسی هەمووی پارەم وەردەگرت. پرسیار ئەوەیە: مەعقولە ئەو نووسەرە شەریف و رەخنەگرە، ئەم ئینسانە بەکرێگیراوە بووبێت؟ کاتیك بەریاندا، یەکسەر بۆ دەرەوە ڕایکرد. باسی ئەشکەنجەکانی جەستەیی و دەروونی خۆی دەکات، دەڵێ: ئێستاش بمگرنەوە، جارێکی دیکە بادەدەمەوە و هەمان قسان دەکەمەوە. نابێ داوا لە نووسەر بکرێ بەری شەق بگرێ. لە دنیادا موفەکیر نییە بەری لێدان و برسیەتی بگرێ.

لە تیۆرییە ماندەنییەکانی مارکس ئەوەیە کە دەڵێ: ئەوکاتەی مرۆڤ زەختی ئابووری لەسەر

نامێنێ، ئەوکات داخیلی کۆمەڵگای مەدەنی دەبێت و ئەوکات دەتوانێ زۆر بیربکاتەوە و ئەوکاتەیە کە قودرەتی فیکر و دەست دەگەنە یەك ئاست. ئەمەیە کە ئەمڕۆ لە دنیادا پێشکەوتنی عیلمی سەلماندویەتی.

هەمان قسە مەسعود محەمەد بەشێوەیەکی تر دەیکاتەوە. ئەو، تاکە پیاوی کۆمەڵگای ئێمەیە لە موناقەشەی فکری بەردەوامدابوو لەگەڵ ئەم فکرەی ئێستا کە ئێمە باسی دەکەین. مەسعوود محەمەد دەڵێ: جووتیار و پاڵە و رەنجبەری کوردستان لای منیش عەزیزن و حەزدەکەم خۆشترین ژیانیان هەبێت و لەو قۆناغە دەرچن، بەس پیاوی شان بەتۆز ، نە خوێندەواری هەیە، نە وەختی هەیە بیربکاتەوە. ئەوە ئەریستۆکراتەکانن بیر دەکەنەوە، دائیمەن بیرکردنەوە لەسەر دەستی بەگزادەکان بووە_ بەگزادە بەمانای کوردەواری نا، بە مانای ئەریستۆکرات_ ئەو قسەیە راستە. بۆیە چەمکی ڕاگەیاندنی ئازاد هەڵەیە، بیدعەیەکە لە بیدعەکانی بزووتنەوەی سیاسی کوردستان. ئەمە ئیمتیدادی فابریکەی ئایدیۆلۆژییە کە لە ئەساسدا بزووتنەوەی شیوعی و فکری شیوعی لە وڵاتانی ئیشتراکی هێنایان. لەسەر ئەو بنەما ئایدیۆلۆجییانە، هەر حزبێك دەبێ تیئۆرسیەن و فەیلەسوفی خۆی هەبێ. بۆیە دەبینی لە ناو هەندێك معارەزەی ئێمەدا کەسانێکیان زۆر هەڵداوە و بەرزیانکردوونەوە. فلانی گوتی فلانی گوتی. ئەو فلانی گووتیە هیچ نییە، لە ئەساسدا عەینی وەکو وەزیرێکی ئێمە دایانناوە، ئەگەر لاییبەن، فلانی گووتی نامێنێت. چەمکی ڕۆژنامەی ئازاد و تەلەفزیۆنی ئازادیش لەو بارەوەیە.

هەر کاتێك لە وڵاتدا پرۆسەی پێشکەوتن بە شیوەیەکی هاوسەنگ بەڕێوەبچێت، حکوومەت دەوری خۆی ببینێت لە پشتیوانی کردنی دامەزراندنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن، بە پێی خسوسیاتی هەر وڵاتێك، باشترین موئەسەساتی راگەیاندن دروست دەبن. ئەوکات حزب دەستی خۆی لە دامەزراندنی دامودەزگای راگەیاندن دەکێشێتەوە و هەوڵ دەدات لە چوارچێوەی قانووندا، موئەسەسات بکڕێ. حزب بۆی هەیە زۆرترین موئەسەساتی راگەیاندن بکڕێ، ئەوکات رۆژنامەنووس و داهێنەری وڵات کە دەچن لەو موئەسەسەیە ئیش بکەن، بەلام لە حزبەکەدا نابن ( یان لەوانەیە حزبیش بن) لە چوارچێوەی قانووندا کار دەکەن، ملکەچ دەبن بۆ قانوون. لە تورکیای ئێستا کەمێك بەرەو ئەوە خەریکە هەنگاو داوێن.

لە وڵاتی ئێمەدا جارێ زۆر زەحمەتە حزبەکان دەست لە ڕاگەیاندن بکێشنەوە، ئەگەر کێشایانەوە بەدیل نییە. ئەمە قۆناغێکە کە ئێمە تێیداین، بە پەلەپەل ناکرێ، بەلام بەومانایەش نییە کە پرۆسەی

چاکسازیکردنی بواری راگەیاندن و رۆشنبیری هەڵنەگرێ. لە هیچ وڵاتێکدا ئیستقرار بەیەك هەنگاو دروست نابێ، بۆ گەیشتن بە قۆناغێکی موعەیەنی تەکامولی کۆمەڵایەتی، پێویستە قۆناغ بە قۆناغ و هەنگاو بە هەنگاو بڕوات. موشکیلە ئەوەیە لە کوردستان ئەو هەنگاوانە لە بواری رۆشنبیری و راگەیاندندا ناهاوێن.

پەیوەندی نێوان حزب و ڕاگەیاندن لەوەڕا دێت، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی کوردستان داهێنەری دەزگاکانی ڕاگەیاندن بووە و هەموو چەمکەکانی ناو ڕاگەیاندنی بەشێوەی شۆڕشگێڕی داڕێژراون کە پەیوەندییان هەیە بە چارەنووسی وڵات و پرۆسەی دروستکردنی نەتەوە لە کوردستان و پرۆسەی دروستکردنی دەوڵەت و سەربەخۆیی. هەموو ئەوانە دەبێ گوێڕایەڵی ئەو ئامرازە بن کە ئەو ئاواتانە دەهێنێتەدی، ئەویش حزبە. ئەوە وای کردووە کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پیرۆزییەکی زۆر بە حزب بدرێت و لە کوردستان بەتایبەتی هەر بووەتە ناسنامەی کەسەکان. ئیستقرار دواکەوت و حزبی شۆڕشگێڕ مێژوویەکی دووردرێژیان هەیە، بوون بە کەلەپوور(توراسی)ی تایبەتی ئەندامەکانیان. ئەوە وادەکات ڕاگەیاندن ئەرکی گەیاندنی پەیامی ئەو ئامرازە بێت کە پێی دەگوترێ تەنزیمی سیاسی، بیر و باوەڕ و شەخسیات و کاریزماکانی ناو ئامرازە سیاسییەش موقەدەسن. بۆیە ئەو کۆت و زنجیرەی باس دەکرێ، وادەکات بیرکردنەوەی باش و ڕاگەیاندنی باش و نووسەری باش و بیرمەندی باش نەبێت.ئەوە دەردی کوردستان و هەموو ئەو وڵاتانەیە ژیانی سیاسی وەك ئێرەیان هەیە، ئەوە دەردی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە.

مافی حزبەکان بۆ هەبوونی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەناوی خۆیان، تەنیا لە بەشێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەندێک وڵاتی دیکە هەر ئاسیا هەیە. لە ئەورووپا دەمێکە ئەو دیاردەیە کۆتایی هاتووە. چونکە کاتێك حزب حەقی دامەزراندنی دامودوزگای ڕاگەیاندنی دەبێ، ئەو سیستەمە کەرت دەکات کە پێیدەگوترێ سیستەمی گەیاندنی زانیاری و بیرکردنەوە لەناو کۆمەڵگا. هەر حزبە بۆخۆی ڕوانگای تایبەتی هەیە، بەرژەوەندی سیاسی تایبەتی هەیە، مێژووی تایبەتی خۆی هەیە و بە هیچ شێوەیەك یەکگرتوویی لەسەر پەیامی ڕاگەیاندن ، بە ناوەرۆکی نیشتمانی دروست نابێت. کەش و هەوایەکی چالاك و زیندو بۆ بیرکردنەوە دروست نابێت، بۆیە نووسەریش دروست نابن. ڕاگەیاندنی چالاك ئەوەیە کە زۆرترین نووسەری لەبواری جیاجیا وەك تۆڕ لە دەور بێت.

لە وڵاتانی وەکو ئێمە، خودی دەوڵەت و بزووتنەوەی سیاسی بەسەر کۆمەڵگادا زاڵن، ئەمەش کەشێکی سیاسی گشتگیر (شمولی – تۆتالیتار) دروست دەکات کە بەهیچ شێوەیەك بۆ

بیرکردنەوەیەکی جیاواز درزی تێدا نییە. قانوون لە بەرژەوەندی حزب دادەندرێت، لە بەرژەوەندی سەیتەرەکردنی دەوڵەت لەبەردەم گەیاندنی زانیاری دادەڕێژرێ. کاتێك قانوون داندرا، هەربۆخۆشی داب و نەرێتەکە هەیە و تێیدا پەروەردە بووین، قانوونیش دێت هەمووی جێبەجێی دەکات. بۆیە دەبینین پێشکەوتن لەڕووی تەکنۆلۆژیاوە زۆرە بەڵام لە رووی کەفائەتەوە زۆر لەپاشە. ئەوە سوچی کەسێك یان سیاسەتمەدارێك یان حزبێك بەتەنیا نییە، ئەوە سرووشتی کۆمەڵگاکەی ئێمەیە، ئەوە تەبیعەتی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. نموونەی میسر و تونس و لیبیا هەروایە. تورکیا کە پێشکەوتووترین وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و هەنگاوێکی بەرەو دیموکراسی هاویشتووە ، تەنیا لە 10 ساڵی ڕابردوودا وردەوردە ئەو تەقلیدەیان شکاندووە. پێدەچێ تورکیا پێشەنگی ئەو گۆڕانکارییە بێت کە دەبێ دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بیکەن.

لەوەتای شەڕی جیهانیی دووەم تەواو بووە و جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ سەپێندراوە بەسەر هەر کەسێك بیەوێ ئازادیخوازبێت، هەموو بزووتنەوەکانی سیاسی نکوڵیان نییە دان بە هەموو مافەکاندا بێن. هەموو دەوڵەتانیش _تەنیا چەند دەوڵەتێکی خەلیج و سعودیەی لێ دەرچێ کە لەسەر هەندێك لە مافەکان تێبینیان هەیە_ ئەوەی دیکەیان هەموو بە نووسین لایەنگری ئەو مافانەن. بەڵام کە دێتە بواری جێبەجێ کردن، کاتێك تێکۆشان هەبێ بۆ ئەوەی ئازادی بیر و ڕا لە قانووندا جێگیر بکرێ، قانوون دانی پێداهێناوە، کە دێیە سەر پەروەردەی سیاسی و کۆمەڵایەتی واقیعەکە پێچەوانەیە. دەتوانی لە چوارچێوەی حزبێك کە بڕوای بە ئازادی هەیە، بیر بکەیەوە بەڵام بۆت نییە کە هاتیە دەرێ،چیدی بیر بکەیتەوە. چونکە تاك هیچ نیە. میکانیزمێک نییە وەك فەردێك لەناو کۆمەڵگا قسە بکات و دەنگی ناڕوا و وەرناگیرێ. دەنگی تاك ئەو کۆدانە ناکاتەوە کە عەقڵیەتی کۆمەڵگا وەریدەگرێ. دان بە ئازادی بیر و ڕا و ئازادی ڕاگەیاندن نراوە، بەڵام کە دێتە سەر کردەوە، تەقسیم کراوە: قانوونی حزب حزب واتە کەرت کەرت بیر دەکەنەوە. بەرژەوەندی حزبان هەموو ڕۆژێ لە ئاڵوگۆڕدایە، هاوپەیمانی دەکەن، کەسایەتییەکان دەوردەبینن، وەك ئەوەی لە وڵاتی ئێمەدا هەیە. ئەمڕۆ لە سەنگەردان و لێك دەدەن، سبەینێ هێندە بەقووەت یەکتر ماچ دەکەن، کابرای ڕۆژنامەنووس شەرم دایدەگرێ و دەڵێ وەڵلاهی ئەمن دوێنێ زۆر پیاوێکی خەتاکاربووم، تەماشای ئەو ماچە زلانە و ئەو شەڕەی بەمنیان دەکرد، تێکناکاتەوە!! تۆ بڵێی یان نا، ڕەفتاری مرۆڤ جاریوا هەیە لە یەك حەرەکە و یەك قسە، لە یەك وتار کاریگەری زۆری بەسەر پەروەردە و قووەتی مرۆڤ دەبێ کە لەناخەوە هەیەتی. هەربۆیە گەورەترین ئازادیخواز خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نین، ئەو پیاوە گەورانەی کەوا بەشەریەت شانازییان پێوە بکات، بە دەگمەن

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبیندرێن و بە پەنجە دەژمێردرێن. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست حەوشەی تێکشکاندنی ئینسانە، هەتاکو ئیستاش لەو کۆزەدا میللەتان ئیبادە دەکرێن، دەچەوسێنەوە،لە ڕووی تەربیەشەوە بەبێ ئازاری جەستەیی، ئینسان تێکدەهاڕدرێ. ئینسانی موسەیەر(لێخوراو) و گوێڕایەڵ و خوڕافی و خۆبەکوشتدەر دروست دەکرێت.

ئەگەر دیفاعەکانی عەلی حەسەن مەجید وەربگرن، دەبینن ئەو کابرایە پیاوێکی ئاسایی کۆمەڵگای سیاسی عەرەبییە. زۆر بە ئاسانی دەڵێ حزب بۆ بەرژەوەندی دەوڵەتی نەتەوەی عەرەب، منیان ڕاسپارد تا کورد جینۆساید بکەم. کاتێك لە هەموو ڕووەکانەوە دیراسەی دەکەی، تەنیا دەگەینە یەك نەتیجە، ئەویش مەنتقی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە یەکیك بۆ سیاسەت پەروەردە دەکات، ئەگەر بەم مەسیرەدا بڕوات، دەبێ چاوەڕێ بین ئەو کەسە تاوانکارانە دروست ببن. ئەگەر لە کۆمەڵگایەکدا ئەوانە دروست ببن، لەوانەیە هەر یەك لە دانیشتوانی وڵات وای لێبێت، ئەمە حەقیقەتی عیلمییە. بۆیە لە تەجرەبەی مرۆڤایەتیدا، ئازادی بیر و ڕا و ئازادی ڕاگەیاندن گرینگە. ئەگینا شتێك بەناوی ڕاگەیاندنی ئازاد نییە. چونکە ناکرێ ڕۆژنامەیەك ئازاد بێت لەبەر ئەوەی سەرنووسەرەکەی زۆر لەخۆ بردووە، زۆر نەترسە! ئازادی لە سیستەمدا دابین دەکری نەك لە رەفتاری پالەوانانەی کەسیك. ئیبراهیمی نەبەوی نووسەرێکی ئێرانیە بەناوبانگە. تەنزنووسێکی سیاسییە، کاتێك کۆماری ئیسلامی گرتی، یەکسەر هێنایانە سەر تەلەفزیۆن، دەیگووتی: من سەهیۆنیمە و بەکرێگیراوی ئەمەریکامە و جاسوس بووم. ئەوەی دەمنووسی هەمووی پارەم وەردەگرت. پرسیار ئەوەیە: مەعقولە ئەو نووسەرە شەریف و رەخنەگرە، ئەم ئینسانە بەکرێگیراوە بووبێت؟ کاتیك بەریاندا، یەکسەر بۆ دەرەوە ڕایکرد. باسی ئەشکەنجەکانی جەستەیی و دەروونی خۆی دەکات، دەڵێ: ئێستاش بمگرنەوە، جارێکی دیکە بادەدەمەوە و هەمان قسان دەکەمەوە. نابێ داوا لە نووسەر بکرێ بەری شەق بگرێ. لە دنیادا موفەکیر نییە بەری لێدان و برسیەتی بگرێ.

لە تیۆرییە ماندەنییەکانی مارکس ئەوەیە کە دەڵێ: ئەوکاتەی مرۆڤ زەحمەتی ئابووری لەسەر نامێنێ، ئەوکات داخیلی کۆمەڵگای مەدەنی دەبێت و ئەوکات دەتوانێ زۆر بیربکاتەوە و ئەوکاتەیە کە قودرەتی فیکر و دەست دەگەنە یەك ئاست. ئەمەیە کە ئەمڕۆ لە دنیادا پێشکەوتنی عیلمی سەلماندویەتی.

هەمان قسە مەسعود محەمەد بەشێوەیەکی تر دەیکاتەوە. ئەو، تاکە پیاوی کۆمەڵگای ئێمەیە لە موناقەشەی فکری بەردەوامدابوو لەگەڵ ئەم فکرەی ئێستا کە ئێمە باسی دەکەین. مەسعوود

محەمەد دەڵێ؛  جووتیار و پاڵە و رەنجبەری کوردستان لای منیش عەزیزن و حەزدەکەم خۆشترین ژیانیان هەبێت و لەو قۆناغە دەرچن، بەس پیاوی شان بەتۆز ، نە خوێندەواری هەیە، نە وەختی هەیە بیربکاتەوە. ئەوە ئەریستۆکراتەکانن  بیر دەکەنەوە، دائیمەن بیرکردنەوە لەسەر دەستی بەگزادەکان بووە_ بەگزادە بەمانای کوردەواری نا، بە مانای ئەریستۆکرات_ ئەو قسەیە راستە. بۆیە چەمکی ڕاگەیاندنی ئازاد هەڵەیە، بیدعەیەکە لە بیدعەکانی بزووتنەوەی سیاسی کوردستان. ئەمە ئیمتیدادی  فابریکەی ئایدیۆلۆژییە کە لە ئەساسدا بزووتنەوەی شیوعی و فکری شیوعی لە وڵاتانی ئیشتراکی هێنایان. لەسەر ئەو بنەما ئایدیۆلۆجییانە، هەر حزبێك دەبێ تیئۆرسیەن و فەیلەسوفی خۆی هەبێ. بۆیە دەبینی لە ناو هەندێك معارەزەی ئێمەدا کەسانێکیان زۆر هەڵداوە و بەرزیانکردوونەوە. فلانی گوتی فلانی گوتی. ئەو فلانی گووتیە هیچ نییە، لە ئەساسدا عەینی وەکو وەزیرێکی ئێمە دایانناوە، ئەگەر لایببەن، فلانی گووتی نامێنێت.  چەمکی ڕۆژنامەی ئازاد و تەلەفزیۆنی ئازادیش لەو بارەوەیە.

هەر کاتێك لە وڵاتدا  پرۆسەی پێشکەوتن بە شیوەیەکی هاوسەنگ بەڕێوەبچێت، حکوومەت دەوری خۆی ببینێت لە پشتیوانی کردنی دامەزراندنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن، بە پێی خسوسیاتی هەر وڵاتێك، باشترین موئەسەساتی راگەیاندن دروست دەبن. ئەوکات حزب دەستی خۆی لە دامەزراندنی دامودەزگای راگەیاندن دەکێشێتەوە و هەوڵ دەدات لە چوارچێوەی قانووندا، موئەسەسات بکڕێ. حزب بۆی هەیە زۆرترین موئەسەساتی راگەیاندن بکڕێ، ئەوکات رۆژنامەنووس و داهێنەری وڵات کە دەچن لەو موئەسەسەیە ئیش بکەن، بەڵام لە حزبەکەدا نابن ( یان لەوانەیە حزبیش بن) لە چوارچێوەی قانووندا کار دەکەن، ملکەچ دەبن بۆ قانوون. لە تورکیای ئێستا کەمێك بەرەو ئەوە خەریکە هەنگان داوێن.

لە وڵاتی ئێمەدا جارێ زۆر زەحمەتە  حزبەکان دەست لە ڕاگەیاندن بکێشنەوە، ئەگەر کێشایانەوە بەدیل نییە. ئەمە قۆناغێکە کە ئێمە تێیداین، بە پەلەپەل ناکرێ، بەڵام بەومانایەش نییە کە پرۆسەی چاکسازیکردنی بواری راگەیاندن و رۆشنبیری  هەڵنەگرێ. لە هیچ وڵاتێکدا ئیستقرار بەیەك هەنگاو دروست نابێ، بۆ گەیشتن بە قۆناغێکی موعەیەنی تەکامولی کۆمەڵایەتی، پێویستە قۆناغ بە قۆناغ و هەنگاو بە هەنگاو بڕوات. موشکیلە ئەوەیە لە کوردستان ئەو هەنگاوانە لە بواری رۆشنبیری و راگەیاندندا ناهاوێن.

بەشی حەوتەم

رۆلی خراپکارانەی راگەیاندن لەسەر کۆمەڵگا

ئێستا کە تەسەورێکی موناسیبمان لەسەر ڕاگەیاندنی ئەم زەمانە هەیە ، هەمووشمان تێدەگەین کە فراوانی و هەمەچەشنێتی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ئامرازی گەیاندن لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا ئینکار ناکرێ. بۆمان هەیە ئاوڕێك لەم ئەختەبوتە 24 سەعاتییە بدەینەوە و بزانین چیمان بەسەردێنێ! جاریوا هەیە پڕۆگرامەکانی بۆ ژیانی ئێمە لە 24 سەعات زیاترە و بۆ ساڵێکیش ئیشمان لەسەر دەکات، بۆمان دیاری دەکات کە ساڵێکی تر چۆن دەبێت بیربکەینەوە، چۆن ڕەفتار بکەین و چۆن بژیەین و چۆن هەڵوێست وەربگرین!! ئەم دەزگا ئەختەبوتییە کە لە هەموو لایەکەوە بۆمان دێت، چ کاریگەریەکی سەلبی لەسەر ژیانی مرۆڤ دەبێت؟

کە دەڵێم هۆیەکانی ڕاگەیاندن مەبەستم ئامرازی ڕاگەیاندن یان وەسائیلی پەیوەندییەکانە، مەبەستم زیاترە لەو دەزگایانەیە کە تەنیا کاری ڕاگەیاندنی تێدادەکرێ. بۆ نموونە هەموو بوارەکانی ئینتەرنێت کە لە ژیانی کارگێڕی و پەروەردە و پێگەیاندندا ئامادەیەکی ختراکمان پێکردون، یان دەزگاکانی پەروەردەیی، پەروەردەی کۆمەڵایەتی و هونەری، ئەمانە هەموویان دەکەونە ناو جوغزە فراوانەکەی میدیا (راگەیاندن).

ئەگەر باس لە کەموکوڕی ڕاگەیاندن و دەزگاکانی لەسەر ژیان بکەین، ئەوا ڕاگەیاندنی هەرێمی کوردستان لە هەموو کۆمەڵگایەك زیاتر هەست بەو کەموکوڕیە دەکەین، چونکە وڵاتی ئێمە جێنەکەوتووە، تەکوین نەبووە و هەموو دەزگاکان کامڵ نەبوون، لە ڕاستیشدا کۆمەڵگای ئێمە لەخۆئامادەکردندایە بۆ بوون بە کۆمەڵگای هاوچەرخ. قۆناغی ئینتقال لە ژیانی هەموو میللەتاندا پڕە لە کەموکوڕی، یەکێك لە ئازارەکانی قۆناغی ئینتیقالی ڕێك وەکو ئەوەیە ئینسان بە برینداری بەڕێگادا بڕوات. بەشێك لە کۆمەڵگا لە لێکهەڵوەشاندایە و دەبێ لێکهەڵبوەشێ. مەبەستم بەشێك لە پەیوەندییەکان و لە قیەم و لە باوەڕەکانی کۆمەڵایەتییە کە پەیوەندییان بەم زەمانەوە نەماوە. لێکهەڵوەشانی ئەم سیستەمە لەناو مەعریفەی ئینساندا بە ئاسانی ئیستقرار وەرناگیرێ، بۆیە

کێشەیەکی فراوان لەناو کۆمەڵگادا دەنێتەوە: بەشێك پێیانوایە نابێ ئەو لێکهەڵوەشانە ڕووبدات، بەشەکەی تر پێیوایە دەبێ ڕووبدات. ئەم جەبهەیە کە گفتوگۆ و دیالۆگێکی گەورە لەسەر ئاستی نیشتمانی دروست دەکات سەرەنجام ڕێگای خۆی دەبینێتەوە و ئەوە جێگیر دەکات کە لە ژیاندا پێویستە. ئەو قیەمە(بەها) دەمێنێتەوە کە ئەمڕۆ دەتوانێ وەزیفەی بەختەوەری ئینسان بگرێ. ئەو قیەمەی کەوا لە مێژوودا دروست بووە و دەوری خۆی گێڕاوە و ئێستا تەنیا لە وەعی و باوەڕەکانی ئێمەدا ماوە بەڵام لە ژیانی ڕۆژانەدا دەست و پێ گیرە، ئەوەیان کاتێك هەڵدەگیرێ ڕێك وەکو ئەوەیە دومەڵێکی زیاد، لویەکی زیاد لە لەشی مرۆڤ بە عەمەلیات دەربێنن. کارێکی ئاسان نییە و ئازاری کۆمەڵایەتی تێدایە. ئازاری نەشتەرگەری لەسەر قەناعەتەکانی مرۆڤ لە ئازاری نەشتەرگەری لەسەر جەستە قورسترە ، بۆیە نابێ چاوەڕوانبین دەوری میدیا لە گۆڕانکاریەکانی کۆمەڵایەتی دەورێك بێت کە هەموو لەسەری کۆك بن. ئەگەر سیستەمی کۆمەڵایەتی وا تەنزیم کرابێت کە دەبێ پێشکەوتن دابین بوو بێت، یاسا و ڕەوتی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەگەڵ پێشکەوتندا بێت، ئێمە نابێت لە دیالۆگ لەسەر ئەو دەبێ و نابێیەی کاریگەری میدیا لەسەر گۆڕانی کۆمەڵایەتی بترسێین. لەوجێیانە خەتەرە و هەڕەشە لە بوونی کۆمەڵگا دەکات کە ڕەوتی کۆمەڵگا و یاسا و بڕیاری سیاسی لەگەڵ وەستاندنی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا بێت. نموونەیەك دەتوانین بێنینەوە: لە وڵاتی خۆماندا گفتوگۆیەکی فراوان هەیە و کەس لەنێو نابردرێت، لە هەرە پاشکەوتوو تا هەرە پێشکەوتوو. لە تەنیشت ئێمە ئێران هەیە و لەولا سعودیە هەیە، لەسەر ڕەفتاری فەردی، لەسەر قەناعەتی کۆمەڵایەتی و سادەترین ماف مرۆڤ سزا دەدرێ، ژیانی لێدەستێندرێتەوە و ئیهانەی کۆمەڵایەتی دەکرێت. وەك چۆن هەموومان دەبینین، ئەمەی دووەمیان خەتەرە، ئێمە لە هی یەکەمیاندابن کە دەرگا کراوەیە لەسەر گفتوگۆی کۆمەڵایەتی، بەڵام هەدەف پێشکەوتنە.

لە بواری پەروەردەدا دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئەگەر دەزگای تۆکمە و دەوڵەمەند، لە ڕووی فکری بەهێزبن، لە ڕووی ستاف و ڕووی تەکنۆلۆژیاشەوە دەوڵەمەند بن، ئەوا کاری پەروەردە باش بەڕێوە دەچێت. مەبەستم لە پەروەردە تەنیا قوتابخانە و زانکۆ نییە، ئەوێ و پەروەردە لە بوارەکانی دیکەی ژیانی کۆمەڵایەتیم گەرەکە. سەرباری ئەوەش لەنێو ئەو کاریگەرییە بەردەوام و ئەو بیروڕا جیاجیا و خێرایانەی ڕاگەیاندن ڕۆژانە دەیگەیەنێتە ئینسان لە هەرە گچکەوە تا تەمەنی هەرە گەورە و بیست و چوار سەعاتیش بەردەوامە و بەشێوەی جیاجیا پێتدەڵێتەوە. ڕاگەیاندن لە بەرگی هونەردا پیشانت دەدات، لە هەواڵی ئابووری، لە سیاسەتدا، لە جل و بەرگدا، لە ڕێڕۆیشتندا، لە سەما و لە

گۆرانی و پێداوەرە هیچ بوارێکی ژیان نامێنێ کە پەروەردەی تێدا نەبێت. لێرەدا سەرنجتان رادەکێشم و دەگەڕێمەوە سەر تەبیعەتی ئینسان کە ئەمە ئەلف و بێیە: ئینسان وەك هەر گیاندارێکی دیکە بۆ مانەوەی خۆی غەریزەی راهاتنی تێدایە، ئەم غەریزەی راهاتنەیە کەوا دەکات خەزێنی مەعریفی لەلای ئینساندا بمێنێتەوە، بە دەرەجاتی کەمتر لە حەیواناتیشدا هەیە. ئەم مانەوەیە کۆدەکانی بە نەوعێکە کەتۆ بەردەوام مەعلوماتێکی بدەیە، بەردەوام ڕەفتارێکی لەگەڵ بکە، بەردەوام لە کەشێکی تایبەتیدا ڕایگرە، شەخسیەتی ئەو کەسە ڕێك ئەو نەمەتە وەردەگرێ کە تۆ ڕۆژانە لەسەری بەکاردێنی. هەربۆیەشە منداڵ کە لە دایك دەبێت و ئەم قۆناغانەی کە پێیدا تێدەپەڕێ ئەگەر زۆر بە دیقەت مامەڵەی لەگەڵدا نەکرێ، دەبینین شەخسیەتێك دەرچووە بۆ هەموومان موفاجەئە دەبێت و گەنجەکانمان ئەوە نابن کە ئێمە دەمانویست. جا پەروەردەش وایە.

بیر و ڕای جیاجیای ساغ نەکراوە کە قیمەتی عیلمیان وەرنەگرتووە، لە پرۆسەی گەیاندنی ڕۆژانەدا لەرێی سیستەمی پەروەردەوە دەگەنە خەڵك، ئەوە وردە وردە کۆدەبنەوە و پاش ماوەیەك دەبینی دەوری ڕاگەیاندن لە جێگیرکردنی ڕەفتار و بیر و ڕای هەڵە، زۆر کاریگەر بووە. دەوری ڕاگەیاندن لە پەروەردەی فەردیش هەروا. بۆ نموونە ڕاگەیاندن کاریگەری لەسەر زیادکردنی ئیدمان، زۆرکردنی کەئابە، زیادکردنی نیسبەی کەسایەتی هیستریك، زیادکردنی قەلەق هەیە . سەرەنجام ئەمانە ئەگەر زۆربوون، دەبن بە دیاردە. دیاردەکان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا بە گەورەیی خۆیان نیشاندەدەن و دەیانەوێ بەشداربن و سەرەنجام موشکیلەی کۆمەڵایەتی لێدروست دەبێت.

ئێمە کوردین لەسەر وەزنی هەڵپەرکێی سێ پێیی ڕاهاتوین، هەر شتێك سیاسەت نەبێ سەرنجمان ڕاناکێشی،بۆیە با نموونەتان لە سیاسەت بۆ بێنمەوە: هەموو کەسایەتییە سیاسییە توندڕۆکان، چ ئەوانەی توندڕۆی ڕاستڕەوبن بەمانای کۆنەپەرستی، چ ئەوانەی توندڕۆی چەپ بن بەمانای عەدالەتخوازی، کاتێك سەرکردایەتی و تیئۆریسیەنەکانیان(بیرمەندەکانیان) تەماشا بکەی، دەبینی خەڵکانی نۆڕماڵ نین، کەسی توڕەن، زۆر بە پەلەپەلن، زوو بڕیار دەدەن و دەستڕەشن. گەر ئەمانە هەموویان کۆبکەینەوە ئەوە وەحشێکی لێدەردەچێ. لە کوردستان نموونەی وەحشمان هەیە و لەو بوارەدا کەم نین. هەموو ئەوانە ئەوانە کۆبکەوە، کەسایەتییەکان و سیفەتەکانیان بنووسن بزانن کەسێکی موعتەدلی بە سەنگی لێدەردەچێ؟ قەت، لە مێژووشدا هەر وابووە. سەرکردەی بەناوبانگی فکری ئەنارشیستی (باکۆنین) لەسەرەتای سەدەی نۆزدە، شەعبیەتێکی زۆریشی لە ئەوروپا پەیداکرد، لە شارە پیشەسازییەکانی فەرەنسا بەپێش کرێکاران دەکەوت و

دەیگووت: کارگاکان تەخت بکەن، ئەوانە نموونەی نابەرابەری کۆمەڵایەتین، ناعەدالەتی لەوێوە دێت، دامودەزگای دەوڵەت وێران بکەن، دەوڵەت نیشانەی سوڵتەیە و سوڵتە نیشانەی بێعەدالەتییە چونکە پشتیوانی بورژوازییە! ئەو تەختیکەن و تەختیکەنە سەرەنجام هیچ نەمایەوە، دەبوو لەناو وێرانەیەکی گەورەدا دانیشتبان گوایە چەوسانەوەیان نەهێشتووە. سەرەنجام بزووتنەوەی ئەنارشیستی نەگەیشتنە هیچ. کەمێك تەعدیلی بەسەردا هات و بزووتنەوەی کۆمۆنیستی دروست بوو. ماوەیەکی زۆری پێچوو هەمان چارەنووسی ئەنارشیزمی تووش بوو. لە بواری سیاسیشدا فاشیزم و نازیزم ناسیۆنالیزمی توندڕۆ ئازاری مرۆڤایەتییانداوە. لە وڵاتی ئێمەشدا توندڕۆکانی سیاسی ،ئەگەر بگەڕێیەوە بۆ ڕەگەزەکانی پێکهێنانی شەخسیەتیان، دەبینن دەوری تەربیەی خەراپیان بەسەرەوە دیارە.

دەوری دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەسەر گۆرانکاری ناو زمان یەکجار زۆرە. دەبێ زمانێکی کامڵت هەبێت بۆئەوەی ڕاگەیاندنێکی باشت هەبێت. ڕاگەیاندن پەلەیەتی و وەك قیتار دەکات و ڕاناوەستێ، تۆ دەبێ زمانیکی زیندوت هەبێ، زمانت نەبوو دروستی دەکات. ئێنجا زمانی بەڕێوە و بە پەلەپەل دروستکراو وەك خواردنی ماکدۆناڵد دەردەچێ و سەرەنجام زەڕ لە کۆمەڵ دەدات. ئەو میللەتانەی مێژوویەکی دوور و درێژیان لە فەرهەنگ و پێشکەوتنی عیلمی و دەوڵەتی و ژیانێکی کۆمەڵایەتی چالاك هەیە، ئەوانە بەدەست دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە لە ئازاردان و دامودەزگای پارێزگاری کردن لە زمانیان و دروستکردنی زمانیان هەیە بۆ ئەوەی میدیا زەربەیان نەدات. سەرباری ئەوەش لەدەست زەبری کەموکوڕیەکانی تەربیەی زمان هەر پارێزراونین.

لە زمانی کوردیدا ڕاگەیاندن دەورێکی خەراپکاریی هەیە کە تا ئێستاش نەگەڕاوینەوە سەری و زەینمان نەداوەتێ. لە کوردستان ئێمە کاتێك دەستمانبە دامەزراندنی راگەیاندن پێکرد کە دەوڵەتمان نەبوو تا دامودەزگای پارێزگاری کردن لە زمانمان بۆ دابنێ. زمانێکی پارچە پارچە و پەتی کە تەنیا هی گوند و ژیانی سادەیە، لە پڕێکا داخڵی ئەم قۆناغە نوێیە بوو. سەرنجتان ڕادەکێشم، تاکو ئێستا بە دیقەت دیراسە لەسەر ڕاگەیاند لە کوردستان نەکراوە کە چۆن زمان تێکدەدات. ئەوەی کە بە ئاشکرا هەستی پێدەکەین ڕاگەیاندن دەوری هەبووە لە دروستکردنی ئەو وشانەی کە پێویستیەتی.وشەی سەقەتی دروست کردوون کە بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ سیستەم و هەیکەل و ستراکتوری زمانی ئێمە ناگونجێن . ئەوە لایەك دابنێ، لای دووەم بە خێرایی پەنای بردووە بۆ قەرز کردنی وشە لە زمانەکانی دەوروبەر و دورتر. ئەوەشی بە سەقەتی هێناوە. لە

هەمانکاتدا کە زمانیان بەکارهێناوە، ئەو زمانە دەوڵەمەندە گەیەنەرە پەیام گەیەنە نەبووە کە بەدحاڵیبوون دروست نەکات. بۆیە لە زمانی سەقەتدا زانیاری بە شێواوی وەردەگیرێ و بە شێواوتری دەدریتە کۆمەڵ. دیوتانە لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێمەدا ڕۆژانە ڕوونکردنەوە داوای لێبوردن و شکایەت لەسەر بەدحاڵی بوون لە بواری ڕاگەیاندن چەند زۆرە؟ هەتا کۆبوونەوەیەك سیاسی لەنێوان دوو حیزب بووبێ، ڕاگەیاندنی دوو حیزبەکە لە کاتی بڵاودکردنەوەی ناوەڕۆکی دانیشتنەکە موشکیلەی وا دروست دەکەن دوایی هەردوو حزب دەبێ بڵێن مەبەستمان ئەوە نەبوو. لە زمانی ڕۆژانەشماندا کە خەڵکی قسە دەکەن لە کەسی سادە تا دەگاتە قوتابی زانکۆ، وشەی فریادڕەس بەکاردێنن، وەك: عەیب نەبێ، دووربێ، پەرژینەك بێ، وابێ وابێ.. ئەوانە هەمووی نیشانەی زمان لاوازییە. ئەم زمانە لاوازە میدیا زۆر خەراپ و لاوازتری کرد. میدیا دەورێکی خەراپیشی هەبوو لە تەقسیم کردنی زمان بۆ دوو زاری سەرەکی. من ناڵێم ئەو دوو زارە بە میدیا تەقسیم بوونە، ئەمە واقیعێکە لە تەکوینی میللەتی ئێمەدایە، بەڵام میدیا دەورێکی خەراپی هەبوو لە پرۆسەی تەعریفکردنی دوو لەهجەیی لە زمانی کوردیدا.

لە هەموو ئەو کۆمەڵگایانەی کەوا کێشەیان هەیە، میدیا دەوری یەکەم دەبینێ لە گەیاندنی زانیاری و هەلویست و نیشاندانی ڕووداوەکان. جاران ئەگەر رووداوێك بە گێڕانەوە بە دیقەت و بە کارزانی نەبوایە، دەبووە مایەی شێواندنی ئەو کەسەی کە بۆی دەگێڕدرێتەوە. لە کوردەواریدا دەڵێن: کاتێك حەقیقەت نەقڵ دەکەی، یان شتێك دەگێڕیەوە هونەر لەوەدایە بتوانی بە ئیجابیانە تەئسیر لەسەر لایەنی بەرانبەر دانێی. چونکە قسە پەیامە، هێز دەگوازێتەوە، کاردانەوە لە تەرەفی موقابیل دروست دەکات. ڕاگەیاندن بەشێکی لە نەزانی و بەشێکیشی لە عەمدەوە کارێکی وا دەکات لەکاتی تەنگوچەڵەمەدا کۆمەڵگا بەردەوام لە قەلەقدا بژیێت و خەڵك بەردەوام لەناو ترسدا بژیێت و گومان بەشێوەیەکی فراوان کۆمەڵگا دابگرێت، سەرەنجام وای لێبێت ئەوانەی خەریکی بەڕێوەبردنی وڵاتن و ئەوانەی سەرکردەشن گومانیان لەدەست دەوری ڕاگەیاندن لە بەدحاڵیبووندا نامینی.

جۆرج بۆش لەکاتی شەڕی عێراق و ئەفغانستان بەدەست میدیاوە پەرێشان بوو ، یەك وشەی لەدەم دەرەچوو_ کابرا مەبەستی ئەوەش نەبووبێ_ لێیان دەکرد بە کێشەیەکی گەورە و ماوەیەکی زۆر مەجبوور دەبوو روونکردنەوە بدات. لە هەرە بەهێزێکانی دونیاوە کەسایەتیەکان و دەوڵەتەکان تا دەگاتە کۆمەڵگاکانی بچووك، لە دەست دەوری ڕاگەیاندن لە ئەماندا نینە.

ڕاگەیاندن دەورێکی خەراپی لە دروستکردنی کۆمەڵگایەکی هیستریك هەیە ، ڕاگەیاندن لە شێواندنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیشدا دەورێکی سەلبی هەیە، بەوەی کاتێك تەعریفی پێکهاتەکان دەکات، یان تەئکید لەسەر قەناعەتە کۆمەڵایەتییەکان دەکات کە لێکجیاوازن، کاتێك باس لە کاروباری دینی دەکات، بەبێ هیچ نیازی دیاریکراو خەڵك گرژ دەکات، بەگژیەکدایان دەنێ، یان بیروڕای توندیان لەسەر یەکتر بۆ دروست دەکات. بۆ نموونە، کاتێك میدیا لە یادکردنەوەی جەژنی سەری ساڵان موبالەغەیەکی زیادەی کرد، بووە مایەی هاروژاندنی پیاوانی دینی موسوڵمانی کوردستان. بووە مایەی ناڕەزایی، ئەو ناڕەزاییە وایکرد سەرۆکی وڵات بڵێ چاکیان بکەنەوە. ناوەندە دینییەکان داوایان کرد لە جەژنی لەدایکبوونی پێغەمبەردا ئاهەنگی گەورەتر لە هی مەسیح بگێڕدرێ و میدیاش لە خزمەتیدا بێت. پێش ئەو رووداوە قەت لە کوردستان و لە دینی ئیسلامیشدا نەبووە لە یادی لەدایکبوونی پێغەمبەردا وەکو یادی لەدایکبوونی مەسیح جەژن و هەڵپەرکێ و چراخان و میدیا هەبێت. ئەمەیان ئێستا دروست بووە و میدیا دروستی کرد. میدیا کێشەی نێوان عەنکاوە و هەولێری دروست کرد_ بەمانای دینی.

کاتێك ڕووداوی زاڵمانەی کوشتنی (دوعا) لە ناو ئێزیدییەکان ڕوویدا ، ئەوکات لە مەکتەبی ڕاگەیاندن بووم، میدیایە بە ئینتەرنێتەوە کاریگەری خراپیان دەکردەسەر تێڕوانینی پیاوانی دینی موسوڵمان بۆ هاندانی خەڵك دژی ئێزیدییەکان. کار گەیشتە ئەوەی دیفاع لە کارێکی زاڵمانەی فەردی کە نابێت ڕووبدات بکەن، خەریك بوو بیتە شەڕێکی دینی و موسڵمان هێرش بکەنە سەر ناوچە ئێزیدی نشینەکان. دوایی بۆ ڕاستکردنەوەی دۆخەکە کەسانی کۆڵەواری سیاسی لە راگەیاندن دەردەچوون و خەریك بۆ رازیکردنی ناوەندی دینی ئیزیدی رەواییان بە کوژرانی دوعا دەدا! ئەمە ئەو تیغە چەند سەرەیە بەکارهێنانی ڕاگەیاندنە لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا کە هەمووان بریندار دەکات.

لە وڵاتی ئێمە زۆر پێکهاتە هەنە تا ئێستاش ناوێرن خۆیان پیشانی میدیا بدەن، چونکە پێموایە نازانن ئاکامەکەی دەگات بە کوێ. بۆ نموونە کاکەییەکان. بە پێچەوانەی ئێزیدی کە خۆیان نیشان دەدەن، تا ئێستا کاکەیی لە میدیا خۆیان دەشارنەوە ، تا ئێستا لەو سەرپۆشە دوور و درێژەی مێژوو کە ناوی تەقیەیە دەژیەن.

کاتێك لە ڕاگەیاندن لەسەر پاشکەوتنی کۆمەڵایەتی قسە دەکەن ، تەرکیز لەسەر ڕەفتارێکی دیاریکراو دەکەن و بوارەکانی دیکەی کە نابێ بریندار بکرێن، بریندار دەکەن، یان لە قەناعەتی

ئینساندا پارسەرنگ هەیە کاتێك پارسەنگ تێك چوو، ئەگەر بە مەبەستیش نەبوبێ کاریگەری خەراپی خۆی دادەنێ. نموونەیەکی تر دێنمەوە: لەسەر مەسەلەی مافی ئافرەتان، بەتایبەتی کوشتنی ئافرەت. میدیا چۆنی معالەجە دەکات؟ وێنە نیشان دەدات کە دیراسە نەکراوە چەند لە کۆمەڵگای کوردستان پەسندیەتی، چەند تەئسیر لە زەمیری گشتی دەکات بۆ ڕوو نەدانی تاوانێکی ئاوها. خەڵکانێك دێن دەڵێن شەڕەف چییە ناموس چییە تاوەکو ئینسانی لەسەر بکوژرێ. لەوەتەی ئەم کێشەیە هەیە راگەیاندن تەرکیزی لەسەر لە دژی کوشتنی ئینسان وەستان نیە، لە دژی ئە قیەمە خەراپانە نیە تا کارێك بکەین بوەستێن. کاتێك بە کابرای کورد دەڵێ شەڕەف هیچ نییە. خیتابەکە هەڵەیە، شەرەف زۆر شتە. کە راگەیاندن دەڵێ ناموس چییە ، ئەوە چ کاریگەری دەبێت؟ ئەوەی کە تۆ ڕوو لە خەڵك دەکەی بەم خیتاب و بەم چەمکانە دەرناکەوێ چەند لە دانیشتوان لەبەر خۆیانەوە جرت بۆ تەلەفزیۆن لێدەدەن و دەڵێن جا ئەگەر من شەڕەفم نەبوو ژیانم بۆچییە. کاریگەرە سەلبییەکە لەوێیە. باس لە مافی ئینسان و بەرابەری و زوڵمەکە ناکات.

لە شەڕی دەروونی، ڕاگەیاندن دەوری کاریگەری هەیە و چەکی یەکەمە. شەڕی نەفسی بە مونەزەمی دروست دەکرێ. لە کاتی شەڕ لەبەینی دەوڵەتان، لەبەینی پێکهاتەکانی یەك کۆمەڵگادا، لەکاتی ناکۆکی لەبەینی پێکهاتە سیاسییەکانی وڵاتدا پەنای بۆ دەبردرێ. هیچ تەرەفێك ناتوانێ خۆی ئامادە بکات بۆ بەرەنگاری تا هەوڵ نەدات یەك: حەقانیەتی خۆی بسەلمێنێ، دوو: ناحەقی تەرەفی موقابیل نیشان بدات، سێ: سەرکردەو موفەکیرەکانی لایەنی بەرانبەر تاوانبار نیشان بدات و بگەڕێتەوە بۆ مێژووی خۆی و بڵێ ئێمەش حەقین. ئەوانەش لە خۆیاندا دیسان تەئسیریان لەسەر کۆمەڵگا زۆر تێکدەر دەبێت. ئەمە سەرەنجام کۆمەڵگای ئامادە دەکات بۆ بەرەنگاربوونەوەیەکی کوێرانە، بەبێ ئەوەی کە میدیا یان سەرکردایەتی وڵات هەدەفی ئەوە بووبێت کەوا کۆمەڵگای تۆ یان وڵاتی تۆ یان میللەتی تۆ بە کوێرانە بەرەنگاری تەرەفی موقابیل بێتەوە. ئیتیجاهێك لە ناو گەنجەکاندا دروست بووە لە فەیس بووك عەرەب بە حەیوان دەزانن. ئێتیجاهێکی دیکە خەریکە دروست دەبێ کە حاشا لە موسڵمانێتی خۆی بکات. ئەوانە کەمن بەڵام سەرەنجام دەبنە دیاردەیەك، ئەم دیاردەیە ئیتیجاهاتی لێدروست دەبێ و لەناو کۆمەڵگادا خۆیان نیشان دەدەن.

لە وڵاتانی وەکو ئیسرائیل، عەرەب، تورکیا یان ئێران و هیند.. دەبینین گروپەکی گەنج کە قەناعەتێکیان بۆ دروست بووە کارەساتی گەورە دەخوڵقێنن. مهاتما گاندی لەسەر دەستی

گەنجێکی هیندۆس کوژرا، لەکاتی قسەکردندا تەقەی لێکرد، گووتی: تۆ خائینی بەرانبەر بە هیند چونکە داوای جیابوونەوەی پاکستان دەکەی. ئیندیرا گاندی و هەردووك کورەکەی(هەر سێکیان سەرۆك وەزیر بوون) بە هەمان شیوە کوژران. ڕابین بەدەستی گەنجێکی یەهود کوشتی. سادات گەنجێکی میسری کوشتی.

ڕاگەیاندن لەم زەمانەدا کاریگەریەکانی بۆ ئەم مەسەلەیە لەسەر ئاستی دنیا تەنیا کۆمەڵگایەك خەراپ ناکات، ناوچەیەك بەفراوانی دەخاتە ژێر تەئسیری سەلبی. ڕاگەیاندنی ئەمەریکی لە سێ قۆناخی خۆئامادەکردن بۆ شەڕ لە ساڵانی 1990 و 2001 و 2003 ناچار بوو ئەم دەزگای زەبەلاحی میدیا بە قەناعەتی ئەمەریکی بۆ نیشاندانی دوو ڕژێم خستە گەڕ بەڵام لە سێ قۆناخدا، تاڵیبان و بەعس. ئێستا باس دەکەن کاریگەری لەسەر کۆمەڵگای ئەمەریکی بەشێوەیەکی زۆر فراوان دیارە، یەکێك لەو نەخۆشیانەی باسی دەکەن پێیدەگووترێ نەخۆشی شەڕی خەلیج.. ئەی کاریگەری لەسەر ئێمە چییە؟ ئەوە هەر کەس ئاوڕی لێنەداتەوە. لە ئەفغانستان دیراسەیەك کراوە کە شەش لە دەی ئەوانەی کەوا دیراسەیان لەسەر کراوە نەخۆشی نەفسیی خەتەرناکیان هەیە، یەعنی سەدا شەستی کۆمەڵگای ئەفغانی نەخۆشە. هی ئێمە چەندە؟ دیار نییە ئەوە وەزیفەی حکومەتە کە دیراسەی بکات.

ئەوەی کە من باسم کرد لە زاراوەی ڕاگەیاندندا پێیدەگوترێ بۆمبارانی زانیاری، کە ئینسان وێران دەکات. لەم کێشەی لەنێوان کوردستان و مالیکی هەیە، لە تەوازونی بەینی خۆمان و مالیکی چونکە ڕاگەیاندنی عەرەبی و عێراقی باڵادەستە، سەرباری ڕەوایی بوونی کێشەی ئێمە، ڕای گشتی عەرەبی و نێودەوڵەتی ئەو دواییە خەریك بوو کورد بە پەلاماردەر و بە عەجول و سەرەنجام بە شەڕخواز دابنێن.

ئەگەر وڵاتی ئێمە میدیایەکی عەرەبی، فارسی، تورکی و ئینگلیزی بەقەدەر ئەو میدیا خەراپەی ئێستای خۆمان هەبوایە، ئێستا ڕۆژانە لە تەواسوڵدا دەبووین لەگەڵ ڕای گشتی عەرەبی، فارسی، تورکی و لە دونیاشدا ئینگلیزی، کە هەرچواریمان نییە. ئیسرائیل بە پێچەوانەی ئێمەیە، هەر جارێك ئیسرائیل پەلامارێکی غەزە یان شوێنێك بدات، ئەگەر تەماشای سایتی سەرۆککۆماری ئیسرائیل بکەن دەوروبەری ماڵی و سەرۆکایەتیەکەی بکەی دەبێت بە ستۆدیۆیەکی تەواو، حکومەت خۆی دروستی دەکات. سەرۆککۆمار موستەشار و هاوکارەکانی دەوری ڕۆژنامەنووس و پەیامنێری کاریگەری پڕ مەعلومات دەبین تا بە رای گشتی دنیا بڵێن ئێمە ڕاستین، ئێمە

غەدرمان لێدەكرێ. غەزە وێران دەكەن، كەچی دنیا دەڵێ ئیسرائیل ڕاستە. ڕاگەیاندنی ئیسرائیلی لە سەرەوەڕا تا دەگاتە ناو دەزگا هەرە پەراوێزەكانی كۆمەڵگا دەوری خۆیان دەبینن لە گەیاندنی ئەو پەیامەی كە ئێمە مادام غەدرمان لێدەكرێ ئەوا دیفاعەكەمان شەرعییە.

توركیا ماوەی سی ساڵە دەستی نەپاراستووە لە كوشتنی كورد ، لە تەلەفزیۆن نیشانیان دەدات، مەیتەكان نیشان دەدات، بەڵام تاكو ئێستا ڕای گشتی دنیا بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كوردی كوردستانی توركیا دەڵێن تیرۆریست، بە توركیا دەڵێن دیفاع لەخۆكار. لێرە مەبەستم دەوری كاریگەری ڕاگەیاندنی توركیایە.

لە دنیای ئەمڕۆ بەتەنیا سیاسیەكان نین بڕیار دەدەن، سیاسییەكان موحتاجی رای گشتین و دەنگ ناهێننەوە، بۆیە زۆر بەلایانەوە گرینگە جادە دەڵێ چی، جادەش تەلەفزیۆنەكان و دەزگاكانی ڕاگەیاندن دابینی دەكەن. توركیا بەم هەموو تەلەفزیۆن و دەزگا ڕاگەیاندنەی كە هەیەتی حەقانیەت بەخۆی دەدات،سەریشكەوتووە.

كێشەی نێوان كولتوورەكان و فەرهەنگەكانیش ڕاگەیاندن دەوری تێدا دەبینێ. دەورە ئیجابیەكەی ڕاگەیاندنمان باسكرد، دەوری سەلبی ئەوەیە كە پارسەنگ لە كامیاندا بەهێزبێت ئەوا مۆد دەبێتە لای ئەویان. مۆدیش لە ژیانی ئینساندا دەورێكی زۆری هەیە، مۆد لە بیركردنەوە، مۆد لە بیر و باوەڕدا، مۆد لە جل و بەرگدا، مۆد لە شێوازی ژیاندا و لە بەڕێوەبردنی دەوڵەت و ئەتەكێت و تا.. دوایی. ئەمە پێیدەگوترێ كێشەی نێوان كولتوورەكان، كێشەی نێوان شارستانییەكان. ئەم كێشەیە بە درێژایی مێژوو هەبووە، بەڵام دەرنەدەكەوت، كەی هاتە پێشەوە؟ ئەوكاتەی كە میدیا بەم فراوانییە پێشكەوت و ئینسان وەك هەیە، خۆی نیشاندەدات. ناسنامەی ئینسان بریتییە لە فەرهەنگ و شارستانیەتی ئەم ئینسانە و سەرەنجام قەناعەتەكان دەكەونە بەرانبەری یەكتر، وەك ئەوەی لەبەینی مەسیحیەت و موسوڵماندا روودەدات. لە هەموو ڕاگەیاندنی غەربیدا و هەموو تیۆرسیەنەكانی غەرب هەیمەنە و دەسەلاتی رۆژاوا بڵاودەكەنەوە. نەزانین و كۆڵەواری و ئینفعالی بێتام لە ڕاگەیاندن و نووسینی هەموو شەرقییەكاندایشدا هەیە، بە ئێمەشەوە. ئەمە كاریگەری یەكجار خەراپی هەیە لە جۆری مامەڵەكردنی دانیشتوانی ئیقلیمیی كولتووری.

لە كۆتاییدا حەزدەكەم ئیشارەت بە دەوری سینەما و شانۆ و موسەلسەلاتیش بدەم. دەوری سەلبی یەكجار زۆریان هەیە. هەرچەند لە وڵاتی ئێمەدا سینەما و شانۆ غائیبن، هیچ یەكێك لە ئێمە كە لێرە دانیشتووین تەجرەبەی دانیشتنی 50 كەس لە هۆڵێكدا نیە كە فیلمێكی بە مستەوای بەرزی

هونەری بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەکی تایبەتی تەماشا دەکەین، کاتێك پەنجا کەس بەیەکەوە تەماشای دەکەین و گڵۆپ هەڵدەبن و دەڕۆینە دەرێ ئینجا کاریگەری چییە لەگەڵ ئەوەی کە لە ماڵ بەتەنیا دانیشتووی گوڵەبەڕۆژە دەخۆی خەوت دێت، نیوەی دەڕوا و نیوەی دێت لێی حاڵی نەبووی . ئەوانە لە ڕێی تەلەفزیۆن بە زمانەکانی دیکە بۆمان نەقڵ دەبێت. لە دنیادا دەوری سینەما و دراما و موسەلسەلات و شانۆ لە گەیاندنی پەیام و کاریگەری سەلبی پەیام لەسەر ئینسان زۆرە. خۆزگە لە وڵاتی ئێمە هەبایە تاکو باسم کردبا. تورکیا بە موسەلسەلەکانی خۆی شانبەشان بۆ داگیرکردنەوەی توراسی عوسمانی چ کاریگەریەك لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی دەکات.

بەشی هەشتەم

پەیوەندی سەرکردە و راگەیاندن

ئەم باسەمان لەسەر وەڵامی ئەم پرسیارەیە: چ پەیوەندییەك لەنێوان سەرکردە (کادیری سیاسی) و ڕاگەیاندن هەیە؟ لە پێناسەی سیاسی و پیشەییدا ، سەرکردە بە کەسێك دەگوترێ کە خاوەنی ڕوانگای سیاسی و کۆمەڵایەتی دیاریکراوبێت و لە پێناوی ئەو ڕوانگایەدا پێیوابێت دەبێت خۆی تەرخان بکات و تێبکۆشێت. سەرکردە کۆمەڵێك توانیی عەقڵی و جەسەدی و ئیداری، هەروەها ڕێکخستنی تایبەتی خۆی هەیە کە ئەو توانایانە لەناو بزووتنەوەی سیاسی جێی بۆ دەکاتەوە و لە شوێنی دیاریکراوی خۆیاندا ڕۆڵی شایانی خۆی دەگێڕێت.

سەرکردەی سیاسی چەمکێکی گشتییە، هەر لە کادیری ناوچەیەکی دیاریکراوەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە ئەندام بوون لە بزووتنەوەیەکی سیاسی گەورە لەسەر ئاستی وڵات. جاریوا هەیە بزووتنەوەکە نێودەوڵەتییە لەسەر ئاستی بەشێکی زۆری دنیا کار دەکات. مەبەستم ئەوەیە لەسەر مستەوای وڵاتێکدا دەکرێ لە بزووتنەوەی نەتەوەیی بێت . بزووتنەوەکانی دیکەی ئایدیۆلۆژی دەکرێ چەند نەتەوەیی بێت، نموونەش بۆ ئەمە: وەکو سەرکردەکانی ئیسلامی یان کۆمۆنیستی،

سەرکردە نێودەڵەتییەکانیش وەکو ئەو حزبانەی ئیمتدادی نێودەوڵەتیان هەیە، حزبەکانی سۆسیالیست و کۆمۆنیست لەو بابەتانەن. سەرکردەی سیاسی، پێکهێنەری سەرەکی هەر بزووتنەوەیەکی سیاسی دیاریکراوە. لەوانەیە لە حزبێك یان لە چەند حزبدا خۆی ببینێتەوە، وەك بزووتنەوەی نەتەوەیی لە کوردستاندا کە ژمارەیەکی زۆر حزب خۆیان بە هەڵگری بیروڕای نەتەوەیی دەزانن.

سەرکردەی سیاسی دەبێ زانیارییەکی کاملی لەسەر بارودۆخی وڵاتەکەی و مێژووی سیاسییەکەی و پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەو ئامانجانەی کە بزووتنەوە سیاسیەکەی بۆ دروست بووە هەبێت. بزووتنەوەی سیاسی بەشێکە لە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی. کاتێك گرفتێکی تایبەتی لە گۆمەڵگایەکدا هەبێت، بۆ چارەسەرکردنی ئەوە، جوڵەی کۆمەڵایەتی دەستپێدەکات. کەسایەتییەکان دەبنە پێشەنگی ئەو جوڵە کۆمەڵایەتییە . لەناو کەسایەتییەکاندا دابەشبوون ڕوودەدات، هەندێك دەبنە بیرمەند، هەندێك دەبنە مەرجەع و هەندێك دەبنە سەرکردەی سیاسی و هەندێکیش دەبنە ڕابەر. لە پرۆسەی بەشداریکردن و دەورگێڕانی کۆمەڵایەتیدا، لەو بوارە دیاریکراوەدا هەر سەرکردەیەك شوێنی خۆی دەبێت. گومانی تێدا نییە کە دەبێت سەرکردەکان لە خۆیان و لە کەسایەتی خۆیان وردببنەوە و بزانن لە چ بوارێکدا توانایان هەیە و ڕادەی کاریزماییان چەندە و لە چ بوارێکیشدا پسپۆڕن.

کەسایەتی کاریزماتیك هەمیشە بۆ ڕابەرەکانە، کە لە وڵاتێکدا یەك یان دوو کەسن ، دەگمەن و کەمن و دەبن بە ڕابەر و یەکخەری یەك ئیرادەیی و یەك زەمیری گشتی کۆمەڵگا. بەوان دەگوترێ کەسایەتی(بە سام) کاریزکاتیك. بەڵام سەرکردە سیاسییەکانی دیکە کە لەوانەیە لە وڵاتێکدا ژمارەیان زۆربێت ، لەناو حیزبێکی سیاسیشدا بە دڵنیاییەوە دەبێ ژمارەیان زۆر بێت. لەسەر ئاستی سەرکردایەتی حزبەکە دوایی بۆ ناوچەکانیش و بۆ محەلە تایبەتییەکانی خۆیان، لەم وڵاتەدا هەر حزبە یان هەر بزووتنەوەیەکی سیاسی بەپێی وڵاتەکەی هەیکەلی ڕێکخستنی خۆی ڕێکدەخات. نابێ لێمان تێکبچێ کە سەرکردەی سیاسی بەمانای ڕابەری سیاسی نییە، بەڵام لەناو سەرکردە سیاسییەکانیشدا تەقسیم بەندی و توانایی و پسپۆڕی و دەرەجەی موعەیەنی کاریزمایی هەیە کە کاریگەریان لەناو بزوتنەوە سیاسییەکەدا زیاد دەکات. هیچ سەرکردەیەکی سیاسی ناتوانێ هەنگاو بنێ ئەگەر ئەو قۆناغە سیاسییەی تێیدا کاردەکات تێنەگات و بە جوانی تەعریفی لەلا روون نەبێت. تەعریف یان پێناسەکردنی ئەو قۆناغە وا دەکات کە سەرکردەی

سیاسی هەموو هوڵ و تەقەلای خۆی و چالاکییەکانی کۆبکاتەوە بۆ بەدیهێنانی هەندێك ئامانجی دیاریکراو.

سەرکردەی سیاسی، سەرکردەی ناو بزووتنەوەی سیاسییە. سیاسەت هەم عیلمە، هەم تەجرەبە و خیبرەیەکی ئینسانییە بە درێژایی مێژووی مرۆڤ، رەگی هەیە. سیاسەت لە پیشە و هونەرە هەرە ئینسانییەکانی ناو کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە کە ڕووی لە تەنزیم کردن و دروست کردنی دەوڵەت بۆ بەڕێوەبردنی وڵات دایە. پیشەیەکە پسپۆڕی دەوێت و لە زاتی خۆیدا لە خزمەتی کۆمەڵگا و لە خزمەتی مرۆڤایەتیدایە. کۆمەڵگا ناپارێزرێت ئەگەر لەڕێی عیلم و پیشە و خیبرەی سیاسییەوە تەنزیم نەکرێ و پشتیوانی و پارێزگاری نەکرێ. کەواتە ئەوە سیستەمی سیاسییە کە دەبێتە چەتر بۆ پاراستنی سیستەمەکانی دیکەی ناو کۆمەڵگا، بەومانایە سەرکردەی سیاسی دەبێ کەسایەتییەکی ئینساندۆستی پسپۆڕ و شارەزابێت، دەبێ کەسێك بێت خۆی و نیشتمانەکەی و هاوولاتیانی خۆشبوێت، لە پێناوی پاراستن و بەرژەوەندی ئەوان کار بکات. کەواتە بەو مانایە سیاسەت فەنێکی زۆر ئینسانییە، ئەوە ئەگەر ئەو کەم و کوڕیانەی لە بزووتنەوەی سیاسی و کاری سیاسی لە وڵاتان لەبەرچاو نەگرین (لە شوێنێکی تر باسیان بکەین). کاتێك سیاسەت بەلاڕێدا دەبردرێ، دیکتاتۆری و گەندەڵی و زوڵم و پاوانکاری و هەموو ئەو تەجرەبە ناخۆشەی لێدەکەوێتەوە کە لەهەر میللەتێکدا مێژووی تایبەتی خۆیانیان لەسەری هەیە.

بزووتنەوەی سیاسی، بە دوایدا حزبی سیاسی، دیاردەی قۆناغی مۆدێرنن. ڕاستە پێش قۆناغی مۆدێرن (سەرمایەداری) هەردووکیان هەبوون، بەڵام نە تەعریفێکی دیاریکراو بۆ سیاسەت بە مانای ئەمڕۆ هەبووە، نە دەوڵەت داخیلی تەنزیمێکی نوێی بەمانای مۆدیرن ببوو، نە پەیوەندی هاوولاتیانیش بە دەوڵەتەوە وەکو ئەو پەیوەندییە بووە کە ئێستا هەیە. بۆیە حزبی سیاسی دیاردەی قۆناغی مۆدیرنە. بزووتنەوەی سیاسی دیاردەی قۆناغی مۆدێرنە. بزووتنەوەی سیاسی و ڕاگەیاندن هەردووکیان دیاردەی قۆناغی مۆدێرنن.

ڕاگەیاندن لە قۆناخی مۆدیرندا دروست بوو، کاتێك کە تەکنۆلۆژیای چاپ و گەیاندن پێشکەوت، بزوتنەوەی سیاسی نەیدەتوانی پێشکەوێ ئەگەر ئیستفادەی لە پێشکەوتنی تەکنیکی لەوبوارەدا نەکردبا، بۆیە دەبینین پێشکەوتنی فکری سیاسی لەناو کۆمەڵگادا ئەوکاتەیە کە کتێب و ڕۆژنامە لەناو کۆمەڵگادا زیاد دەبوون و توانایی چاپ دەهاتەکایەوە. دوایی تەلیگراف و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ئینتەرنێت تا دەگاتە، ئەم زەمانە هاتنە بەردەست و پێ بەپێی ئەوانە دەرفەت بۆ سەرکردەی

سیاسی و بزووتنەوەکەی یان ڕێکخستنەکەی دروست دەکەن تا بەئاسانی پەیام و بیروباوەڕی خۆی بگەیەنێتە کۆمەڵگا و لەگەڵ هاوبیرەکانی خۆیدا بکەوێتە تەواسل و تەفاعولی بەردەوام. بۆیە ناکرێ ئێمە بیر لە سیاسەتمەداری بەبێ ڕاگەیاندن بکەینەوە. پەیوەندییەکی دیالێکتیکی لە بەینی ڕاگەیاندن و بزووتنەوەی سیاسی هەیە. ئەگەر تەماشای بزووتنەوەی سیاسی کوردستان بکەین دەبینین  ڕۆژنامەی شۆڕشگێڕ پێشی حزبی شۆڕشگێڕ دروست بوو. لە 1898 یەکەمین ڕۆژنامە لەلایەن ڕۆشنبیرێکی بەناوبانگی کورد _ میقداد بەدرخان دامەزرا کە ئەوکات هیچ حزبێکی سیاسی لە کوردستان نەبوو. ڕێك 30 ساڵ دوای ئەو ڕووداوە، لە کوردستان سەرەتای حزبی سیاسی دەستپێکرد. لە وڵاتانی دیکەشدا هەر وابووە. جا ئەم ڕاگەیاندنە دەرکردنی کتێب و نامیلکە بێت، دەرکردنی ڕۆژنامەی دەوری بێت، هەبوونی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن بێت، لەم زەمانەشدا دەبینین هەموو کەرەستەکانی دیکەی ڕاگەیاندن بەکاردەهێنن.

بۆیە سەرکردەی سیاسی دەبێ بزانێ کە ناتوانێ لەکارەکانی خۆی بەردەوام بێت ئەگەر لەڕاگەیاندن نەگات، یان هەوڵ نەدات لە تەکنیکی ڕاگەیاندن شارەزابێت. خۆ ئەگەر سەرکردەی سیاسی توانایی نووسین و ڕۆژنامەنووسیشی هەبێت ئەوا ئیمتیازێکی گەورەی لەناو بزووتنەوەی سیاسیدا دەبێت، ئەویش ئەوەیە کە بەئاسانی دەتوانێت بیروڕای خۆی کۆکاتەوە و بیگەیەنێت و تەعبیر لە ڕوانگای خۆی بکات و بیگەیەنێتە کۆمەڵگا. سەرکردەی سیاسی ئەگەر لە ڕاگەیاندندا شارەزابێت دەتوانێ وتاردەر یان خەتیبێکی باش بێت، تێدەگات کە چۆن ڕوو لەو کەسانە بکات کە دەیەوێ پەیامیان پێبگەیەنێ. سەرکردەی سیاسی لەو ڕێیەوە دەبێ هەوڵبدات لە سایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتی تێبگات، بۆ ئەوەی کە قسەدەکات یان ڕاگەیاندن بەکاردێنێ، بزانێ ڕووی لە کێیە و هەوڵبدات ئەو کەسانەی کە ڕوویان تێدەکات ڕێزیان بگرێ و بە سدق و ڕاستگۆییەوە پەیامی خۆیان پێبگەیەنێ. سەرکردەی سیاسی دەبێ لە تەکنیکی ڕاگەیاندنی ئەم زەمانە تێبگات و بەکاری بێنێت، دەبێ بەلانی کەمەوە شارەزاییەکی باشی لە بواری ئینتەرنێت هەبێت، تا بتوانێ لەو ڕێیەوە هەموو ئیمتیاز و دەرفەتەکانی ناو ئینتەرنێت بۆ بەردەوامی و پەیوەندی بەکاربێنێت. هەروەها کەرەستەی گەیاندن لەکاری سیاسیدا (ئەو شتانەی کە فەردین) لەگەڵ خۆیدا بەکاریان بێنێت. سیاسییەك لەم زەمانە دەتوانێ وێنە، دەنگ و نووسین لە یەك کاتدا کە خۆی مومارەسەی دەکات، بیگەیەنێتە ژمارەیەکی بێ کۆتایی لە کەسایەتی و ڕۆژنامەنووس و ناوەندی لێکۆڵینەوە و ناوەندی میدیایی گەورە و حزب و ڕای گشتی. ئەمەیان پێویستی بە هیچ ستافێك نابێت، کارێکی ئاسانە دەتوانێ لەسەر کۆمپیوتەرێك یان مۆبایلەکەی خۆی بیکات. سەرکردەی سیاسی دەبێ شارەزای

ئەوانەبێت. سەرکردەی سیاسی دەبێ خۆی ماندو بکات تا لە مێژووی ڕاگەیاندن تێبگات، لە شەخسیەتی ڕۆژنامەنووس تێبگات، لە کەسانی دروستکەری ڕای گشتی تێبگات. کاتێك دەیەوێ ڕاگەیاندن بەکاربێنێت دەبێ لە شێوازی مامەڵەکردن و پەیوەندی کردن لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان شارەزابێ، تا سەرنجیان ڕابکێشێت بۆئەوەی بایەخ بە ڕوانگە سیاسییەکەی ئەو بدەن، یان ئەو پەیامەی کە ئێستا ئەو هەیەتی بتوانن بۆی بگەیەنن. هەڵبەت سەرکردەی سیاسی دەبێ ئەو دەرفەتە بە ڕاگەیاندن یان بە میدیا بدات کە تەواو نەبێتە بڵندگۆ و بوقی ئەو. بۆ نموونە: ئەگەر سەرکردەیەکی سیاسی سەرنجی ژمارەیەك ڕۆژنامەنووس ڕابکێشێت بۆئەوەی بیروڕای تایبەتی ئەو بگوازنەوە، ئەگەر ئەو ڕۆژنامەنووسانە سەدا بیستی بیروڕاکەی ئەویان گواستەوە، دەبێ ئەو سیاسەتمەدارە رازی بێت سەدا هەشتایەکە ڕای خۆیان و ڕای خەڵکی دیکەشی تێدا بێت، چونکە خۆ کاری ڕاگەیاندن تەنیا ڕۆژێك نییە. ئەگەر ئەمڕۆ سەدا بیستی لەڕێی ڕاگەیاندنەوە گەیاند، سەرکەوتنێکی زۆری بەدەست هێناوە، بەڵام ڕۆژانی دیکە و ئەو تەواسولە دەتوانێت وردە وردە حزوری سیاسەتمەدارێك لەناو ڕاگەیاندندا بهێڵێتەوە.

سەرکردەی سیاسی ئەگەر لە ڕاگەیاندن تێبگات، ئەگەر خۆی هیچ توانایی نووسینیشی نەبێت، بەڵام کاتێك کە لە سایکۆلۆژیای گشتی و سایکۆلۆژیای ڕۆژنامەنووس و لە بەکارهێنانی ڕاگەیاندن بگات و بە سدق و ڕاستگۆییەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکات، ئەوکاتەیە کە خودی سیاسەتمەدار دەبێتە پیاوێکی ڕۆشەنگەر. پرۆژەی سیاسی هاوچەرخ لە وڵاتدا، ناتوانێ دوور بێت لە پرۆسەی ڕۆشەنگەری بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی. بەو مانایە هەر سیاسەتمەدارێك دەبێ ڕۆشەنگەرێك بێت. ڕۆشەنگەر(منور) بێت لەسەر ئاستی محەلی تا دەگات بە ئاستی وڵات. لێرەدا تواناییەکان و شێوازەکان لێکتر جیاوازن، بەڵێ جیاوازن، بەڵام لە گرنگی هیچیان کەمنابێتەوە. لەو حاڵەتەدا سیاسەتمەدار دەتوانێ ڕاگەیاندن بەکاربێنێت بۆ فشار خستنە سەر مخالیفەکانی خۆی، بەڵام لەکاتی فشاردا کە پێی دەگوترێ شەڕی دەروونی دەبێ بنەماکانی ئینسانی لەبەرچاو بێت. فشار سنوری دیاریکراوی خۆی هەیە، نابێ تەرەفی مقابیل بسڕێتەوە. نابێ تایبەتمەندییە فەردییەکان بۆ فشاری سیاسی بەکاربێنێت. ئەوەی ئەمڕۆ لە کوردستاندا دەکرێ هیچ پەیوەندییەکی بە بەکارهێنانی ئینسانیانەی ڕاگەیاندنەوە نییە، بەڵکو بەڕەڵڵاییەکە کە ڕاگەیاندن تا ئاخرین دەرەجەی توندوتیژی لە دژی مرۆڤ بەکاردەهێندرێ، بەبێ ئەوەی بیر لە دەرهاویشتەکانی و ئەنجامەکانی بکرێتەوە.

سیاسەتمەدار یان سەرکردەی سیاسی، دەبێ هەوڵبدات زمانی ڕەسمی وڵاتەکەی خۆی یان زمانی نەتەوەکەی باش بزانێت، دەبێ هەوڵبدات زمانی خۆی خاوێن بکاتەوە، دەبێ زمانێکی لوس و ڕەوان لەخۆیدا دروست بکات. پێویستە ئەو چەمکە سیاسییانەی بەکاری دێنێت، یان چەمکە فکرییەکانی کە باری دێنێت ئەگەر لە زمانانی دیکەش وەری گرتبێت، تەرجەمەی بکات یان وەریگێڕێتە سەر زمانی خۆی. کاتێك ئەو چەمکانە دەهێنێتە ناو زمانی خۆی، بۆ نموونە زمانی کوردی، دەبێ وەستایی تێدا بەکاربێنێت، دەبێ لە ستراکتۆر و سایکۆلۆژیای ناوەوەی بەکارهێنەرانی زمانی کوردی شیرین بێت و وەربگیرێت. سیاسەتمەدار دەبێ زمانێکی بەهێزی هەبێت، لە ڕێی زمانێکی بەهێزەوەیە کەوا زانیاری و مەعلوماتی زۆر وەردەگیرێ و دەیداتەوە لایەنگرانی خۆی. ناکرێ کەسێك سەرکردەی سیاسی بێت زمان نەزانێ! ئەو کەسەی خۆی بۆ فێربوونی زمان ماندو ناکات دەبێ لەکاری سیاسی بکشێتەوە، بە لانی کەمەوە چاوی لە ڕۆڵی سەرکردەیی نەبێت.

زمانی کوردی دوو شێوەزاری کرمانجی و سۆرانییە، سەرکردەی سیاسی دەبێ یەکێك لەو دوو شێوەزارانە بەباشی بزانێت، و هەوڵ بدات هەردووکیان بزانێت، بۆ ئەوەی هیچ کێشەیەکی لە تەواسوڵ یان لە تێکەڵاوی لەگەڵ هاووڵاتیانی خۆی نەبێت.

لە کۆتاییدا، دەبێ سەرکردەی سیاسی بزانێت، کاری ڕێکخستنیشی پێ بەڕێوە ناچێ ئەگەر شێوازەکانی ڕاگەیاندن لەناو شەخسی خۆیدا بەکارنەهێنێت، دوایی پەیوەندی باشی لەگەڵ ڕاگەیاندن نەبێت، یان ئەگەر ڕاگەیاندن بە سیستەمێکی کاریگەری ناو کۆمەڵگا نەزانێت.

بە داخەوە سیاسیەکان لە وڵاتی ئێمەدا ڕاگەیاندن بە بوق و بڵنگۆی خۆیان دادەنێن، کە ئەمە شێوازێکی هەڵەیە و نابێت لە سەرکردەی سیاسی ڕاستگۆدا دووبارە ببێتەوە.

سیاسەتمەدار دەبێتە ڕاگەیاندنکار

چۆن سیاسەتمەدار یان سەرکردەی سیاسی بایەخ بە ڕاگەیاندن بدات ، لەکاتی پێویستدا ، چۆن تواناکانی خۆی کۆبکاتەوە وبە پێی توانایی خۆی و پێویستییەکان، بەشداری ڕاگەیاندنیش بکات؟

هەندێک کەس، ئەو توانایییەیان تێدا هەیە، بۆ ئەوەش دەبێت لە خۆیان و لە تواناکانی خۆیان وردببنەوە و گەشەی پێبدەن، خۆیان پەروەردەی بکەن و ڕاهێنان بکەن، سەرەنجام دەست بە کاری ڕاگەیاندن بکەن. وەك سیاسەتمەدار و سەرکردەی سیاسی، نەك وەك ڕۆژنامەنووس،بەشداری میدیا ببن. ڕۆژنامەنووس و کاری نووسین بۆخۆی جۆرێکە لە هونەر و داهێنان. داهێنانیش لە بوارێکی دیاریکراودا ، تەنیا کەسانێك کە لە بواری توانایی شەخسی و باری سایکۆلۆجی و هەندێ هۆکاری دیکەی هەبێت، ئینجا دەتوانن لە بوارێکی دیاریکراودا داهێنان بکات. بۆیە ئاساییە بەشێکی زۆر لە سیاسەتمەدارانیش بتوانن هەنگاوی داهێنەرانە لەبواری ڕاگەیاندن بنێن. ڕاگەیاندن چونکە کارێکی جەمعییە و لەم زەمانەدا ئامرازەکانی گەیاندن و گەیاندنی زانیاری زۆر پێشکەوتوون، تەکنۆلۆجیای ڕاگەیاندن جیا لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن، ئەو کەرەستانەی کە ڕۆژانە لە کاری شەخسیشدا بەکاردێن، لەسەر کارەوە بگرە تا دەگاتە پەیوەندییەکان و بەسەربردنی بەشێکی زۆر لەکاتی وەخت گوزەرانی، دەگرێتەخۆ. کەواتە پێشکەوتنی زانستی و تەکنۆلۆژیا ، لەنێوان داهێنانی ڕۆژنامەنووسیی و مومارەسەکردنی پیشە ئەو بەشەیە، لەگەڵ خەڵکانی دیکەش کە دەتوانن سیاسەتمەدار یان لە تیپەکانی دیکەی ناو کۆمەڵگابن، حەڵقەی موشتەرەکیان هەبێت.

ئەگەر بگەڕێمەوە بۆ دەوری ڕاگەیاندن لە پێکەوەبەستنی کۆمەڵگا ، لە گەیاندنی زانیاری و پەروەردەدا ، هەروەها دەوری ڕاگەیاندن لە پێگەیاندنی بزووتنەوەی سیاسی و گەیاندنی فکری سیاسی و دروستکردنی حزبی سیاسیدا ، ئەگەر ئەمانەمان لەبەرچاو بێت، بەلامانەوە ئاسایی دەبێت کە سیاسەتمەدار بتوانێت بەشێك لەکاری ڕاگەیاندن ئەنجام بدات.

هەروەك لەمەوپێش ئیشارەتم پێداوە، دەبێ سیاسەتمەدار و تێکۆشەری سیاسی هەوڵبدات، زانیاری باشی لەسەر ڕاگەیاندن هەبێت، لە کەرەستەکانی ڕاگەیاندن لە ڕووی تەکنیکییەوە، ئەوەندەی کە پەیوەندی بە کاری ئەوەوە هەیە، لێیان شارەزا بێت. خۆ ئەگەر لەسەر ئەو بوارانەیش کە کاری ئەو نییە، زانیاری هەبێت، ئەوا باشتر دەتوانێ بیروڕاکانی بۆ خەڵك بگوازێتەوە . بۆ ئەم مەبەستە، تێکۆشەری سیاسی یان سیاسەتمەدار یان سەرکردەی سیاسی، پێویستە لەم زەمانەدا

خوێندەوارییەکی باشی هەبێت و هەوڵ بدات خوێندنی بەکالۆریۆس تەواو بکات. پێویستە لەو بوارە خوێندن تەواو بکات کە پێیوایە جێی بایەخی تایبەتی ئەوە. ئینسان ئەگەر لە بواری بایەخی خۆی خوێندن تەواو بکات، تواناکانی باشتر دەبوژێنەوە و لە ژیاندا داخلی ئەو بوارە دەبێت، کە تێیدا دەتوانێ داهێنان بکات.

ئەگەر یەکێك بیەوێت وەك سیاسەتمەدار کاری ڕاگەیاندن بکات، دەبێت تەماشا بکات لەکام بوار توانای هەیە، لە کام بواردا دەتوانێت دەور ببینێت. هەڵبژاردنی بوار یان مەجال زۆر گرینگە. بەشێکی زۆر لە کەسایەتییەکانی وڵاتی ئێمە، وەك زۆربەی وڵاتانی دەوروبەریش هەر وایە، بە پێچەوانەی تواناییەکانی دەروونی خۆی هەوڵدەدات. ئەمە پێیدەگوترێ لادانی پەروەردەیی لە شەخسیەتی ئینساندا. بەشێکی زۆری خەڵك بە دوای ئەم حەزە لادراوەی خۆیان دەکەون و ژیانی خۆیان بە فیڕۆ دەدەن و ڕێ لە خەڵکی دیکەش، لەو بوارەدا دەگرن. پێویستە سیاسەتمەداری ئەم زەمانە، لە بواری ڕاگەیاندندا ئەم مەجالە هەڵبژێرێ کە پێیدەکرێ. بۆ نموونە سیاسەتمەدارێك لەوانەیە لە بواری ئابووری، توانایی هەبێت، یان لە بواری فکری سیاسیدا، لە فکری سیاسیشدا لەوانەیە لە بەشی حزبی توانایی هەبێت. هەندێك لە سیاسەتمەداران، لەوانەیە لە گەیاندنی زانیاری و فەننی خیتاب و پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ خەڵك، توانایان هەبێت.. پێداوەرە، لە بوارەکانی دیکەی ژیانیشدا هەروایە. زۆر ئاساییە کە سیاسەتمەدارێك باس لە تەندروستی بکات و لەو بوارە تێبگات، یان یەکێکی تر لە بواری یاسایی شارەزا بێت.ئەوە هەنگاوێکی خۆپێگەیاندنە دەبێ بکرێت. خاوەن توانایی سیاسی، پێویستە هەموو هەوڵ و کۆششی خۆی بخاتە گەڕ تا بتوانێت وێڕای کاری سیاسی، لە مەجالێکی دیاری کراویشدا لە ڕێی ڕاگەیاندنەوە، تواناییەکانی خۆی و مەرامی خۆی بگەیەنێتە خەڵك.

من لێرەدا، دەگەڕێمەوە بۆ تەجرەبەی شەخسی و ئەو تەجرەبە گشتییەی لەبەردەستیشە، تەجرەبەی تێکڕای کاری نووسین. لە نووسیندا پێش هەموو شتێك، دەبێ نووسەر، بیر بکاتەوە ؛ دەیەوێت کام مەوزوع بگەیەنێ. دەبێ بزانێت، هەموو مەوزوعەکان لەیەك وتاردا ناگەن، بۆیە بابەتێکی دیاریکراو دەستنیشان بکات. بۆ نموونە، ئەگەر کاتی هەڵبژاردن بێت، باس لە گرینکی هەڵبژاردن دەکات، یان لەوانەیە، لەناو هەڵبژاردندا تەرکیز بکاتە سەر حیزبەکەی خۆی، یان لەناو بەرنامەی حیزبەکەی خۆیدا دیعایە بۆ سەرۆکی حیزبەکە یان بۆ یەکێك لە پاڵێوراوەکانی حیزبەکەی خۆی بکات. لەکاتی نووسینی وتارێکدا یان لەکاتی ختابێکدا، یان لەکاتی بەشداریکردن لە

بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا یان لە هەر بوارێکی دیکە لە قسەکردن و لە نووسیندا ،ئەو شێوازە گرنگە. دەبێ بوارەکە دیاری بکرێت و لە کۆتایی بوارەکەشدا ئەو ئامانجە دیاریبکرێ کە پێی دەگەی. نابێ نووسین یان قسەکردن یان بەشداریکردن لە گفتوگۆیەکدا ، بەبێ گەیشتن بە ئامانج کۆتایی بێت. دەبێ ئامانجی کۆتاییت لەبەر چاو بێت. سەرەتای دەستپێکردن و ناوەڕاستەکەی و داخلبوون و هەر بەڵگەهێنانەوەیەك و حیوارێك، دەبێ ئەوەبێت کە تۆ بگەیەنێت بەو پەیامەی لە ئاخیردا دەتەوێ بیگەیەنی بە گوێگران یان بە خوێنەرانی خۆت. بۆ ئەو مەبەستە باشترین ڕێگە ئەوەیە کە لەسەر پارچە کاغەزێکدا یەك لە دوای یەك سەرەقەڵەمی وتارەکە یان باسەکە یان سەرەقەڵەمی گفتوگۆی داخڵبوونی ڕادیۆیی یان تەلەفزیۆنیدا بنووسی و زۆرجار بەڵگەو ئەو وشە و عبارەتانەی کەوا بەکاردەهێندرێن بە شێوەیەکی موختەسەر لەگەڵ سەرە قەڵەمەکان دەنوسرێن تا لەکاتی نووسین و قسەکردندا لەبیر نەچێتەوە.

زۆر پێویستە چالاکڤانی سیاسی، زمانێکی پاراو و بەهێز و هاوچەرخی هەبێت، ئەویش زمانی خۆیەتی. مەبەستم ئەوەیە، شارەزاییەکی باشی لە زمانی کوردی، لە یەکێك لە شیوەزارەکان سۆرانی یان کرمانجی هەبێت. خۆ ئەگەر لە هەردووکیان شارەزابێت ئەوە هەر زۆر باشتریش. ئینجا تواناییەکی باشی لە کورتکردنەوەی کاتی قسەکردن و نووسیندا هەبێت. موختەسەر گۆیی یان کورت و پوخت نووسین و قسەکردن، هونەریکی بالایە. لەبەر ئەوەی وەختی خەڵك و خۆی کەمتر دەگرێ، خەڵك بە ئاسانتر تێدەگەن و بە ئاسانتر دەتوانن وەڵامت بدەنەوە یان تەئیدت بکەن یان بێدەنگ بن. لە کۆتایی هەر باسێکدا نووسین بێت یان قسەکردن جەخت لەسەر هەدەفی نووسینەکە یان قسەکردنەکە بکرێ کە پێیدەگوترێ ئەنجامەکانی ئەم باسە.

گەیاندنی ئامانج کارێکی ئاسان نییە، چونکە دەبێ بە زمانێکی دەوڵەمەند و موختەسەر و ڕەوان، بە لەبەرچاوگرتنی سایکۆلۆجیای خوێنەرانی خۆی، لە کورترین پانتاییدا ، هەدەفی خۆی بگەیەنێ. ئەگەر سیاسەتمەدار بیەوێت، جیا لە نووسین، قسەش بکات، پێویستە باری سایکۆلۆژی خۆی ئارام رابگرێ و هەوڵبدات ئینسانێکی سادە و بێ تەسەنوع، وەك خۆی بێت. بۆ ئەم مەبەستە پێویستی بە ئارامی دەروونی دەبێت. زۆرجار لەبەردەمی دۆستان یان لەپێش ئاوێنە زیاتر زاتی خۆی دەکەوێتەوە بەرچاوان. دوای ئەوە، هەوڵدان بۆ ئەوەی زانیارییەکی تەواوی بەشێوەی سەرەقەڵەم هەبێت، لەسەر ئەم بابەتەی کە دەچێت گفتوگۆی تێدا دەکات. دیقەتی زانیارییەکان، ڕاستگۆیی لە زانیاریدا ، قودرەتی گەیاندنی ئەم زانیارییە و هەوڵدان بۆ ئەوەی کە ئەگەر

زانیارییەکی زۆری هەیە، هەمووی نەڕژێنێتە سەر دەموچاوی بینەر و گوێگرەکانی، چونکە ئەوکات پێیان لێکناکرێتەوە. بەڵکو ئەم بەشە لە زانیارییەکان بۆ ئەو خەڵکە بڵێتەوە کە خزمەتی مەبەستە سیاسیەکە یان گفتوگۆیەکە دەکەن، لە گەیاندنی زانیاریدا، زۆر گرینگە سیاسەتمەدار، ڕاستگۆیی بنوێنێ و لەگەڵ خۆی ڕاست بێت. ڕاستگۆیی لە دەموچاو و جۆری قسە و نەبرە و حەرەکاتی سیاسەتمەداردا دیارن و خەڵك هەستی پیدەکات. ئەگەر بۆ جاری یەکەمە سیاسەتمەدار داخلی گفتوگۆیەك دەبێت یان ختابێك دەدات و تووشی لەنگی وتەنگە نەفسی و تەتەڵەی زمان و تیکچوونی باری دەروونی بوو، بەومانایە نییە کە جارێکی تر ناتوانێ باشتر بێت. هەموو ئەو کەسانەی کە خیتابی باش دەدەن، لە گفتوگۆکاندا بەسەرکەوتوویی کۆتاییان پێدێت، سەرەتاکانیان بریتیی بووە لە کۆمەڵێك ساتمە و دڵساردی و ژمارەیەکی زۆر تێکشکان . لە ڕاستیدا ئینسانی تێکۆشەری دەوڵەتمەداری سیاسەتمەدار، پێویستی بە کۆششێکی زۆر هەیە تا ڕادێت و لەڕووی نەفسیەوە خارا دەبێت، تا لە ڕووی نەفسیەوە لووس دەبێت، تا لە رووی نەفسیەوە ڕادێت کە ئەمانەی لە بەرانبەری دانیشتوون، ئەوانیش ئینسانن، وەکو ئەون، پێویستیان بە مەعلوماتەکەی ئەوە، بە گرنگییەوە گوێی بۆ دەگرن. ئەگەر بە گرنگییەوە قسەیان بۆ نەکات، ئیهمالی دەکەن و گوێی بۆ ناگرن. لەکاتی گفتوگۆکردندا، زۆر گرنگە سیاسەتمەدار سیمای خۆی رێکخات، واتە هەر لە شانەکردنی پرچەوە تا ئارایشی دەموچاو و جلوبەرگ بەشێوەیەکی سادە، وەکو خۆی، بەڵام بە کەمێك سەرنجەوە کە تەناسوقێك لە جلوبەگ و سەروڕیش یان ئەگەر ئافرەت بێت لە دەموچاو پرچدا هەبێت.ئەو رازاندنەوە راستەقینەیە، بۆیە پێویستە، تا باری دەروونیی خەراپ نیشان نەدات و روخسار و جلوبەرگ، پەیامی هەڵە بە بینەران نەدات. هەڵبەت لەم زەمانەدا هەندێك لە کۆمپانیاکان و ئەو کەسانەی بازرگانی بە پێگەیاندنی قسەکەر و سیاسەتمەدارەوە دەکەن، موبالەغەیەکی زۆر لە رازاندنەوەی جلوبەرگ و حەرەکاتی جەستە و لە تەحەکوم کردن بە نەبرەی دەنگ دەکەن، کە جاری واهەیە شەخسیەتێکی دروستکراوی سناعی لە سیاسەتمەدار دروست دەکەن، کە هیچ پەیوەندی بەو جمهورەوە نییە کە گوێی بۆ دەگرن. بەشێکی زۆر لە سیاسی و سەرکردەکانی ئێمە کە گوێ بۆ ئەو کۆمپانیا بازرگانییە دروستکەرانەی سیاسەتمەدار، دەگرن، تووشی ئەم لەنگییە بوون کە بە ڕای خۆم، پێم شتەکی ڕاست نییە. هەڵبەت ئەم قسەیەم بەو مەبەستە نییە کە تەجرەبەی فەنی خیتابە و نووسین و وتاردان و پێگەیاندنی باری سایکۆلۆجی قسەکەر، پێویستی بە تەدریب و مەعلومات پێدان و خۆتاقیکردنەوە نەبێت. بەڵێ ئەمانە هەموویان پێویستن،زانستێکی تایبەتیشە کە مەعلوماتی عام دەدات بە قسەکەر، بەڵام ئەوەی کە لەکۆتاییدا

حوكمی خۆی دەكات، توانایی قسەكەریی سیاسەتمەدار و ئاسایی بوون و راستگۆیی بوون و سادەیی بوونیەتی. ئینسانی راستگۆ بارێكی دەروونی راستی هەیە، خواروخێچ نییە، بۆیە زۆر بە ئاسانی دەتوانێ سەروسیمایەكی ئاسایی بدۆزێتەوە.

بەكارهێنانی زمانی جەستە زۆر گرینگە. زمانی جەستە بریتییە لە باری چەهرە(دەموچاو) و حەرەكاتی دەموچاو لە چاوەوە بگرە تا لێو، لە جوڵەی سەرەوە بگرە تا دەستەكان، جۆری دانیشتن و نەبرەی دەنگ، بەكارهێنانی پشوو، هەناسە، كۆمەڵێ شتی تریش، كە یارمەتی قسەكەر دەدەن، مەبەستەكانی بە حەرەكات و جموجۆڵی جەستە پەیامگەیەنەرتر و شیرینتر بن. لەم بوارەشدا كۆمپانیاكانی پێگەیاندنی زمانی جەستە، جاری واهەیە، وەك ریكلام، مامەڵە لەگەڵ سیاسەتمەدار دەكەن و سەرەنجام ئەوەندەی حەرەكە پێدەكەن كە لەبەردەمی خەڵك ناشیرین دوەستێت.

بابەتێكی تر هەیە، پێیدەگوترێ سایكۆلۆژیای نووسین. سایكۆلۆژیی نووسین، بە گشتی ئەو ئیستعدادە نەفسیەیە، كە سیاسەتمەدار هەست دەكات، دەتوانێت مەوزوعێك بە نووسین بگەیەنێ. ئەم هەستكردنە بۆ خۆی زۆر گرنگە، چونكە هەركەسێك لەخۆیدا دەزانێت تواناییەكانی چەندە. ئەگەر سایكۆلۆژیای نووسین هەبێت، ئینجا پەنابردن بۆ باشكردنی زمان و تاقیكردنەوەی نووسین دێت. سەرەنجام سیاسەتمەدار دەبێتە سیاسەتمەدارێكی نووسەر. سیاسەتمەداری نووسەر، ئیمتیازێكی زۆر گەورەیە كە راستەوخۆ، وەک نووسەر دەتوانێ بەشداربێ لە گەیاندنی پەیام، هەروەها سەركردایەتی ئەو كەسانەش بكات كە هەوڵی گەیاندنی پەیام لەنێو راگەیاندن دەدەن.

قسەكردن و دەركەوتن لە تەلەفزیۆن یان لە میتینگەكان و نەدوەكاندا، دیسان سایكۆلۆژیای تایبەتی خۆی هەیە، كە بەشێكی هەر ئەم سایكۆلۆژیای نووسینەیە، بەڵام لەوێ ئەم نووسینە بەقسە دووبارە دەبێتەوە. لە كۆڕ یان دیالۆگی تەلەفزیۆنیدا، سیاسەتمەدار دەكەوێتە گفتوگۆكردن و پێدانی زانیاری، بەو خەڵكەی كە لەبەرانبەری دانیشتوون یان لە تەلەفزیۆن دەیبینن. دەبێ ئەو بزانێ لە بەرانبەر خەڵكێك دانیشتووە، بە سایكۆلۆژیایەكی دیاریكراو بۆ وەرگرتنی زانیاری هاتوون. بەشێك لە سایكۆلۆژیای ئەوانەی گوێدەگرن ئەوەیە: ئەم كەسەی قسە دەكات چەند راستگۆیە؟ چەند مەعلوماتی پێیە؟ چەند شەخسیەتێكی هاوسەنگی هەیە؟ چەند متمانەی پیدەكرێت و مێژووی چییە؟ هەموو ئەوانە و كۆمەڵێك بابەتی دیكەش، لە كاتی قسەكردنیاندا و لەكاتی ئاسایی بوون یان نائاسایی بوونیاندا، گوێگران یان بینەران هەستییێدەكەن.

ئەو سیاسەتمەدارەی دەیەوێ دەركەوێ لە تەلەفزیۆن یان لە كۆڕێك قسەبكات، پێشی ئەوە ئاوڕێك

لەخۆی بداتەوە، بزانێ توانایی هەیە قسەبکات یان نا. جاریوا هەیە ئینسانی راستگۆ توانایی قسەکردنی کەمە، لە جەمعێکی بچووکدا قسەی بۆ دێت، لە کۆبونەوەیەکدا دەتوانێ قسەبکات، بەڵام کە بووە زۆر، لە رووی نەفسیەوە ئیستعدادی کەمدەبێتەوە. پێویستە تا ئەو کاتەی ئیستعداد پەیدا دەکات، لە رادیۆ و تەلەفزیۆن دەرنەچێت. دەبێ لەبیرمان بێت هەموو سیاسەتمەدارێك، ناتوانێ ببێتە نووسەر، هەموو سیاسەتمەدارێکیش ناتوانێ ببێتە خەتیب یان وتاردەر. ئەم قسەیەم بەومانایە نییە کە رێگە لە سیاسەتمەدار بگرم خۆی تاقی نەکاتەوە. بەڵام کە هەستیان کرد ئەو تواناییەیان نییە، بە سدقەوە هەوڵ بدەن، رۆژنامەنووسی باش و نووسەری باش و خەتیبی باش، لەکاری سیاسی، لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە و لەگەڵیان راستگۆبن. بۆ ئەوەی لەرێی ئەوانەوە پەیامەکەیان بگەیەنن.

زۆر پێویستە نووسەری سیاسی، رێزی خوێنەری خۆی بگرێت. پێیوانەبێت ئەوەی کە دەینووسێ ئیتر لەکۆڵ خۆی دەکاتەوە و خوێنەر کە بینی بۆی شێت دەبێت و باوەڕی پێدەکات. نا، خوێنەر تەماشای باری دەروونی نووسەر دەکات، لە ڕێی ئەو وشانەی لەناو رستەکاندا بەکاری هێناون، هەموو وشە و رستەکان بە یەکەوە رەبت دەکات و سەرەنجام هەموو ختابەکەی بەیەکە وەکو فەرشێک تەماشا دەکات. هەر نەقشێک گرێ یان پسانی تێدابێت، هەستی پێدەکات. بۆیە گرنگە نووسەر، بە زانیاری باش، بە زمانی موختەسەر و بە هەدەفی دیاریکراو، رێزی خوێنەری خۆی بگرێ. کاتێک خەڵکێك سیاسەتمەدار دەبینێت، هەموو کەسایەتییەکەی هەڵدەسەنگێنێت، هەر لە رۆیشتنی تا دانیشتنی تا جۆری مامەڵەکردنی لەگەڵ بەرابەرەکەی، جا ئەو کەسە رۆژنامەنووس یان موخالیفێکی خۆی بێت، یان ژمارەیەك خەڵك بن. رێزگرتنی رەئی موخالف یان دوژمن، یەکێك لە شێوەکانی رێزگرتنە لە خوێنەر و بینەر. ئەو کەسانەی پێیانوایە؛ دەبێ لە کاتی قسەکردندا هێرش بکەنە سەر لایەنی بەرانبەر و وێرانی بکەن، تەفروتونای بکەن، ئەوانە کەسانی سەرکەوتوو نین. ئەم رۆژگارە بۆ گفتوگۆیە، زەمانی گفتوگۆ بەومانایەی کە حەقیقەت تەنیا لای سیاسەتمەدارێك نییە. حەقیقەت بە تەنێ لای حزبێك نییە. بۆیە دەڵێن، لە دیموکراسیدا دەبێ پۆلۆرالیزم هەبێت، واتە فرەیی لە حزب و لە بیروڕادا هەبێت. بەومانایەیە کە حەقیقەت لای هەمووانە، بەڵام گرنگ ئەوەیە زۆرینەی حەقیقەت لای کام سیاسی کۆدەبێتەوە. بە زۆربەیی لە حەقیقەت تێگەیشتن، ئەم سەرکردە یان ئەو حزبە، زۆربەی خەڵك متمانەی پێدەکەن، دەتوانێ سەرکردایەتی وڵات بکات. ئەو حاڵەتە، واناگەێنێ، ئەوانی دیکەی موخالیف و لەو جیاوازن، هیچ شتێکیان راست نییە. لە گفتوگۆکردندا، گرنگە رێزی تەرەفی موقابل بگیردرێ تا هەستبکات

ئەویش بەشێك لە حەقیقەتی لایە، بەڵام من دەمەوێ ئەو بەشە لە حەقیقەت بڵێم کە لای منە. دەبێ وەستاییەکی باش لە گەیاندنی ئەو راستیە بەکاربێنی. راستگۆیی و دیقەتی مەعلومات و سەلاسەتی بەیان، هەموویان یارمەتیدەری سیاسەتمەدارن تا ئەو بەشە راستیەی لای ئەوە، بە فراوانی بگاتە خەڵك. ئەو بە فراوان گەیشتنەیە، دەنگێکی فراوان وەردەگرێ. دەنگی فراوان متمانەی فراوانە، متمانە یەعنی سەرکەوتن و بردنەوە.

هەڵبەت، ئەو سیاسەتمەدارەی دەیباتەوە، بەومانایە نییە کە بە موتڵەقی ئەو راستە، بەڵکو دەبێ باوەڕی هەبێت،بە رێژەیەک ئەو راستە. ئەو لە ماوەی سەرکەوتنەکەیدا، بۆ جێبەجێ کردنی ئەو بەشە لە نیسبەتی راستگۆیی خۆی، کاردەکات کە بە سدقەوە بە خەڵکی گوتووە.

دەبێ نووسین و قسەکردن دەستنیشان بکرێ، ئاخۆ دەکەوێتە بواری فکری؟ یان راپۆرتە لەسەر رووداوێکی دیاری کراو، یان باسێکی سیاسی موعەیەنە لەسەر قۆناغێکی دیاریکراو، یان لەوانەیە باسێکی کۆمەڵایەتی بێت، خۆ لەوانەیە باسێکی ئیداری یان قانونی یان پەروەردەیی یان تەندروستی یان بوارەکانی دیکەی ژیان بێت. گرنگە نووسەر یان قسەکەر، لە کۆڕ و تەلەفزیۆندا دیاریکراوە، لێیدەرنەچێت. موختەسەری لە نووسین و قسەکردندا زۆر گرنگە. زۆر گرینگە نووسینی فکری چەندی بکرێ کورت بکرێتەوە، چونکە ئەم زەمانە نووسین یەکجار زۆرە، زانیاری بە فراوانی دەگات و خەڵك وەختی نییە تا هەموو کاتی خۆی تەرخان بکات بۆ ئەوەی گوێ لەیەك سیاسەتمەدار بگرێ، یان گوێ لە فکری یەك بیرمەندی سیاسی بگرێ. هەروەها راپۆرت دەبێ کورت و موختەسەر و دەوڵەمەندبێت، چونکە دنیا پڕە لە راپۆرت لە بواری جیاجیا. لەوانەیە راپۆرتی لێکتر جیاواز لەسەر رووداوێکی دیاریکراو هەبن، کامیان راستگۆتر و موختەسەرتر و گەیەنەرتر بێت، خەڵك گوێ بۆ ئەو دەگرێت.

سیاسەتمەدار، لە رێی راگەیاندنەوە ، دەتوانێ بەری تەنگاوکردنی دەروونی بگرێ.واتە ئەو هێرشانەی لەرووی دەرونیەوە بۆی دەکرێن، یان لە دانیشتنێکدا موخالیفەکانی دەرحەقی دەکەن، (ئەگەر شارەزاییەکی باشی لە راگەیاندن هەبێت) دەتوانێ خۆی لەبەر بگرێ و لە کاتی پێویستدا تەنگاوکردنی دەروونی هەڵگەرێنێتەوە و لەسەر موخالیفەکانی خۆی بەکاری بێنێ . کاتێك کە دەتوانێ لەرووی دەروونییەوە یەکێك تەنگاو بکات، دەبێت بزانێ ئەم یەکە کێیە، ئەم یەکە، کەسێکە یان ئەم یەکە حزبێکە، یان ئەم یەکە هەموو گەلە، یان ئەم یەکە کۆمپانیایەکە یان لەوانەیە توێژێکی دیاریکراوی ناو کۆمەڵ بێت. بۆیە دەبێ جوغزی تەنگاوکردنەکە دیارییبکرێت. دەبێ ئامانجی

تەنگاوکردنەکە دیاری بکرێت، بۆچی تەنگاوی دەکات؟ بۆ ئەوەی کە رایکێشێتە سەر هەدەفێکی دیاریکراوی خۆت.

لە تەنگاوکردنی دەروونیدا، پێویستە زانیاری راست بەکاربێندرێت. ئەمە پێیدەگوترێ فشاری دەروونی. لەمڕۆدا پێیدەگوترێ شەڕی راگەیاندن. لە راستیدا شەڕ نییە، بەڵکو گفتوگۆیەکی توندە. لە راستیدا ئەوە شێوازێکە وەک قەڵغانێك بەکاردێت تا پەلاماری موخالیفەکان بگرێتەوە. لە راستیدا دەبێت سیاسەتمەداری راستگۆ، ئەم قەڵغانە هێندە لە موخالیفەکانی خۆی نزیك بکاتەوە کە ئیتر بە غەیری راستگۆیی نەتوانن هیچی تر بڵێن. من پێموایە نابێت راگەیاندن وەك تیر بەکاربێت. راگەیاندن دەبێ وەك قەڵغان بەکاربێت. زانیاری و شێوازی بەڵگە هێنانەوە و دۆزینەوەی نوقتەی مەنتقی، لە قسەی خۆی و تەرەفی موقابیلدا، زۆر پێویستە. لەوانەیە تەرەفی موقابیل، زۆر بە مەنتق قسە بکات کەچی دیفاع لە مەبەستێکی ناحەق بکات، لەوانەیە مەسەلەیەکی حەق لەکاتی گفتوگۆدا، لە لایەنی وقابیل، ناچارت بکات ئیعترافی پێ بکەی و رای کێشی بۆ ناو مەوزوعەکەی خۆت. ئەم مەوزوعە حەقە وەردەگریت و دەیکەیتە تەواوکاری باسە حەقەکەی خۆت.

لە دیالۆگدا، دەکرێ باس لە تەرەفی موقابیل رایکێشیتە لای خۆت. کاتێک قسە لە موقابیل لێوەردەگریەوە، مانای ئەوەیە لە سایکۆلۆجیای هجوم بەتاڵی دەکەیەوە و لە شوێنی خۆی دایدەسەکێنی.ئەو حاڵەتە، دەبێتە جۆریك لە داڕمان و داشکان و داسەکنانی تەرەفی موقابیل، کە بە دڵنیاییەوە بارێکی دەروونی باشی پێنامێنێت. ئەوکاتەی کە باری دەروونی موقابیل باش نیە، دەبێ هجوم بوەست

جەنگی دەروونی کە دایمەن حیزبی گەورە یان دەوڵەتان بەکاری دێن، مێژوویەکی دوورودرێژی لە تێکشکاندنی کەسایەتییەکان و تێکشکاندنی کۆمەڵگاکان و توندوتیژتر کردنی رەفتار و دوورکەوتنەوە لە تەساموح هەیە. جەنگە دەروونیەکان، هەمیشە لە مێژوودا سەرەتا بوون بۆ شەڕی زۆر قورس. شەڕ پیشێلکردنی مافی دەوڵەتان یان میللەتانی نزیك یەکتر و بەلاوەنانی ئەخلاقی ئینسانی و هەمبەستەیی و تەزامونی مرۆڤایەتییە. ئەو کەسەی دیفاع لە خۆی دەکات، دەبێ ئینسانیانە رەفتار بکات. هەرکاتێک دیفاع لەخۆکردن بووە پەلامارادنی تۆڵەسەنانە، رەفتار دەبێتە پەلامارێکی دڕندانە دەدات.

جەنگی دەروونی، کاتێك راگەیاندنی بکەوێتە بەردەست، بەقەدەر جەنگی گەرم، کاریگەری لەسەر تەرەفی موقابیل دەبێت. جا موقابیل دوژمن یان موخالیف بێت، لەگەڵ ئەودا، خەڵکێکی فراوان

دەخاتە ژێر کاریگەری خۆی نەرێنی خۆی. ئەگەر ڕاگەیاندن بە مەرامی ڕووخاندنی دەروونی، زۆر بەتوندی بەکاربێت، ئەو دەرهاویشتەکانی؛ هەر لە ترساندنی خەڵك و تێکدانی باری دەروونی و تێکدانی تەنزیمی شەخسی و زۆرکردنی نیسبەی کەسانی لێشێواو، کە کار ناکەن یان کارەکەیان لەدەست خەراپ دەبێت، نەخۆشیەکانی دەروونی و خشونەت و بێمتمانەی کۆمەڵایەتی زیاد دەکات. سەرەنجام ئەگەر بەردەوام بێت، هەڕەشەی لێکترازانی شیرازەی ژیان دەکات. ئەو لایەنەی ڕاگەیاندن بەکاردێنێ بۆ تێکدانی تەرەفی موقابیل، لەوانە ئامانجێکی سیاسی یان ئابووری هەبێت، کەچی زیانی مرۆڤایەتی لەو سەرچاوەیە دەدات کە خۆی بۆ وەدەستهێنانی متمانەکەی، لە هەوڵدایە، ئەویش کۆمەڵگایە.

لە کۆتاییدا، پێموایە سەرکردەی سیاسی، دەتوانێ گوشاری دەروونی بەکاربێنێ و لەوێدادەکرێ ڕاگەیاندن بەکاربێنێ، بەڵام دەبێ نەیگەیەنێتە ئاستی سڕینەوەی لایەنی بەرانبەر و ئەم چەکە بە ناحەق بەکارنەهێنێ ، هەروەك چۆن هەبوونی چەك لە کۆمەڵگا، بۆ هەمیشە بەکارهێنان نیە، بۆ غەیری دیفاع نەبێ، بۆ ئازاردانی ئینسان بەکارنایەت.

ئامانجی من لەم باسە ئەوەیە، تێکۆشەران و سەرکردەکانی سیاسی، گرنگی ڕاگەیاندن بزانن، ئەگەر توانایان هەبێت خۆیان ببن بە بەشێك لە ڕاگەیاندنکاران، کاتێك کە بوون بە بەشێك لە ڕاگەیاندنکاران مامەڵەیەکی باشتر لەگەڵ ڕاگەیاندن دەکەن. لەو حاڵەتەدا یارمەتی پێشخستنی ڕاگەیاندن و پێگەیاندنی دەدەن. لە هەمان کاتدا ڕێزیان بۆ ڕۆژنامەنووسان و نووسەرانی باشی وڵاتەکەیان دەبێت.لەوێدایە بە باشترین شێوە سیستەمی ڕاگەیاندن یەکانگیری سیستەمەکانی دیکەی کۆمەڵگا دەبێت و ئەو نوخبەیەی پیشەیان نووسین و گەیاندنی زانیارییە و ئیبداعی تێدا دەکەن.

بەشی دەیەم و کۆتایی

کۆبەندی گشتی

ئێمە ئێستا دەرەنجامێك بۆ محازەرەكانی پێشوو هەڵدەهێنجین، بۆ ئەوەی بزانین لەماوەی دوو مانگی ڕابردوودا كە نۆ دەرسمان لەسەر ڕاگەیاندن و ڕۆڵی ڕاگەیاندن لەناو كۆمەڵگا و سیاسەتدا پێشكەش كرد، ئێستا لە كۆتاییدا مەبەستەكانی ئەم زانیاری و تیۆریانەی كە باس كران چین و چۆن دەكرێ لە كۆتاییدا ئێمە دەرەنجامێكی لێ دەربێنین كە بزانین ئەم هەموو باسانە چۆن پەیوەندیان بەیەكەوە هەیە و چۆنیش لە ژیاندا بەكەڵكمان دێت.

ئێمە لەو زنجیرە باسەدە هەوڵمان دا سەرنجی خوێنەر بۆ لای ڕۆڵی كۆمەڵایەتییانەی ڕاگەیاندن ڕابكێشین، كە ڕاگەیاندن سیستەمێكە لە سیستەمە پێكهێنەرەكانی كۆمەڵگا. واتە لەناو ستراكتۆر یان ساختاری كۆمەڵایەتیدا شوێنی دیاریكراوی خۆی هەیە، كۆمەڵگا لە كۆمەڵێك سیستەم پێك دێت، ئەم سیستەمانە پەیوەندی تەواوكەری یەكتریان بەیەكەوە هەیە، هەریەك لە شوێنی خۆی ئەركێكی دیاریكراو جێبەجێ دەكات لق و پۆپیشی دەچێت بۆ ناو سیستەمەكانی دیكە و لەوێشدا دەوری فەرعی دەبینێ، هەروەكو چۆن سیستەمەكانی دیكەیش دێنە ناو سیستەمی ڕاگەیاندن و دەوری فەرعی دەبینن، وە ئەم دەورانە بەشێوەی جیاجیا یەكتر تەواو دەكەن. كۆمەڵگا ئەم سیستەمانە لە شوێنی دیاریكرتاوی خۆیدا بەكاردێنێ، وجودی ئەم سیستەمانە و پەیوەندییەكانیا بەیەكەوە ساختار یان (ستراكتۆری) كۆمەڵایەتی پێكدێنێ.

دەبێت بزانین هەر كۆمەڵگایەك سیستەمێكی گەورەیە كە لەناو خۆیدا كۆمەڵێ سیستەمی فەرعی هەیە، ئەم سیستەمە فەرعیانە زەرورەتی ژیان دروستی كردون، هەر یەكەیان ئەركێكی دیاریكراو دەگێڕن، وە هەر یەكەیان لە شوێنی دیاریكراوی خۆیان بایەخ و گرنگی هەیە و هەریەكەشیان بەهیچ شێوەیەك حەزف ناكرێ و لەگەڵ سیستەمێكی دیكە جێگۆركێی پێناكرێ، بەڵكو وەكو تەن یان بونێكی زیندووی هەموو ئەندامەكانی لەشی كۆمەڵگا پێویستن و هیچیان لەویتریان بێبایەختر نین.

لەنێو ئەم باسەماندا واتە لە پێناسەكردنی ڕۆڵی ڕاگەیاندن باسی ڕۆڵی سیاسییانەی ڕاگەیاندنیشمان كرد، سیاسەت یەكێكە لە سیستەمەكانی ناو كۆمەڵگا، سیستەمێكە كە ڕۆڵی بیركردنەوە لە بەڕێوەبردنی كۆمەڵگا و دیاریكردن و چالاك كردنی ڕۆڵی سیستەمەكانی دیكە دەگێڕێ، بۆ ئەوەش میكانیزم و مەعریفەی تایبەتی خۆی بەرهەمدێنێ كە پێی دەگوترێ دەوڵەت، وە

ئۆرگانەکانی پێکهێنەری دەوڵەت، لە دام و دەزگا و بزوتنەوەی سیاسی و فکری سیاسی و سەرکردەی سیاسی پێکدێن.

هەوڵماندا ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵگادا بەشێوەیەکی ئەوتۆ باس بکەین کە لە ڕووی مێژووییەوە ڕاگەیاندن و سیاسەت پێکەوە هاتونەتە وجود، بەیەکەوە کامڵ و پێگەیشتوونە، هیچیان پێش ئەویتر نەیدەتوانی دروست ببێت، هیچ بزوتنەوەیەکی سیاسیمان لە دونیادا پێشکنایە کە پێویستی بە پڕوپاگەندە و بڵاوکردنەوەی بیروڕای خۆی و تێگەیاندنی خەڵك نەبوبێت، بۆ ئەم شێوازەی گەیاندنی بیروڕاکانی دەبێت پەنا بۆ شێوەیەك لە شێوەکانی ڕاگەیاندن بەرێت. لە لایەکی ترەوە باسی پەیوەندی نێوان ڕاگەیاندن و باری سایکۆلۆژی کۆمەڵگامان کرد، باری سایکۆلۆژی، یان باری دەرونی و کۆمەڵگا بریتییە لە باری تەك تەکی دانیشتوانی وڵات، ئێنجا ئەوکات بریتی دەبێت لە باری یەك یەکی خێزانەکانی وڵات، ئینجا ئەوکات بریتی دەبێت لە باری دەرونی شارێك، ئەوجا هەموو شار و گوندەکانی وڵات، هەر یەکێك لەوانە کەمێك لەوانی دیکە جیاوازە، بەڵام هەموویان لە بارودۆخێکی تایبەتیدان، هیچ کۆمەڵگایەك بەبێ باری سایکۆژیایی خۆی وجودی نییە، وە هیچ بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی ناتوانێ دروست ببێ و پەرەبستێنێ ئەگەر لەناو باری سایکۆلۆژی وڵاتەکەی خۆیدا نەبێت، هیچ بزوتنەوەیەکی سیاسی و فکری سیاسی و هیچ سەرکردەیەکی سیاسی ناتوانێ بە باری سایکۆلۆژی کۆمەڵگایەکی دیکە لە کۆمەڵگای خۆیدا کاربکات، یان سایکۆلۆژیا و خسوسیاتی کۆمەڵگایەکی دیکە بسەپێنێ بەسەر کۆمەڵگاکەی خۆیدا. ئێمە لەم باسەماندا ویستمان نیشانی بدەی کە کۆمەڵگا و سیاسەت و سایکۆلۆژیا پەیوەندی ئۆرگانیك، واتە یەکتر تەواوکەریان بەیەکەوە هەیە، ئەمەش دەمانگەیەنێتە نەتیجەیەك کە ئێمە دەبێت هەرسێ بوارەکەی ئەم بەشە بە باشی تێبگەین، واتە کۆمەڵگا، سیاسەت و سایکۆلۆژیا، دوایی ڕۆڵی ڕاگەیاندن لەنێو هەریەك لەمانەدا هەست پێدەکەین و تێدەگەین چۆن ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی باش و پێویست و ئیجابی لە ژیانی کۆمەڵگا بەکاربێنین. لێرەوە تێدەگەین کە ڕاگەیاندن بریتی نییە لە تەنیا یەك دەزگا جا ئەم دەزگایە بریتییە لە ڕۆژنامە یان ڕادیۆ یان تەلەفزیۆن یان شێوەیەکی تری ڕاگەیاندنی ئەم سەردەمە. ڕاگەیاندن سیستەمە، ئەم سیستەمە بیروڕاو ئەرکی تایبەتی خۆی هەیە، دامودەزگای تایبەتی خۆی و تەکنۆلۆژیای تایبەتی خۆشی هەیە، هەروەها فکری تایبەت بەخۆشی هەیە کە پێیدەگوترێ زانستی ڕاگەیاندن لەناو کۆمەڵگا بە هەموو بەشەکانییەوە.

له بەشێکی دیکەی ئەم زنجیرە باسەماندا کورتەیەك لە مێژووی ڕاگەیاندنی جیهانمان باسکرد، پاشان کورتەیەکیش لە ڕاگەیاندنی کوردستانمان باسکرد، هەردوو شێوەی باسەکەمان واتە باسی مێژووی ڕاگەیاندنی جیهان و مێژووی دروست بوونی ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگای کوردستان بە تێکەڵبوون لەگەڵ گۆڕانکاری کۆمەڵایەتیدا باس کرد، واتە شتێکمان نەهێنا کە دووربێت لە گۆڕانی کۆمەڵگا، ئەوە گۆڕانی کۆمەڵایەتییە کە زانست و تەکنۆلۆژیای بەرهەم هێنا، وە ئەم زانست و تەکنۆلۆژیایە لە بواری گەیاندن و پێکەوە بەستنی پێکهاتەکانی کۆمەڵگادا سیستەمێکی خوڵقاند کە پێیدەگوترێ سیستەمی ڕاگەیاندن. زۆر گرینگە ئێمە کەمێك بە دیقەت کورتەیەك لە ڕاگەیاندنی جیهان بزانین، لەم نامیلکەیەدا ئیشارەتێکی خێرامان پێی کردووە، بەڵام گومانی تێدا نییە کە پێویستە هەر کەسە و بە تەنێ بگەڕێتەوە سەر خوێندنەوەی مێژووی ڕاگەیاندنی جیهان، وە لە جیهانیشدا ئەم وڵاتانەی کە دەوری کاریگەریان لە پێشخستنی گەیاندنی مەعلوماتدا هەبووە و مێژووی ڕاگەیاندنی ئەم وڵاتانەش بخوێندرێتەوە.

لێرەدا ئێمە باسمانکرد کە بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردستان بە ڕاگەیاندن دەستی پێکرد، یەکەمین ڕۆژنامە کە ڕۆژنامەی کوردستانە ساڵی 1898 لە لایەن تێکۆشەرێکی ڕۆشنبیری سیاسی بە ناوی مقداد بەدرخان دەرچوو کە سەرەتاکانی فکری نەتەوەیی باس دەکات، ئەوە گرنگیی ڕاگەیاندن لە ژیانی نەتەوەیەك نیشان دەدات، لە وڵاتی ئێمەدا تایبەتمەندییەکە وابووە کە ڕاگەیاندنی ناسیۆنالیستی پێش بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی دروست بوو، ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە ڕاگەیاندن لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی ئێمە و لە پێگەیاندنی حکومەتی ئێستا چ ئەهەمیەتێکی هەیە.

له بەشێکی دیکەی ئەم زنجیرە باسەدا هاتینە سەر پێکهاتەی ڕاگەیاندن، واتە ڕاگەیاندن وەکو سیستەم لە چەند بەش پێك دێت؟ هەر بەشە و تایبەتمەندییەکانی چین؟ چ جۆرە تەکنۆلۆژیایەکی بۆ بەکاردەهێندرێ؟ چ جۆرە ڕاگەیاندنکار و ڕۆژنامەنووس و نووسەرێکی پێدەگەیاند؟ وە کاریگەری ئەم نووسەر و ڕۆژنامەنووس و ڕاگەیاندنکارانە چی بوو؟.

پێکهاتەی ڕاگەیاندن بەپێی خسوسیاتی هەر وڵاتێك دروست دەبێت، ڕادەی پێشکەوتنی ئابوری و تەکنۆلۆژی هەر وڵاتێك کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر پێکهاتەی ڕاگەیاندنی ئەم وڵاتە، پێکهاتەی ڕاگەیاندن کە دەزگاکانیەتی کارخانە و فاکتۆریایەکی بەهێزن بۆ پێگەیاندنی نووسەر و

داهێنەر و خەڵکانی ڕاگەیاندنکار، واتە نوخبەی ڕۆشنبیر بەشێکی زۆریان لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە پێدەگەن، ئەوە بەبێ ئەوەی کە ڕۆڵی خوێندنی ئەکادیمیمان لەبەرچاو نەگرتبێ.

هەر لە درێژبوونەوەی ئەم باسەدا باسی مێژوو و ڕۆڵی پەیدابوونی ڕۆژنامەمان کرد و دوایە هاتینە سەر ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ئینتەرنێت، لەم زەمانەدا باسی هەمویانمان کرد و باسی ئەوەشمان کرد کە گروپی ڕاگەیاندن هەن کە هەموو بوارەکانی ڕاگەیاندن لە ڕۆژنامەوە تا ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ئینتەرنێت لەخۆیاندا کۆدەکەنەوە و هەوڵ دەدەن وەکو گروپێکی خاوەن یەك پەیام کاریگەریەکی یەکجار زۆریان لەسەر کۆمەڵگا هەبێت، ئەم گروپانەی ڕاگەیاندن، ئەم کۆمەڵگایانەی ڕاگەیاندن جاری وا هەیە نەك هەر لەسەر وڵاتێك بەڵکو لەسەر بەشێکی زۆر لە دونیا تەئسیر دادەنێن، بۆ نمونە وەکو گروپی ڕاگەیاندنی (سی ئێن ئێن) گروپی ڕاگەیاندنی (بی بی سی) گروپی ڕاگەیاندنی فەرەنسی و ئەڵمانی و روسی، ئەمانە دەوری کاریگەریان هەیە لەسەر هەموو دونیا، یان ڕاگەیاندنی عەرەبی کاریگەریەکی زۆری لەسەر ڕۆژهەڵات هەیە، هەر بەم شێوەیە دەتوانین باس لە دەوری ڕاگەیاندن لەنێو بازنە کولتووریەکانی دەوروبەری خۆمان و جیهان بکەین.

لە باسەکی دیکەماندا هاتینە سەر ڕۆڵی ماسمیدیا، ماسمیدیا واتە ڕاگەیاندنێك کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ دانیشتوانی وڵات هەیە، زۆر فراوان دەبێت و دەوری نوخبەیی و دەستەبژێریەتی ڕاگەیاندنکاران دەبەزێنێت، هەڵبەت لە ماسمیدیادا نوخبەی ڕاگەیاندنکار و ڕۆشنبیر لە شوێنی خۆیان دەمێنن و کاریگەریان دەمێنێ، بەڵام ڕاگەیاندن لە ڕوویەکی دیکەوە تەکنۆلۆژیا و پێشکەوتنی ڕاگەیاندن هەندە ئاسان دەبێت، وە هەندە هەموگیر و فراوان دەبێت کە ڕاگەیاندن لەگەڵ تەك تەکی دانیشتوانی وڵات تێکەڵ دەکات، بەوپێیە مەزاجێکی نوێ کولتوورێکی سەریعی نوێ و شێوازی دیکەی بەیکترناساندنی خەڵك لە ماسمیدیادا دروست دەبێت، کە مەزاجی ناو خەڵك واتە ناو شار و جادەکان و گروپەکان زۆر بە ئاسانی لە ڕاگەیاندن لە شێوەی ماسمیدیایی ڕەنگ دەداتەوە و جارێکی تر دەگەڕێتەوە ناو خودی کۆمەڵگا، ئەمە باشی و خراپی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام لەڕووی پێگەیشتنی کۆمەڵگاوە قۆناغێکە بەرەوپێشەوە.

باسمان لە ڕۆڵی ڕیکلام کرد، نیشانمان دا کە ڕیکلام چۆن شێوازی ژیان و کڕین و مۆدێل بە دانیشتوان دەناسێنێ و لەسەریان دەبێ بە مۆتەکە و پاڵیان پێوە دەنێ کە چی بکڕن و چی

نەکرێن. ڕێکلام و ماسمیدیا کۆمەڵگا بەرە و مەسرەف و مەسرەفی زیاتر دەبات، مۆدیلی نوێ، شێوەی ژیانی نوێ و شێوەی پەیوەندی نوێ بە ڕوانگای نوێ دەسەپێنێ، باسمانکرد کە ماسمیدیا و ڕیکلام چۆن فەرهەنگی گشتی یان پەبڵی کەڵچەر دروست دەکات، فەرهەنگی گشتی ئەو فەرهەنگەیە کە زۆر بەخێرایی ڕەگەزی لێ پەیدا دەبن و هەندێ شت بەجێ دێڵێ، یانی فەرهەنگێکی خێرالەگۆڕە زوو زوو دەگۆڕدرێت. فەرهەنگی گشتی بەهەمان شێوەی مەزاجی شەعبیانە و مەزاجی وڵاتی ئاپۆرا سادەیە، فەرهەنگێکە لەسەرەوەیە دەوری بلْق دەبینێ لەسەر دەریا، پەیوەندیەکی زۆر زەعیفی بە عومقی دەریاکە واتە بە عومقی کۆمەڵگاکەوە هەیە، لە هەمانکاتدا فەرهەنگی گشتی دەوری فشارهێنەر دەبینێ لەسەر کۆمەڵگا کە دەبێت خۆی بگۆڕێ، لەگەڵ گۆڕانی سەریعی خۆی هەندێك ڕەگەز و کاریگەری بەجێدێڵێ کە دەکەونە ناو فەرهەنگی هێمن و لەسەرخۆگۆڕی ناو کۆمەڵگا.

باسیشمان لە ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە پێشخستن یان خراپکردنی زماندا کرد، وە باسێکمان لەوە کرد کە ڕاگەیاندن پێویستی بە زمانێکی زیندووی فراوانی پڕمانا هەیە، بۆیە پەرەسەندنی ڕاگەیاندن فشار بۆ زمانی کۆمەڵگاکە دێنێ کە بە خێرایی ئەم زمانە خۆی ببوژێنێتەوە و پێشبکەوێت، لە هەمان کاتدا ڕاگەیاندن زمانە زیندووەکانی دونیا دێنێتە ناو ئەو کۆمەڵگایەی کە ئێمە تێیدا دەژین و خەڵکی فێردەکات، زەرورەتی ژیانی ڕۆژانە و پەیوەندی ڕاستەوخۆی ڕاگەیاندن لەگەڵ خەڵك وادەکات کە زمانە زیندووەکانی دونیاش فێربین، وەك چۆن دەبینن ئێستا زمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکی و ئینگلیزی زمانی بەکاربەری ناو کۆمەڵگای ئێمەنە، وە ئەو زمانانە وایان کردووە کە زمانی کوردی فشاری بۆ بێت، وە لە ژێر فشاردا خۆی نوێ بکاتەوە و خۆی ببوژێنێتەوە و لەناو ستراکتۆری خۆیدا زمانی کوردی پەلەبکات بۆئەوەی کە چەمك و ماناکانی دەوڵەمەند بکات.

لە بەشێکی تری ئەم باسەماندا، باسمان لە پەیوەندی نێوان سیاسەت وەکو بزوتنەوە و فکر، دەوڵەت وەکو سیستەمی بەڕێوەبردنی وڵات، ڕاگەیاندن وەکو پەیوەندی لە نێوان خەڵك و لە بەینی سیاسەتی دەوڵەتدا کرد. باسمان لەوە کرد کە دەوڵەتێك لە دونیا ناتوانێ وجودی هەبێت کە پشتی بە ڕاگەیاندنەکی بەهێز نەبەستێ، شتێك بەناوی بزوتنەوەی سیاسی دروست نابێت ئەگەر بەشێك لەو بزوتنەوەیە ڕاگەیاندن نەبێت، کەواتە لەسەردەمی مۆدێرندا سیاسەت پەرەناستێنێ بێ

ڕاگەیاندن، دەوڵەت دروست نابێت بەبێ ڕاگەیاندن، سیاسەت ناگۆڕێ بەبێ ڕاگەیاندن، دەوڵەت گۆڕانکاری گەورەی تێدا ڕوونادات و پەیوەندی لەگەڵ خەڵك پێ دروست نابێت تەنیا لەڕێی ڕاگەیاندنەوە نەبێت. ئەمە ڕۆڵی گرنگی ڕاگەیاندن لە ژیانی سیاسی و ئیداری وڵات دەردەخات.

لە بەشێکی دیکەدا باسمان لە ڕۆڵی خەراپکارانەی ڕاگەیاندن کرد، ڕاگەیاندن تەنیا بریتی نییە لە لایەنی ئیجابی و باش، سیاسەتی خەراپ فکری پاشکەوتوخوازی، نوێنەبونەوەی فکری کۆمەڵایەتی و سیاسی لە وڵاتدا، شێوازی پاشکەوتوانەی کاری ڕاگەیاندن و ئەو چەمکانەی کەوا بەکاری دێنێت جیا لە بواری ئیجابیانەی خۆی لە بەشێکی تری کۆمەڵگادا خەڵك لەسەر ڕۆتینیەت، لەسەر ملکەچی، لەسەر سادەبیرکردنەوە، لەسەر ترس و دڵەڕاوکێ و سترێس ڕادێنێ، لە هەمانکاتدا ڕاگەیاندن دەوری دەبێت لە قوڵکردنەوەی نەخۆشیە کۆمەڵایەتییەکان، ئەمەش لە لایەن ژمارەیەکی زۆر لە ئەکادیمیك و بیرمەندانی دونیا کاری لەسەر دەکرێ، کۆمەڵگا بە کۆمەڵگا نمونەی لەسەر دەهێننەوە و دەرئەنجامەکانی دەخرێنە ناو تیۆری ڕاگەیاندن تاوەکو ڕاگەیاندنکاران و ئەو وڵاتانەی کە دەزگای گەورە دروست دەکەن بە قانون و بە خوێندن ئاگایان لە ماشێنی جەباری ڕاگەیاندن بێ تا لەو سلبیات و خەراپیانەی کەم ببێتەوە و دەوری سەلبی لەسەر کۆمەڵگا بەرەو کەمتر و کەمتر بچێت.

لە بەشێکی دیکەی باسەکەماندا، باسمانی لە ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە پەروەردەی کۆمەڵایەتیدا کرد، ڕاگەیاندن ڕاستەوخۆ بیروڕاو زانیاری دەگەیەنێ، کەسەکان دەناسێنێ بزوتنەوەکان نیشان دەدات و لە بواری جیاجیای ژیانی کۆمەڵگادا ڕەنگ دەداتەوە، بەم پێیە دەوری دەبێت لە پەروەردەی کەسی و پەروەردەی گشتی لەناو کۆمەڵگادا، ئەوە جیا لەوەی کە ڕاگەیاندن کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر سیستەمی پەروەردەی وڵات هەیە، مەبەست لە سیستەمی پەروەردە ئەوەیە کە لە وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا جیلی نوێی پێ پێدەگەیەنن. هیچ سیستەمێکی پەروەردە لە باخچەی ساوایانەوە تا دەگاتە زانکۆ ناتوانێت پێش بکەوێت ئەگەر پشتی بە سیستەمی ڕاگەیاندنی هاوچەرخ نەبەستبێت.

له بەشێکی دیکەی ئەم زنجیرە باسەدا، هاتینە سەر دەوری سەرکردەکان و ڕاگەیاندن، باسمان لە پرۆسەی پێگەیاندنی سەرکردەکان کرد، وە چۆن ئەو سەرکردانە دەبێت لە گرنگی ڕاگەیاندن تێبگەن، لە سیستەمی ڕاگەیاندن بزانن و لە بواری کاری خۆیاندا دەبێت ڕوانگای ڕونیان هەبێت لە شێوەی مامەڵەکردن و بەکارهێنانی ڕاگەیاندن، خۆشیان چەندی بتوانن بەشداربن لەو پەیوەندیەی کە لە بەینی کاری خۆیان و ڕاگەیاندن دەبەسترێ، ئەمە چ وەکو کەسێك بێت یان کەسێکی سیاسی سەربەخۆ بێت، چ وەکو کەسێکی سیاسی ناو بزوتنەوەیەکی سیاسی بێت، چ وەك سەرکردەیەکی وڵات یان سەرۆکی وڵات بێت، هەریەك لە شوێنی خۆی بەپێی بارودۆخی خۆی بەپێی ئەو ئەرکەی دەیگرێ و ئەو زەرورەتانەی کەوا لەدەوروبەریەتی و ئەو ئامانجانەی کەوا هەیەتی دەبێت ڕێگەی تایبەتی خۆی بۆناو ڕاگەیاندن بدۆزێتەوە.

له بەشی کۆتاییدا باسمان لەوە کرد کە چۆن دەکرێ سیاسی یان هەرکەسێکی تری ئیداری ڕێگای خۆی بۆ ناو ڕاگەیاندن بدۆزێتەوە، چۆن دەکرێ پرۆڤە بە خۆی بکات و بکەوێتە کۆشش و مەشق بەخۆ دیتن تاوەکو یەك: لە ڕاگەیاندن تێبگات دوو: کەرەستەکانی ڕاگەیاندنی نزیك لە خۆی بناسێت، جا ئەوکات خەریك بێت بەوەی کە وەك ڕاگەیاندنکار کار بکات. ئینجا ئەگەر ئێمە تموحەکە کەمێك بەرز بکەینەوە کە چۆن سیاسەتمەدارێك دەتوانێ ببێت بە ڕاگەیاندنکار، چونکە هەرکەسێکی سیاسەتمەدار ئەگەر توانایيەکانی ڕاگەیاندن لەخۆیدا پەروەردە بکات، ئەوە ئیمتیازێکی زۆر گەورەی دەستدەکەوێ ئەویش ئەوەیە ڕاستەوخۆ لەڕێی ڕاگەیاندنەوە دەکەوێتە تەئسیرکردن لەسەر کۆمەڵگا، بۆ نمونە سیاسەتمەدارێك ئەگەر بزانێت بنوسێت، ئەوا دەزانێ چی بە کۆمەڵگا دەگەیەنێ، ئینجا سیاسەتمەدارێك ئەگەر بزانێت بنوسێت دوایی هەوڵبدات چۆن لە ڕاگەیاندندا قسە بکات ئەوا لەڕێی تەلەفزیۆن و ڕادیۆوە دەوری کاریگەری خۆی دەدۆزێتەوە لە ناو کۆمەڵگادا. بەم شێوەیە سیاسەتمەداری ڕاگەیاندنکار دەورێکی ئۆرگانیکی دەبێت، واتە دەورێکی یەکتر تەواوکەری دەبێت لە بەینی ڕاگەیاندن و سیاسەتدا بۆ کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا، ئەمەش بۆ بزوتنەوەی سیاسی زۆر پێویستە.

ئەو سەرکردانەی کەوا ڕاگەیاندن بە بڵندگۆ و گوێرایەڵ دادەنێن ئەمانە سەرکردەی سەرکەوتو نین و خزمەتی دیموکراسی ناکەن، سەرەنجام پاشەکشێ دەکەن.

ئەم فکرە سیاسیەی ڕووی لە بوژانەوە و پێشکەوتن و دیموکراسی و زیاترکردنی زانیاریە لەناو

کۆمەڵگا، دائیمەن لە مونافەسەدانە بۆ تێگەیشتن لە ڕاگەیاندن و فراوانترکردنی ڕاگەیاندن، لە هەمان کاتدا دەورێکیش بەخۆیان دەدەن لەناو سیستەمی ڕاگەیاندندا تا کارێك بکەن کە ئەم کارە بریتییە لە مونافەسەکردنی داهێنەرانەی ڕۆژنامەنووس و ڕاگەیاندنکاران، واتە سیاسەتمەدار هەوڵ دەدات خۆی بێنێتە بوارێك کە ئایا دەتوانێ داهێنەر بێت یان نا، ئەگەر توانی ئەوا وەکو داهێنەرێك مونافەسەی داهێنەرەکانی تر دەکات، ئەمەش ئیمتیازێکی گەورەیە بۆ سیاسەتمەدار و لە هەمان کاتدا بزوتنەوەی سیاسی خاوێنتر ڕادەگرێ، بوژاوەتر و گەشتری دەکات و دەیخاتە خزمەتی پێشکەوتنی دیموکراسی و پێشخستنی کۆمەڵایەتی، ئەم نەوعە سیاسەتمەدارە لە زیادکردنی زانیاری و مەعریفە بۆ کۆمەڵگا ناترسێت.

هیوادارم کۆی ئەم باسانەی کە کردمان دەرەنجامێکی ئەوتۆ بێت کە خوێنەر بزانێت ڕاگەیاندن لە مەعریفە و زانیاری گشتیی سیاسەتمەدار و بەڕێوەبردنی ئیداریدا چەندە کاریگەرە، هەنگاوێك نزیکی بکاتەوە لە پشتیوانی کردنی سیستەمی گەیاندنی مەعلوماتی ڕاست بە کۆمەڵگا، وە ڕەفتارێکی یەکتر تەواوکەری هاوچەرخ لەگەڵ ڕاگەیاندن و هاوکاری کردنی کۆمەڵگا بۆ ئەوەی بەرەوپێشەوە بچێت، لە پرۆسەی بەرەوپێش چوونی خۆیدا سیستەمێکی هێمن و زانستیانە و واقیعیانەش لە ڕاگەیاندن بۆ خۆی دروست بکات.